# ژیانی پێغەمبەر موسا

لە تەورات، سیپارەکانی دەرچوون، ئامارەکان، وتەکان

دەرچوون ١: ٥-٢٢ چەوساندنەوەی نەوەی ئیسرائیل

هەموو وەچەکانی یاقوب حەفتا بوون، بێجگە لە یوسف کە لە میسر بوو. یوسف و هەموو براکانی و هەموو ئەو نەوەیە مردن، بەڵام نەوەی ئیسرائیل بەردار بوون و زۆر زیاد بوون و زۆر و بەتواناتر بوون، خاکەکە پڕ بوو لەوان.

ئینجا لە میسر پاشایەکی نوێ هاتە سەر تەخت و یوسفی نەدەناسی. بە گەلەکەی وت: (ئەوەتا نەوەی ئیسرائیل گەلێکن لە ئێمە زۆرتر و تەتوانەترن. وەرن با دانا بین، نەوەک زۆرتریش ببن و کاتێک بکەوینە جەنگەوە، ئەوان بچنە پاڵ دوژمنەکانمان و دژمان بجەنگێن و لە خاکەکە دەربچن.) ئیتر سەرکاری بێگارییان لەسەر دانان، بۆ ئەوەی بە بارگرانییەکەیان زەلیلیان بکەن، جا شاری عەمباریان بۆ فیرعەون بنیاد نا، (پیتۆم) و ڕەعمسێس. بەڵام هەرچەندە زەلیلیان دەکردن ئەوەندە گەشەیان دەکرد و بەربڵاو دەبوون، جا لەبەر ئەوە میسرییەکان بەرامبەر بە نەوەی ئیسرائیل ترسیان لێ نیشت. ئیتر میسرییەکان بە زەبرەوە کۆیلایەتییان بە نەوەی ئیسرائیل دەکرد. ژیانیان تاڵ کردن بە خزمەتکارییەکی سەخت، بە قوڕکاری و خشت دروستکردن و هەموو کارێکی کێڵگە، هەموو کارێک کە پێیان دەکردن بە زەبرەوە بوو.

ئینجا پاشای میسر بە دوو مامانی ژنە عیبرانییەکانی وت، کە ناوی یەکێکیان (شیفرە) و ئەوی دیکەیان (پوعە) بوو، وتی: (کاتێک مامانی ژنە عیبرانییەکان دەکەن و لەسەر بەردەکان تەماشایان دەکەن، ئەگەر کوڕ بێت بیکوژن، ئەگەر کچیش بێت با بژیێت.) بەڵام مامانەکان لە خودا ترسان و ئەوەیان نەکرد کە پاشای میسر پێی وتبوون، هێشتیان کوڕەکان بژین. دواتر پاشای میسر مامانەکانی بانگکرد و پێی وتن: (بۆچی ئەمەتان کردووە؟ بۆ هێشتتان کوڕەکان بژین؟) مامانەکانیش بە فیرعەونیان وت: (چونکە ژنە عیبرانییەکان وەک ژنە میسرییەکان نین، ئەوان گورجوگۆڵن و پێش گەیشتنی مامان منداڵیان دەبێت.) خوداش لەگەڵ مامانەکان باش بوو. گەل زۆر و بە توانا بوون. ئەوە بوو کە مامانەکان لە خودا ترسان، ئەویش کردنی بە خێزان. ئینجا فیرعەون فەرمانی دا بە هەموو گەلەکەی و وتی: (هەموو کوڕێک کەوا بۆ عیبرانییەکان لە دایک بێت فڕێی بدەنە ناو نیلەوە، هەموو کچێکیش با بژیێت.)

دەرچوون ٢: ١-١٠ لەدایکبوونی موسا

پیاوێک لە بنەماڵەی لێڤی کچێکی لێڤی هێنا. ژنەکە سکی پڕ بوو و کوڕێکی بوو، کە بینی منداڵەکە جوانە، سێ مانگ شاردییەوە. بەڵام نەیتوانی لەوە زیاتر بیشارێتەوە، ئەو کاتە سەبەتەیەکی لە زەل دروستکراوی هێنا و بە قیر و زفت سواخی دا و کوڕەکەی لەناو دانا، ئینجا لە کەناری نیل لەناو قامیشەڵان‌دا داینا. خوشکی منداڵەکەش لە دوورەوە وەستا تا بزانێت چی لێدێت. کچی فیرعەونیش بۆ خۆشتن هاتە خوارەوە بۆ سەر نیل و کەنیزەکانیشی لەسەر کەناری نیل هاتوچۆیان دەکرد، جا سەبەتەکەی لەناو قامیشەڵانەکە بینی و کچە خزمەتکارەکەی نارد تا بیهێنێت. ئەویش کردییەوە و تەماشای منداڵەکەی کرد و بینی کوڕێکە و دەگری، جا بەزەیی پێدا هاتەوە و وتی: (ئەمە یەکێکە لە منداڵی عیبرانییەکان.) خوشکی منداڵەکەش بە کچی فیرعەونی وت: (بڕۆم ژنێکی شیردەرت بۆ بانگ بکەم لە عیبرانییەکان تا شیری منداڵەکەت بۆ بدات؟) کچی فیرعەونیش پێی وت: (بڕۆ.) کچە عازەبەکەش ڕۆیشت و دایکی منداڵەکەی بانگکرد. کچی فیرعەونیش پێی وت: (ئەم منداڵ ببە و شیری بدە بۆم، منیش کرێیەکەت دەدەمێ.) ژنەش منداڵەکەی برد و شیری پێ دا. کاتێک منداڵەکە گەورە بوو، بۆ کچی فیرعەونی

هێنایەوە، ئیتر بوو بە کوڕی ئەو و ناوی نا (موسا)، وتی: (چونکە لە ئاو هەڵم گرتۆتەوە.)

دەرچوون **٢: ١١-٢٥** هەڵاتنی موسا بەرەو میدیان

ئەوە بوو لەو ڕۆژانەدا، کاتێک موسا گەورە بوو، چووە دەرەوە بۆ لای براکانی و سەیری بارگرانییەکانی کرد و بینی پیاوێکی میسری لە پیاوێکی عیبرانی دەدات، کەوا لە براکانییەتی. ئەویش تەماشای ئەم لا و ئەو لای کرد و بینی کەسی لێ نییە، جا میسرییەکەی کوشت و لەناو لمدا شاردییەوە. بۆ ڕۆژی دووەم چووە دەرەوە و بینی دوو پیاوی عیبرانی شەڕ دەکەن. جا بە خەتابارەکەی وت: (بۆچی لە هاوەڵەکەت دەدەیت؟) ئەویش وتی: (کێ تۆی کردووە بە میر و دادوەر بەسەرمانەوە؟ ئایا بەتەمای کوشتنی منیشیت هەروەک میسرییەکەت کوشت؟)جا موسا ترسا و وتی: (بێگومان ئەم کارە زانراوە!) کاتێک فیرعەون گوێی لەمە بوو، هەوڵی دا موسا بکوژێت. موساش لە دەست فیرعەون ڕایکرد و لە خاکی میدیان جێگیر بوو و لای بیرێک دانیشت.

کاهینی میدیانیش حەوت کچی هەبوو، هاتن و ئاویان هەڵکێشایەوە و ئاخوڕەکانیان پڕ کرد بۆ ئاودانی مەڕەکانی باوکیان. لەو کاتەدا شوان هاتن و دەریان کردن. موساش هەڵستا و فریایان کەوت و مەڕەکانی ئاودان. کچەکانیش هاتنە لای ڕەعوئێلی باوکیان، ئەویش وتی: (بۆچی ئەمڕۆ زوو هاتنەوە؟) ئەوانیش وتیان (پیاوێکی میسری فریامان کەوت لە دەست شوانەکان، هەروەها ئاوی بۆ کێشاینەوە و مەڕەکانیشی ئاودا.) ئەویش بە کچەکانی وت: (ئەی لەکوێیە؟ بۆ پیاوەکەتان بەجێ هێشت؟ بانگی بکەن با نان بخوات.) ئینجا موسا ڕازی بوو لەگەڵ ئەو پیاوە بمێنێتەوە. ئەویش (چیپۆرە)ی کچی بە موسا دا. چیپۆرەش کوڕێکی بوو، موساش ناوی نا (گێرشۆم)، چونکە وتی: (نامۆ بووم لە خاکی بێگانە.) ئەوە بوو لەو ماوە درێژەدا، پاشای میسر مرد. نەوەی ئیسرائیلیش ئاهیان هەڵکێشا لە دەست کۆیلایەتی و هاواریان کرد بۆ یارمەتی، گریانەکەیان بەهۆی کۆیلایەتییەوە بۆ خودا بەرز بۆوە. خوداش گوێی لە ناڵەیان بوو، خودا پەیمانەکەی خۆی بەبیر هاتەوە لەگەڵ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب. جا خودا ڕووانییە نەوەی ئیسرائیل و بایەخی پێدان.

دەرچوون **٣: ١-٢٢** موسا و ئاگرێک لەناو دەوەنێکدا

موسا بوو بە شوانی مەڕەکانی (یەترۆ)ی خەزووری، کەوا کاهینی میدیان بوو. جا مەڕەکانی بردە پشت دەشتودەرەکە تا گەیشتە کێوی خودا، (حۆرێڤ). جا فریشتەی <u>خوداوەندی</u> بۆ دەرکەوت لە گڕی ئاگرێک لەناو دەوەنێکدا. کە موسا تەماشای کرد بینی وا دەوەنەکە گڕی گرتووە، کەچی دەوەنەکە ناسووتێت. موسا وتی: (لا دەدەم و تەماشای ئەو دیمەنە مەزنە دەکەم. بۆچی دەوەنەکە ناسووتێت؟) کاتێک <u>خوداوەند</u> بینی کە موسا لای دا تا تەماشا بکات، خودا لەناو دەوەنکەوە بانگی کرد و فەرمووی: (موسا. موسا.) ئەویش وتی: (ئەوەتام.) فەرمووی: (نزیکی ئێرە مەکەوە. سۆلەکانت لە پێت دابکەنە، چونکە ئەو شوێنەی تۆ لەسەری وەستاویت خاکێکی پیرۆزە.) ئینجا فەرمووی: (من خودای باوکتم، خودای ئیبراهیم و خودای ئیسحاق و خودای یاقوبم.) موساش ڕووی خۆی داپۆشی، چونکە دەترسا تەماشای خودا بکات.

<u>خوداوەند</u> فەرمووی: (بە ڕاستی من زەلیلی گەلی خۆم لە میسر بینی، هەروەها گوێم لە هاواریان بوو لەبەر سەرکارەکانیان، چونکە بە ئازارەکانیانم زانی. ئەوا هاتمە خوارەوە تا فریایان بکەوم لە دەست میسرییەکان و لەو خاکە بەسەریان بخەم بۆ خاکێکی باش و فراوان، بۆ خاکێک شیر و هەنگوینی لێ دەڕژێت، بۆ شوێنی کەنعانییەکان و حیسییەکان و ئەمورییەکان و پریزییەکان و حیڤییەکان و یەبوسییەکان. ئێستاش ئەوەتا هاواری نەوەی ئیسرائیل گەیشتە لام و هەروەها ئەو چاوسانەوەیەم بینی کە میسرییەکان تەنگیان پێهەڵچنیون. ئێستاش بڕۆ و دەتنێرم بۆ لای فیرعەون و گەلەکەم، نەوەی ئیسرائیل لە میسر

بهێنە دەرەوە.) موساش بە خودای وت: (من کێم تا بچمە لای فیرعەون و تا نەوەی ئیسرائیل لە میسر بهێنمە دەرەوە؟) ئەویش فەرمووی: (من لەگەڵت دەبم و ئەمەش دەبێتە نیشانە بۆت کە من تۆم ناردووە، کاتێک گەل لە میسرەوە دەردەکەیت، ئێوە لەسەر ئەم کێوە خودا دەپەرستن.)

موساش بە خودای وت: (ئەوەتا من دێمە لای نەوەی ئیسرائیل و پێیان دەڵێم "خودای باوکانتان منی بۆ ئێوە ناردووە." ئەگەر پێم بڵێن، "ناوی چییە،" بڵێم چی؟) خوداش بە موسای فەرموو: (هەم ئەوەی کەوا هەم.) هەروەها فەرمووی: (ئاوا بە نەوەی ئیسرائیل دەڵێیت، "(هەم) منی بۆ ئێوە ناردووە.") هەروەها خودا بە موسای فەرموو: (ئاوا بە نەوەی ئیسرائیل دەڵێیت، "خوداوەند، خودای باوکانتان، خودای ئیبراهیم و خودای ئیسحاق و خودای یاقوب منی بۆ ئێوە ناردووە." ئەمە ناومە تاهەتایە و ئەمەش دێتەوە یادتان نەوە دوای نەوە. (برۆ و پیرانی ئیسرائیل کۆبکەوە و پێیان بڵێ، "خوداوەند، خودای باوکانتان، خودای ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب بۆم دەرکەوت، فەرمووی، بە ڕاستی ئێوە و ئەوەی لە میسردا بەسەرتان هاتووە بەسەرم کردۆتەوە. جا بەڵێنم داوە، لە زەلیلی میسر سەرتان بخەم و بتانبەم بۆ خاکی کەنعانییەکان و حیسییەکان و ئەمورییەکان و پریزییەکان و حیڤییەکان و یەبوسییەکان، بۆ خاکێک شیر و هەنگوینی لێ دەڕژێت." (پیرانی ئیسرائیل گوێ لە قسەکانت دەگرن. ئەو کاتە تۆ و پیرانی ئیسرائیل دەچنە لای پاشای میسر و پێی دەڵێن: "خوداوەند، خودای عیبرانییەکان بەسەری کردینەوە، ئێستاش سێ ڕۆژەڕێ دەڕۆین لە دەشتودەر قوربانی بۆ خوداوەند خودامان سەردەبڕین." بەڵام دەزانم پاشای میسر ناهێڵێت برۆن، تاوەکو بە دەستێکی بەهێز ناچار نەکرێت. ئینجا من دەستم درێژ دەکەم و لە میسر دەدەم بە هەموو کارە سەرسوڕهێنەرەکانم کە لەناوی دەیکەم، دوای ئەوە دەهێڵێت برۆن. (ئەم گەلەش لەبەرچاوی میسرییەکان پەسەند دەکەم، تا کاتی ڕۆیشتن بەدەست بەتاڵی نەڕۆن. بەڵکو هەر ژنێک لە دراوسێکەی یاخود لەوەی لە ماڵەکەی‌دا دەژییێت، کەلوپەلی زیو و کەلوپەلی زێڕ و جلوبەرگ داوا دەکات و لەبەر کوڕ و کچەکانتانی دەکەن و میسرییەکان تاڵان دەکەن.)

دەرچوون ٤: ١-١٧ نیشانەن بۆ موسا

موسا وەڵامی دایەوە و وتی: (گریمان بڕوایان پێ نەکردم و گوێیان لە قسەکانم نەگرت، بەڵکو بڵێن "خوداوەندت بۆ دەرنەکەوتووە.") خوداوەندیش پێی فەرموو: (ئەوە چییە بەدەستەوە؟) ئەویش وتی: (گۆچان.) فەرمووی: (فڕێی بدە سەر زەوی.) ئەویش فڕێی‌دایە سەر زەوی و بوو بە مار. جا موسا لەبەری هەڵات. ئینجا خوداوەند بە موسای فەرموو: (دەست درێژ بکە و کلکی بگرە.) جا دەستی درێژ کرد و گرتی و بۆوە بە گۆچان لە دەستی. (بۆ ئەوەی بڕوا بکەن کە خوداوەندت بۆ دەرکەوتووە، خودای باوکانیان، خودای ئیبراهیم و خودای ئیسحاق و خودای یاقوب.) هەروەها خوداوەند پێی فەرموو: (دەستت بخەرە ناو باخەڵت.) ئەویش دەستی خستە ناو باخەڵی و دەریهێنایەوە و بینی دەستی گوول بووە وەک بەفر. ئینجا فەرمووی: (دەستت بخەرەوە ناو باخەڵت.) ئەویش دەستی خستەوە ناو باخەڵی، ئینجا لەناو باخەڵی دەریهێنایەوە، بینی وەک هەموو بەشەکانی لەشی لێهاتۆتەوە. (بەم شێوەیە ئەگەر بڕوایان پێ نەکردیت و گوێیان لە دەنگی نیشانەی یەکەم نەگرت، ئەوا گوێ لە دەنگی نیشانەی دووەم دەگرن. بەڵام ئەگەر بڕوایان بەو دوو نیشانەیەش نەکرد و گوێیان لە قسەکانت نەگرت، ئەوا تۆ هەندێک لە ئاوی نیل دەبەیت و لەسەر وشکایی دەیڕێژیت، ئیتر ئەو ئاوەی لە نیلەوە دەیبەیت، دەبێتە خوێن لەسەر وشکایی.

موسا بە خوداوەندی وت: (ئای خوداوەندم، من پیاوی قسە نیم، نە لە دوێنێ و پێرێوە و نە لەو کاتەوەی لەگەڵ خزمەتکارەکەت دوایت. بەڵکو من دەم گران و زمان گرانم.) خوداوەندیش پێی فەرموو: (کێ دەمی بۆ مرۆڤ دروستکردووە، یان کێ لاڵ یان کەڕ، بینا یان نابینای دروستکردووە، ئایا منی خوداوەند نیم؟) ئێستاش برۆ و منیش لەگەڵ دەمت دەبم و ئەوەت فێر دەکەم کە پێی دەدوێیت.) ئەویش وتی: (ببورە خوداوەندم، کەسێکی دیکە بنێرە.) تووڕەیی خوداوەند بەسەر موسادا

جۆشا و فەرمووی: (ئایا (هارون)ی لێڤی برات نییە، دەزانم ئەو قسەزانە، هەروەها ئەوەتا بۆ پێشوازیت دەرچووە، کاتێک دەتبینێت دڵخۆش دەبێت. لەگەڵی دەدوێیت و وشەکان دەخەیتە دەمییەوە، منیش لەگەڵ دەمی تۆ و دەمی ئەو دەبم و فێرتان دەکەم چی بکەن. ئەو لە جیاتی تۆ بۆ گەل دەدوێت، ئەو بۆ تۆ وەک دەم دەبێت و تۆش بۆ ئەو وەک خودا. ئەم گۆچانەش کەوا نیشانەکانی پێ دەکەیت، بە دەستتەوە دەیگریت.)

دەرچوون ٤: ١٨-٣١ موسا بۆ میسر دەگەڕێتەوە

جا موسا ڕۆیشت و گەڕایەوە لای یەترۆی خەزووری و پێی وت: (من دەڕۆم و دەگەڕێمەوە لای براکانم کە لە میسرن، تا ببینم ئایا هێشتا زیندوون.) یەترۆئیش بە موسای وت: (بڕۆ بە سەلامەتی.) خوداوەند لە میدیان بە موسای فەرمووبوو: (بڕۆ بگەڕێوە بۆ میسر، چونکە هەموو ئەوانەی بەدوای کوشتنتدا دەگەڕان مردن.) ئیتر موسا ژنەکەی و منداڵەکانی هەڵگرت و سواری گوێدرێژی کردن و بردنی و گەڕایەوە بۆ خاکی میسر. موسا گۆچانەکەی خوداشی بەدەستەوە گرت.

خوداوەند بە موسای فەرموو: (کاتێک دەگەڕێیتەوە بۆ میسر، سەرنج بدە هەموو کارە سەرسوڕهێنەرەکان کە لە دەستی تۆم داناوە و لەبەردەم فیرعەون ئەنجامیان بدە، بەڵام من دڵی ڕەق دەکەم تاوەکو نەهێڵێت گەلەکە بڕۆن. بە فیرعەون دەڵێیت، "خوداوەند ئاوا دەفەرموێت، نەوەی ئیسرائیل کوڕە نۆبەرەمە، پێم فەرمووی، بهێڵە کوڕەکەم بڕوات تا بمپەرستێت، تۆ ڕازی نەبوویت بهێڵیت بڕوات، ئەوەتا من کوڕەکەت، نۆبەرەکەت دەکوژم.")

ئەوە بوو لە ڕێگا، لەو شوێنەی بۆ شەومانەوە لێی وەستان، خوداوەند تووشی هات و ویستی بیکوژێت. چیپۆرەش بەردئەستێیەکی هەڵگرت و کوڕەکەی خەتەنە کرد و پارچە گۆشتەکەی دا لە پێیەکانی و وتی: (چونکە تۆ زاوای خوێنی بۆ من.) ئیتر خوداوەند وازی لێ هێنا، لەو کاتەش چیپۆرە وتی، (زاوای خوێن،) لەبەر خەتەنەکردنەکە.

خوداوەند بە هارونی فەرموو: (بڕۆ بۆ چۆڵەوانی بۆ پێشوازی موسا.) ئەویش ڕۆیشت و لە کێوی خودا تووشی بوو و ماچی کرد. ئیتر موسا هەموو وتەکانی خوداوەندی بە هارون ڕاگەیاند کەوا موسای ناردبوو بۆی، هەروەها هەموو ئەو نیشانانەی فەرمانی پێدابوو. ئینجا موسا و هارون ڕۆیشتن و هەموو پیرانی نەوەی ئیسرائیلیان کۆکردەوە. هارون هەموو وتەکانی خوداوەند کە بە موسای فەرمووبوو پێی وتن و لەبەرچاوی گەل نیشانەکانی کرد. ئیتر گەل باوەڕی هێنا و کاتێک گوێیان لێبوو خوداوەند نەوەی ئیسرائیلی بەسەر کردۆتەوە و تەماشای زەلیلیەکەیانی کردووە، دانەوانینەوە و کڕنۆشیان برد.

دەرچوون ٥: ١-٢١ دروستکردنی خشتی قور بەبێ کا

دواتر موسا و هارون هاتن و بە فیرعەونیان وت: (خوداوەند خودای ئیسرائیل وا دەڵێت، بهێڵە گەلەکەم بڕۆن، تا لە چۆڵەوانی جەژنم بۆ بگێڕن.) فیرعەونیش وتی: (خوداوەند کێیە تا گوێ لە قسەی بگرم و بهێڵم ئیسرائیل بڕۆن؟ خوداوەند ناناسم و هەروەها ناهێڵم نەوەی ئیسرائیل بڕۆن.) ئەوانیش وتیان: (خودای عیبرانییەکان بەسەری کردینەوە، سێ ڕۆژەڕێ لە چۆڵەوانی دەڕۆین و قوربانی بۆ خوداوەند خودامان سەردەبڕین، نەوەک تووشی دەرد یان شمشێرمان بکات.) پاشای میسریش پێی وتن: (موسا و هارون بۆچی گەل لە ئیش دەکەن؟ بڕۆن بەلای بارگرانییەکەتانەوە.) هەروەها فیرعەون وتی: (ئەوەتا ئێستا گەلی خاکەکە زۆرن و ئێوە لە بارگرانییەکەیان دەیانحەسێننەوە.) هەر لەو ڕۆژەدا فیرعەون فەرمانی دا بەوانەی بێگاری بە گەل دەکەن و بەوانەش کەوا سەرکارن و وتی: (ئیتر کا مەدەن بە گەل بۆ خشت دروستکردن، وەک دوێنێ و پێرێ، با خۆیان بچن و کا بۆ خۆیان کۆبکەنە. ئەوەندە خشتەی دوێنێ و پێرێش دروستیان دەکرد با هەر لەسەریان بێت، کەمی مەکەنەوە، چونکە ئەوانە تەمبەڵن، لەبەر ئەوەیە هاوار دەکەن، "بهێڵە با بڕۆین و قوربانی سەرببڕین بۆ خودامان." با کارەکە قورستر بێت

لەسەر خەڵکەکە، تا پێی سەرقاڵ بن و ئاوڕ لە قسەی درۆ نەدەنەوە.)

ئیتر سوخرەکاران و سەرکارەکانی خەڵک چوونە دەرەوە و بە گەلیان وت: (فیرعەون ئاوا دەڵێت، "ئیتر کاتان نادەمێ، بڕۆن بۆ خۆتان لەکوێ کا پەیدا دەکەن پەیدای بکەن و هیچ لە کارەکانتانیش کەم ناکرێتەوە.") جا خەڵکەکە لە هەموو خاکی میسردا بڵاو بوونەوە بۆ پوش کۆکردنەوە لە جیاتی کا. سوخرەکارەکانیش پەلەیان لێ دەکردن و دەیانووت: (کاری ڕۆژانەکەتان تەواو بکەن، هەر ڕۆژە بەشی خۆی، هەروەک لەپێشا کاتێک کا هەبوو.) جا سەرکارەکانی نەوەی ئیسرائیل لێیان درا، ئەوانەی سوخرەکارانی فیرعەون لەسەریان دایان نابوون، پێیان وتن: (بۆچی فەرزی خۆتان لە خشت دروستکردن تەواو نەکردووە وەک پێشتر، دوێنێ و هەروەها ئەمڕۆش؟)

سەرکارەکانی نەوەی ئیسرائیلیش هاتن هاواریان بۆ فیرعەون کرد و وتیان: (بۆچی وا لە خزمەتکارەکانت دەکەیت؟ کا نادرێتە خزمەتکارەکانت و لەگەڵ ئەوەشدا پێمان دەووترێت "خشت دروست بکەن!" ئەوەتا خزمەتکارەکانت لێیان دراوە، بەڵام هەڵەکە لەگەڵ گەلی خۆت دایە.) ئەویش وتی: (تەمبەڵن! ئێوە تەمبەڵن، لەبەر ئەوەیە دەڵێن، "دەڕۆین و قوربانی بۆ خوداوەند سەردەبڕین." [١٨] ئێستاش بڕۆن کار بکەن، کاشتان نادرێتێ و لەگەڵ ئەوەشدا خشتەی قوریش وەک جاران دەدەن.) سەرکارەکانی نەوەی ئیسرائیل بینییان تێکەوتوون، چونکە پێیان وترا، "لە خشتەکەتان کەم ناکرێتەوە، هەر ڕۆژە و بەشی خۆی." کە لەلای فیرعەون دەرچوون تووشی موسا و هارون بوون بۆیان وەستابوون. پێیان وتن: (حەواڵەی خوداوەندتان دەکەین با خۆی حوکم بدات، چونکە ئێوە ئێسک گرانتان کردین لەبەرچاوی فیرعەون و خزمەتکارەکانی، تا شمشێر بدەنە دەستیان بۆ کوشتنمان.)

دەرچوون ٥: ٢٢- ٦: ١٣ خودا بەڵێنی ڕزگارکردن دەدات

موساش گەڕایەوە لای خوداوەند و وتی: (خوداوەندم بۆ خراپەت لەگەڵ ئەم گەلە کرد؟ بۆچی منت نارد؟ لەو کاتەوەی چوومە لای فیرعەون تا بە ناوی تۆوە بدوویم، ئەو خراپەی لەگەڵ ئەم گەلە کرد، تۆش فریای گەلەکەت نەکەوتیت.)

خوداوەندیش بە موسای فەرموو: (ئێستا دەبینیت چی بە فیرعەون دەکەم، بە دەستێکی بەهێز بەڕەڵایان دەکات و بە دەستێکی بەهێز لە خاکی خۆی دەریان دەکات.)

ئینجا خودا لەگەڵ موسادا دووا و پێی فەرموو: (من خوداوەندم، بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب وەک "خودای هەرە بە توانا" دەرکەوتم، بەڵام بە ناوی خۆم کەوا "خوداوەند"ە لەلای ئەوان خۆم نەناساند. هەروەها پەیمانی خۆم لەگەڵیان بەست، کەوا خاکی کەنعانیان پێ بدەم، خاکی نامۆییان کە تێیدا نامۆ بوون. هەروەها گوێم لە ناڵەی نەوەی ئیسرائیل بوو، ئەوانەی میسرییەکان کۆیلایەتییان پێ دەکەن و پەیمانی خۆم بەبیر هاتەوە. (بۆیە بە نەوەی ئیسرائیل بڵێ، "من خوداوەندم، لە ژێر بارگرانی میسرییەکان دەرتاندەهێنم و لە کۆیلایەتی ئەوان فریاتان دەکەوم و بە بازووێکی درێژ و دادپەروەریەکی مەزن دەتانکڕمەوە. هەروەها دەتانکەم بە گەلی خۆم و دەبم بە خوداتان، ئیتر دەزانن من خوداوەندم، خودای ئێوە، ئەوەی لە ژێر بارگرانی میسرییەکان دەرتان دەهێنێت. دەشتانهێنم بۆ ئەو خاکەی سوێندم خوارد بیدەم بە ئیبراهیم و بە ئیسحاق و بە یاقوب، وەک میرات بە ئێوەی دەدەم، من خوداوەندم.") موسا بەم شێوەیە لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل قسەی کرد، بەڵام گوێیان لێ نەگرت لەبەر بێوورەیی و کۆیلایەتی توند.

ئینجا خوداوەند لەگەڵ موسادا دووا و فەرمووی: (بڕۆ ژوورەوە و بە فیرعەونی پاشای میسر بڵێ، با ڕێ بە نەوەی ئیسرائیل بدات دەربچن لە خاکەکەی.) موساش لە بەرامبەر خوداوەنددا دووا و وتی: (ئەوەتا نەوەی ئیسرائیل گوێیان لێ نەگرتم، ئیتر چۆن فیرعەون گوێم لێ دەگرێت، کەوا من زمانم بەستراوە؟) جا خوداوەند لەگەڵ موسا و هاروندا دووا و فەرمانی پێدان بۆ

نەوەی ئیسرائیل و بۆ فیرعەونی پاشای میسر، بۆ دەرکردنی نەوەی ئیسرائیل لە خاکی میسر.

دەرچوون ٦: ١٤-٢٧ نەوەکەی موسا و هارون

ئەمانەش سەرۆکەکانی ماڵە باوکانیان: نەوەی ڕەئوبێن کە نۆبەرەی ئیسرائیلە، حەنۆک و پەلو و حەسرون و کەرمی، ئەمانەش خێڵەکانی ڕەئوبێنن. نەوەی شیمۆنیش یەموئێل و یامین و ئۆهەد و یاکین چۆحەر و شائوولی کوڕی ژنێکی کەنعانیش، ئەمانەش خێڵەکانی شیمۆنن. ئەمانەش ناوەکانی نەوەی لێڤین بەگوێرەی لەدایکبوونیان: گێرشۆن و قەهات و مەراری. ساڵانی ژیانی لێڤیش سەد و سی و حەوت ساڵ بوو. کوڕانی گێرشۆن (لیبنی) و (شیمعی) بەگوێرەی خێڵەکانیان. نەوەی قەهاتیش، (عەمرام) و (یەسهار) و حەبرۆن و (عوزیئێل). ساڵانی ژیانی قەهاتیش سەد و سی و سێ ساڵ بوو. کوڕانی مەراریش، (مەحلی) و (موشی). ئەمانەش خێڵەکانی لێڤییەکانن بەگوێرەی لەدایکبوونیان. عەمرام (یۆخەڤەد)ی خوشکی باوکی بۆ خۆی خواست. ئەویش هارون و موسای بۆ بوو. ساڵانی ژیانی عەمرامیش سەد و سی و حەوت ساڵ بوو. نەوەی یەسهاریش: قۆرەح و (نەفەگ) و (زکری). نەوەی عوزیئێلیش: (میشائیل) و (ئەلسافان) و (سیتری). هارونیش (ئەلیشەڤەع)ی کچی (عەمیناداب)ی خوشکی (نەحشۆن)ی خواست، ئەویش (ناداب) و (ئەبیهو) و (ئێلیعازەر) و (ئیتامار)ی بوو. نەوەی قۆرەحیش: (ئەسسیر) و (ئەلقانە) و (ئەبیئاساف). ئەمانەش خێڵەکانی قۆرەحییەکانە. ئێلیعازەری کوڕی هارونیش یەکێکی لە کچانی (پووتیئێل) خواست، ئەویش (فینەحاس)ی بوو. ئەمانە سەرۆکەکانی باوکانی لێڤییەکانن بەگوێرەی خێڵەکانیان.

ئەمانە هارون و موسان کە خوداوەند پێی وتن، (نەوەی ئیسرائیل لە خاکی میسر دەربهێنن بەگوێرەی لەشکرەکانیان.) ئەوان بوون لەگەڵ فیرعەونی پاشای میسر دووان بۆ دەرهێنانی نەوەی ئیسرائیل لە میسر، موسا و هارون بوون.

دەرچوون ٦: ٢٨-٣٠ هارون دەبێتە قسەکەری موسا

ئەوە بوو لەو ڕۆژەی خوداوەند لەگەڵ موسادا دووا لە خاکی میسر. خوداوەند لەگەڵ موسادا دووا و فەرمووی: (من خوداوەندم، لەگەڵ فیرعەونی پاشای میسر بدووێ سەبارەت بە هەموو ئەوەی پێت دەڵێم.) موساش لەبەردەم خوداوەنددا وتی: (ئەوەتا من زمانم بەستراوە، چۆن فیرعەون گوێم لێ دەگرێت؟)

دەرچوون ٧: ١-١٣ گۆچانەکەی هارون دەبێتە مار

خوداوەند بە موسای فەرموو: (بڕوانە، تۆم کردووە بە خودای فیرعەون و هارونی برات دەبێتە پێغەمبەرت. تۆ دەدوێیت بە هەموو ئەوەی فەرمانت پێ دەکەم، هارونی براشت لەگەڵ فیرعەون دەدوێت تا ڕێگا بە نەوەی ئیسرائیل بدات دەربچن لە خاکەکەی. منیش دڵی فیرعەون ڕەق دەکەم و نیشانەکان و کارە سەرسوڕهێنەرەکانم زیاتر دەکەم لە خاکی میسردا. فیرعەونیش گوێتان لێ ناگرێت، منیش دەستم دەخەمە سەر میسر و لەشکرەکانم و گەلەکەم، نەوەی ئیسرائیل بە دادپەروەرییەکی مەزن لە خاکی میسردا دەردەهێنم. میسرییەکانیش دەزانن کە من خوداوەندم، کاتێک دەست بۆ میسر درێژ دەکەم و نەوەی ئیسرائیل لەناویاندا دەردەهێنم.) موسا و هارونیش هەروەک خوداوەند فەرمانی پێ کردبوون، ئاوایان‌کرد. موسا تەمەنی هەشتا ساڵ بوو و هارونیش هەشتا و سێ ساڵ بوو، کاتێک لەگەڵ فیرعەون قسەیان کرد.

خوداوەند لەگەڵ موسا و هاروندا دووا و فەرمووی: (کاتێک فیرعەون لەگەڵتاندا دەدوێت و دەڵێت، "کارێکی سەرسوڕهێنەر بکەن،" تۆ بە هارون دەڵێیت، "گۆچانەکەت بە دەستتەوە بگرە و فڕێی بدە پێش فیرعەون،" ئیتر دەبێتە مارێکی شاخدار.) جا موسا و هارون هاتنە لای فیرعەون و چۆن خوداوەند فەرمانی پێ کردبوون ئاوایان کرد، هارون گۆچانەکەی فڕێ دایە بەردەم

فیرعەون و خزمەتکارانی و بوو بە مارێکی شاخدار. فیرعەونیش بانگی دانایان و سیحربازانی کرد، ئیتر جادووگەرانی میسریش بە ئەفسونەکانیان هەمان شتیان کرد. هەریەکە گۆچانی خۆی فڕێدا و گۆچانەکانیان بوون بە ماری شاخدار، بەڵام گۆچانەکەی هارون گۆچانەکانی ئەوانی هەڵلوشی. جا فیرعەون دڵی ڕەق بوو و گوێی لێ نەگرتن، هەروەک خوداوەند فەرمووی.

دەرچوون ٧: ١٤-٢٥ ئاوی نیل دەگۆڕێت بۆ خوێن

دواتر خوداوەند بە موسای فەرموو: (دڵی فیرعەون ڕەقە، ڕازی نییە ڕێ بە گەلەکە بدات. بەیانی بڕۆ لای فیرعەون، ئەوەتا بۆ لای ئاوەکە دەچێت، لە کەناری نیل بۆی بوەستە و ئەو گۆچانەش کەوا بوو بە ماری شاخدار بەدەستتەوە بگرە. پێی دەڵێیت، "خوداوەند خودای عیبرانییەکان منی بۆ لای تۆ نارد و فەرمووی، ڕێ بە گەلەکەم بدە با بڕۆن و لە چۆڵەوانی بمپەرستن، بەڵام ئەوەتا تا ئێستا گوێ ناگریت. خوداوەند ئاوا دەفەرموێت، بەمە دەزانیت من خوداوەندم، ئەوەتا من بەو گۆچانەی بە دەستمەوەیە لە ئاوی نیل دەدەم و دەیگۆڕێت بۆ خوێن. ئەو ماسیانەش کەوا لەناو نیلن دەمرن و نیل بۆگەن دەبێت و میسرییەکان قێزیان دەبێتەوە لە ئاوی نیل بخۆنەوە.") ئینجا خوداوەند بە موسای فەرموو: (بە هارون بڵێ، "گۆچانەکەت بەدەستتەوە بگرە و دەستت درێژ بکە بۆ سەر ئاوی میسرییەکان، بۆ سەر جۆگەکانیان و کەندەڵانەکان و گۆماوەکان و هەموو ئاوە کۆبووەوەکانیان" تا ببنە خوێن. جا خوێن لە هەموو خاکی میسر دەبێت، تەنانەت لە سەتڵی دارین و لە گۆزەی بەردین.)

موسا و هارونیش ئاوایان کرد، وەک ئەوەی خوداوەند فەرمانی پێ کردن. گۆچانەکەی بەرزکردەوە و لە ئاوی نیلی دا، لەبەرچاوی فیرعەون و خزمەتکارەکانیدا. جا هەموو ئاوی نیل گۆڕا بوو بە خوێن. ماسییەکانی ناو نیلیش مردن و نیل بۆگەن بوو، میسرییەکانیش نەیانتوانی لە ئاوی نیل بخۆنەوە، خوێنیش هەموو خاکی میسری گرتەوە. جادووگەرە میسرییەکانیش هەمان شتیان کرد بە ئەفسونەکانیان، دڵی فیرعەونیش ڕەق بوو و گوێی لە موسا و هارون نەگرت وەک خوداوەند فەرمووی. ئینجا فیرعەون ڕووی وەرگێڕا و چووەوە بۆ ماڵەکەی و دڵی بەلای ئەمەشدا نەبرد. هەموو میسرییەکانیش دەوروبەری نیلیان هەڵدڕی بۆ ئاو تا بیخۆنەوە، چونکە نەیانتوانی لە ئاوی نیل بخۆنەوە.

حەوت ڕۆژ تەواو بوو دوای ئەوەی خوداوەند لە نیلی دا.

دەرچوون ٨: ١-١٥ نیل بە بۆق هەڵدەچێت

خوداوەند بە موسای فەرموو: (بڕۆ لای فیرعەون و پێی بڵێ، "خوداوەند ئاوا دەڵێت، ڕێ بە گەلەکەم بدە بڕۆن تا بمپەرستن. ئەگەر ڕازی نەبیت و ڕێیان نەدەیت، لە هەموو خاکەکەت دەدەم بە بۆق. نیل بە بۆق هەڵدەچێت، سەردەکەون و دێنە ناو ماڵەکەت و ژووری نووستنەکەت و سەر چوارپایەکەت، هەروەها دەچنە ماڵی خزمەتکارەکانت و سەر گەلەکەت و بۆ ناو تەنوورەکانت و تەشتە هەویرەکانت. بۆق دێتە سەر خۆت و گەلەکەت و خزمەتکارەکانت.") ئینجا خوداوەند بە موسای فەرموو: (بە هارون بڵێ، "بە گۆچانەکەت دەست درێژ بکە بۆ سەر ڕووبارەکان و جۆگەلەکان و گۆماوەکان و بۆق سەربخە بۆ سەر خاکی میسر.")

هارونیش دەستی درێژ کردە سەر ئاوی میسر و بۆق سەرکەوتن و خاکی میسریان داپۆشی. جادووگەرەکانیش هەمان شتیان کرد بە ئەفسونەکانیان، بۆقیان سەرخستە سەر خاکی میسر. فیرعەون بانگی موسا و هارونی کرد و وتی: (لە خوداوەند بپاڕێنەوە تا بۆق لە خۆم و گەلەکەم دوور بخاتەوە، منیش ڕێ بە گەلەکە دەدەم بڕۆن قوربانی بۆ خوداوەند سەرببڕن.) موساش بە فیرعەونی وت: (بفەرموو کەی بپاڕێمەوە؟ لە پێناوی خۆت و خزمەتکارەکانت و گەلەکەت، بۆ بڕانەوەی بۆق لە تۆ و لە ماڵەکانت، بەڵام بۆق لە نیلدا دەمێننەوە.) ئەویش وتی: (بەیانی.) موساش وتی: (وەک ئەوەی وتت، بۆ ئەوەی بزانیت کە

هیچ خودایەک نییە وەک خوداوەند خودامان. بۆقەکانیش لە خۆت و ماڵەکانت و خزمەتکارەکانت و گەلەکەت دوور دەکەونەوە، بەڵام لە نیلدا دەمێننەوە.) ئینجا موسا و هارون لەلای فیرعەون دەرچوون و موسا هاواری بۆ خوداوەند کرد لەبەر ئەو بۆقانەی بۆ فیرعەونی دانابوو. خوداوەندیش بە قسەی موسای کرد، بۆقەکان لە ماڵەکان و حەوشەکان و کێڵگەکاندا مردن. جا کۆمەڵ کۆمەڵ کۆیانکردنەوە و زەوییەکە گەندەڵ بوو. کاتێک فیرعەون بینی خامۆشی هاتە کایەوە، دڵی ڕەق کردەوە و گوێی لە موسا و هارون نەگرت، وەک خوداوەند فەرمووی.

دەرچوون ٨: ١٦-١٩ خۆڵی زەوی دەبێتە مێشوولە

ئینجا خوداوەند بە موسای فەرموو: (بە هارون بڵێ، "گۆچانەکەت درێژ بکە و لە خۆڵی زەوی بدە،" جا خۆڵی زەوی دەبێتە مێشوولە لە هەموو خاکی میسر.) ئیتر ئاوایان کرد، هارون بە گۆچانەکەی دەستی درێژ کرد و لە خۆڵی زەوییەکەی دا، جا مێشوولە هاتە سەر خەڵک و سەر ئاژەڵەکان، هەموو خۆڵی زەوییەکە بوو بە مێشوولە لە هەموو خاکی میسردا. جادووگەرەکانیش بە ئەفسونەکانیان هەمان شتیان کرد بۆ پەیدابوونی مێشوولە، بەڵام نەیانتوانی. جا مێشوولە لەسەر خەڵک و لەسەر ئاژەڵ مایەوە. جادووگەرەکان بە فیرعەونیان وت، "ئەمە پەنجەی خودایە،" بەڵام فیرعەون دڵی ڕەق بوو و گوێی لێ نەگرتن، وەک خوداوەند فەرمووی.

دەرچوون ٨: ٢٠-٣٢ ماڵی میسرییەکان پڕ دەبێت لە مێشومەگەز

ئینجا خوداوەند بە موسای فەرموو: (بەیانی زوو هەستە و لە بەرامبەر فیرعەون بوەستە، ئەوەتا بۆ لای ئاوەکە دەردەچێت، پێی بڵێ، خوداوەند ئاوا دەڵێت، ڕێ بە گەلەکەم بدە با بڕۆن بمپەرستن. ئەگەر ڕێ بە گەلەکەم نەدەیت بڕۆن، ئەوا منیش مێشومەگەز دەنێرمە سەر خۆت و خزمەتکارەکانت و گەلەکەت و ماڵەکانت، ئیتر ماڵی میسرییەکان پڕ دەبێت لە مێشومەگەز، هەروەها ئەو زەویش کەوا ئەوانی لەسەرن. ("بەڵام لەو ڕۆژەدا خاکی گۆشەن جیا دەکەمەوە کەوا گەلەکەمی لەسەر دەژین، تا مێشومەگەز لەوێدا نەبێت، بۆ ئەوەی بزانیت من خوداوەندم لەناوەڕاستی خاکەکەدا. جیاوازییەک لەنێوان گەلەکەم و گەلەکەت دادەنێم، بەیانی ئەم نیشانەیە دەبێت.) جا خوداوەند ئاوای کرد و مێشومەگەزێکی زۆر هاتنە ناو ماڵی فیرعەون و ماڵی خزمەتکارانی، لە هەموو خاکی میسریشدا زەوییەکە لەبەر مێشومەگەز وێران بوو.

ئینجا فیرعەون بانگی موسا و هارونی کرد و وتی: (بڕۆن قوربانی سەرببڕن بۆ خوداتان لەم خاکەدا.) موسا وتی: (ڕاست نییە ئێمە وا بکەین، چونکە ئەوە قێزەوەنە لای میسرییەکان ئێمە بۆ خوداوەند خودامان سەریدەبڕین، ئەگەر ئەوەی قێزەوەنە لای میسرییەکان لەبەرچاویان سەریببڕین، ئایا بەردبارانمان ناکەن؟ سێ ڕۆژەڕێ لە چۆڵەوانی دەڕۆین و قوربانی بۆ خوداوەند خودامان سەردەبڕین، وەک پێمان دەڵێت.) فیرعەونیش وتی: (من ڕێتان دەدەم بڕۆن و بۆ خوداوەند، خودای خۆتان لە چۆڵەوانی قوربانی سەرببڕن، بەڵام دوور مەڕۆن و بۆم بپاڕێنەوە.) موساش وتی: (ئەوەتا من لەلات دەردەچمە دەرەوە و لە خوداوەند دەپاڕێمەوە، ئیتر بۆ بەیانی مێشومەگەز لە فیرعەون و لە خزمەتکارەکانی و لە گەلەکەی دوور دەکەونەوە، بەڵام ئیتر نابێت فیرعەون فێڵ بکات، تا ڕێ بە گەلەکە نەدات بڕۆن بۆ قوربانی سەربڕین بۆ خوداوەند.) جا موسا لەلای فیرعەون دەرچوو و لە خوداوەند پاڕایەوە. خوداوەندیش بە قسەی موسای کرد، ئیتر مێشومەگەز لە فیرعەون و لە خزمەتکارەکانی و لە گەلەکەی دوور کەوتنەوە و هیچیان نەما. بەڵام فیرعەون ئەم جارەش دڵی ڕەق کرد و ڕێی بە گەلەکە نەدا بڕۆن.

دەرچوون ٩: ١-٧ پەیدابوونی دەرد لەسەر ئاژەڵی ماڵی

خوداوەند بە موسای فەرموو: (بڕۆ بۆ لای فیرعەون و پێی بڵێ کە خوداوەند خودای عیبرانییەکان ئاوا دەڵێت، "ڕێ بە

گەلەکەم بدە با بڕۆن بمپەرستن." ئەگەر ڕێیان نەدەیت و بەردەوام نەهێڵیت بڕۆن، ئەوا دەستی خوداوەند لەسەر ئاژەڵە ماڵییەکانت دەبێت کەوا لە کێڵگەن، لەسەر ئەسپەکان و گوێدرێژەکان و حوشترەکان و گا و مانگا و مەڕ و بزنەکان، دەردێکی زۆر گران. خوداوەندیش جیاوازی دەکات لەنێوان ئاژەڵی ماڵیی نەوەی ئیسرائیل و ئاژەڵی ماڵیی میسرییەکان و هیچ ئاژەڵێکی نەوەی ئیسرائیل نامرێت.) خوداوەند کاتێکی دیاری کرد و فەرمووی، (بەیانی خوداوەند ئەم کارە لە زەوییەکەدا دەکات.) خوداوەند بۆ بەیانی ئەم کارەی کرد و هەموو ئاژەڵی ماڵیی میسرییەکان مردن، بەڵام لە ئاژەڵی نەوەی ئیسرائیل یەکێکیشیان نەمرد. فیرعەونیش ناردی و بینییان تەنانەت یەک ئاژەڵی نەوەی ئیسرائیلیش نەمردووە، جا دڵی فیرعەون ڕەق بوو و ڕێی بە گەلەکە نەدا بڕۆن.

دەرچوون **٩**: ٨-١٢ دوومەڵی دەرپەڕیو بە قنچکەوە لە هەموو خاکی میسردا

ئینجا خوداوەند بە موسا و هارونی فەرموو: (بە پڕی دەستەکانتان خوڵەمێشی تەنوور بۆ خۆتان ببەن و با موسا لەبەرچاوی فیرعەوندا بەرەو ئاسمان بەبای بکات. جا دەبێتە تۆزوبا لە هەموو خاکی میسر و دەبێتە دوومەڵی کێم دەرپەڕیو لە هەموو خاکی میسردا لەسەر خەڵک و لەسەر ئاژەڵ.) ئیتر خوڵەمێشی تەنووریان برد و لە بەرامبەر فیرعەوندا وەستان و موسا بەرەو ئاسمان بەبای کرد و بوو بە دوومەڵی کێمی دەرپەڕیو لە خەڵک و لە ئاژەڵ. جادووگەرەکانیش نەیانتوانی لە بەرامبەر موسا بوەستن لەبەر دوومەڵەکان، چونکە دوومەڵەکان لە جادووگەرەکان و لە هەموو میسرییەکاندا بوو. خوداوەندیش دڵی فیرعەونی ڕەق کرد و گوێی لە موسا و هارون نەگرت، هەروەک خوداوەند لەگەڵ موسادا دووا.

دەرچوون **٩**: ١٣-٣٥ خودا تەرزەیەکی زۆر گەورە دەبارێنێت

خوداوەند بە موسای فەرموو: (بەیانی زوو هەستە و لە بەرامبەر فیرعەوندا بوەستە و پێی بڵێ، "خوداوەند خودای عیبرانییەکان ئاوا دەڵێت، ڕێ بە گەلەکەم بدە بڕۆن بمپەرستن. ئەگینا ئەم جارە هەموو گورزەکانم بۆ دڵت و بەسەر خزمەتکارەکانت و بەسەر گەلەکەتدا دەنێرم، تا بزانیت کوا وەک من هەیە لە هەموو زەویدا؟ ئەگینا تا ئێستا دەستم درێژ بکردایەوە و بە دەرد لە خۆت و گەلەکەتم بدابووایە ئەوا لە زەوییەکەدا دەسڕیتەوە. بەڵام لەبەر ئەوە تۆم هێشتۆتەوە بۆ ئەوەی توانای خۆمت پیشان بدەم و لە هەموو زەویدا ناوم ڕابگێندرێت. تۆ هێشتا خۆت بە زل دەزانیت بەسەر گەلەکەم و ڕێیان نادەیت بڕۆن. ئەوەتا بەیانی وەک ئێستا تەرزەیەکی زۆر مەزن دەبارێنم کە لە میسردا هاوتای نەبوو‌بێت، لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە تا ئێستا. ئێستاش بنێرە و مەڕوماڵاتەکەت و هەموو ئەو شتانەی کە لە کێڵگەیە، کە هەتە بیانپارێزە، هەموو خەڵک و ئاژەڵێک کەوا لە کێڵگە دەمێننەوە و کۆ نەکرێنەوە بۆ ماڵەوە ئەوا تەرزەکە بەر سەریاندا دەکەوێت و دەمرن.") ئیتر خزمەتکارانی فیرعەون ئەوەی کە لە وشەی خوداوەند ترسا، بە خزمەتکارەکان و ئاژەڵی ماڵییان بەرەو ماڵەکان ڕایکرد. بەڵام ئەوەی وشەی خوداوەندی پشتگوێ خست، ئەوا خزمەتکاران و ئاژەڵە ماڵییەکەی لە کێڵگەدا بەجێ هێشت.

ئینجا خوداوەند بە موسای فەرموو: (دەستت بەرەو ئاسمان درێژ بکە و تەرزە دەبارێت لە هەموو خاکی میسردا بەسەر خەڵک و بەسەر ئاژەڵ و بەسەر هەموو شتێک کەوا گەشە دەکات لە کێڵگەکانی خاکی میسر.) ئیتر موسا گۆچانەکەی بەرەو ئاسمان درێژ کرد و خوداوەندیش هەورە تریشقەی لێدا و ئاگر بەرەو زەوی ڕۆیشت و خوداوەند تەرزەی باراندە سەر خاکی میسر. جا بوو بە تەرزە و ئاگریش لەناو تەرزەکە بریسکەی دەدایەوە. ئەوەندە مەزن بوو کەوا وەک ئەوە نەبووە لە هەموو خاکی میسردا، لەو کاتەوەی بوون بە نەتەوە. تەرزە لە هەموو خاکی میسری دا، لە هەموو ئەوەی لە کێڵگەدا بوو لە خەڵکەوە تا ئاژەڵ، تەرزە هەموو سەوزایی و ڕووەکی کێڵگەی کوتایەوە و هەموو داری کێڵگەشی شکاند. تەنها لە خاکی گۆشەندا کە

نەوەی ئیسرائیلی لێبوو، تەرزە نەبوو.

فیرعەون ناردی و بانگی موسا و هارونی کرد و پێی وتن: (ئەم جارە گوناهەم کرد، خوداوەند ڕاستودروستە و من و گەلەکەم بەدکارین. لە خودواەند بپاڕێنەوە با چیتر هەورە تریشقە و تەرزە نەبێت، چونکە ئارامیمان لێبڕاوە و منیش ڕێتان دەدەم بڕۆن و ئیتر ڕاناگیرێن.) موساش پێی وت: (بە دەرچوونم لە شارەکە دەستم پان دەکەمەوە بۆ خوداوەند و ئیتر هەورە تریشقە دەوەستێت و تەرزە نابێت، بۆ ئەوەی بزانیت زەوی هی خوداوەندە. بەڵام سەبارەت بە خۆت و خزمەتکارەکانت، من دەزانم هێشتا لە ڕووی خوداوەند خودا نەترساون.) کەتان و جۆ لێدران، چونکە جۆ لە گوڵکردن و کەتانیش لە تۆوکردن بوو. بەڵام گەنم و ماش لێ نەدران چونکە درەنگ پێ دەگەن. موسا لەلای فیرعەون لە شارەکە دەرچوو و دەستی بۆ خوداوەند پان کردەوە، ئیتر هەورە تریشقە و تەرزە وەستان و باران نەبارییە سەر زەوی. کاتێک فیرعەون بینی باران و تەرزە و هەورە تریشقە وەستاوە، گەڕایەوە سەر گوناە و خۆی و خزمەتکارانی دڵیان ڕەق کرد. ئیتر دڵی فیرعەون ڕەق بوو و ڕێی بە نەوەی ئیسرائیل نەدا بڕۆن، وەک چۆن خوداوەند لەسەر دەستی موساوە فەرمووی.

دەرچوون ١٠: ١-٢٠ کوللە ڕووی زەوی دادەپۆشێت

خوداوەند بە موسای فەرموو: (بڕۆ بۆ لای فیرعەون، چونکە من دڵی ئەو و دڵی خزمەتکارانیم ڕەق کردووە، بۆ ئەوەی ئەم نیشانانەم لەنێوانیان‌دا ئەنجام بدەم. هەروەها بۆ ئەوەی لە گوێی کوڕەکەت و کوڕی کوڕەکەت باسی ئەوە بکەیت چۆن میسرم کرد بە گاڵتەجار بەو نیشانانەی لەنێوانیان‌دا ئەنجامم داوە، ئیتر ئێوە دەزانن من خوداوەندم.)

جا موسا و هارون چوون بۆ لای فیرعەون و پێیان وت: (خوداوەند خودای عیبرانییەکان ئاوا دەفەرمووێت، "تا کەی مل نادەیت و لەبەردەمم ملکەچ نابیت؟ ڕێ بە گەلەکەم بدە با بڕۆن و بمپەرستن، چونکە ئەگەر ڕێ بە گەلەکەم نەدەیت، ئەوا من بەیانی کوللە دەهێنمە سەر سنوورەکەت. ڕووی زەوی دادەپۆشرێت و ناتوانرێت تەماشای زەوی بکرێت و ئەوەی بۆتان ماوەتەوە و دەرباز بووە لە تەرزەکە دەیخوات، هەروەها هەموو دارێکیش کە لە کێڵگەکانتان‌دا گەشە بکات دەیخوات. ماڵەکانت و ماڵی هەموو خزمەتکارەکانت و هەموو میسرییەکان پڕ دەکات، ئەو شتەی کەوا نە باوکانت و نە باوکانی باوکانت بینیویانە لەو ڕۆژەوەی لەسەر زەوی پەیدا بوون تا ئەمڕۆ.") ئینجا ڕووی وەرگێڕا و لەلای فیرعەون دەرچوو.

خزمەتکارانی فیرعەونیش پێیان وت: (تا کەی ئەمە ببێت بە تەڵە بۆمان؟ ڕێ بەو پیاوانە بدە با بڕۆن و خوداوەند خودایان بپەرستن، ئایا هێشتا نازانیت کە میسر وێران بووە؟) جا موسا و هارونیان بردەوە لای فیرعەون، ئەویش پێی وتن: (بڕۆن خوداوەند، خودای خۆتان بپەرستن، بەڵام کێ و کێ دەچێت؟) موساش وتی: (بە گەنجەکانمان و پیرەکانمانەوە دەڕۆین، بە کوڕەکانمان و کچەکانمانەوە و بە مەڕوماڵاتمان و ڕەشەووڵاخمانەوە دەڕۆین، چونکە پێویستە جەژن بۆ خوداوەند بگێڕین.) فیرعەونیش پێی وتن: (خوداوەند لەگەڵتان بێت - - ئەگەر بهێڵم لەگەڵ ئافرەتەکانتان و منداڵەکانتان بڕۆن! دیارە ئێوە نیازتان خراپە. نەخێر! تەنها پیاوان بڕۆن خوداوەند بپەرستن، هەروەک خۆتان داواتان کردووە.) ئیتر موسا و هارون لەبەردەم فیرعەون دەرکران.

خوداوەند بە موسای فەرموو: (دەستت بۆ سەر خاکی میسر درێژ بکە بۆ کوللە، بۆ ئەوەی بێتە سەر خاکی میسر و هەموو سەوزایی زەوییەکە بخوات، ئەوەی لە تەرزەکە ماوەتەوە.) ئیتر موسا گۆچانەکەی بەسەر خاکی میسردا درێژ کرد و خوداوەند بایەکی ڕۆژهەڵاتی هێنا بە درێژایی ئەو ڕۆژ و شەوە، کاتێک بووە بەیانی بایەکەی ڕۆژهەڵات کوللەی هەڵگرت. کوللە هاتە سەر هەموو خاکی میسر و لەسەر هەموو سنوورەکانی میسر نیشتەوە، ئەوەندە گران بوو کەوا لەوەوپێش کوللەی وا نەبووە و ناشبێت. ڕووی هەموو خاکەکەی داپۆشی و خاکەکە تاریک بوو، هەموو سەوزاییەکی زەوی و هەموو بەروبوومی دارەکان کەوا

تەرزە لێی نەدابوو خواردی، هیچ سەوزایی نەهێشتەوە بە دار و بە ڕووەکی کێڵگەوە لە خاکی میسردا. ئینجا فیرعەون بە خێرایی بانگی موسا و هارونی کرد و وتی: (گوناهم سەبارەت بە خوداوەند، خودای ئێوە و سەبارەت بە ئێوەش کرد. ئێستاش تەنها ئەم جارە لەم گوناهەم خۆش بن، لە خوداوەند خوداتان بپاڕێنەوە با تەنها ئەم مردنەم لەسەر لابدات.) موساش لەلای فیرعەون دەرچوو و لە خوداوەند پاڕایەوە. خوداوەندیش بایەکی ڕۆژئاوایی زۆر بەهێزی وەرگێرا و کوللەکەی هەڵگرت و فڕێیدایە ناو (دەریای سوف)ـەوە و یەک کولله نەما لە هەموو خاکی میسردا. بەڵام خوداوەند دڵی فیرعەونی ڕەق کرد و ڕێی نەدا بە نەوەی ئیسرائیل بڕۆن.

دەرچوون ١٠: ٢١-٢٩ تاریکی باڵ بەسەر خاکی میسردا دەکێشێت

ئینجا خوداوەند بە موسای فەرموو: (دەستت بۆ ئاسمان درێژ بکە با تاریکی باڵ بەسەر خاکی میسردا بکێشێت، کەوا چاو چاو نەبینێت.) جا موسا دەستی بۆ ئاسمان درێژ کرد و تاریکاییەکی سەخت بۆ ماوەی سێ ڕۆژ باڵی بەسەر خاکی میسردا کێشا. بۆ ماوەی سێ ڕۆژ کەس برای خۆی نەبینی و کەس لە شوێنی خۆی هەڵنەستا، بەڵام هەموو نەوەی ئیسرائیل لە جێنشینەکانیان ڕووناکیان هەبوو. ئینجا فیرعەون بانگی موسای کرد و وتی: (بڕۆن خوداوەند بپەرستن، تەنها مەڕوماڵات و ڕەشەووڵاخ دەبێت بمێنێت، هەروەها ئافرەتەکانتان و منداڵەکانیشتان با لەگەڵتان بڕۆن.) موساش وتی: (پێویستە ڕێگامان پێ بدەیت بۆ ئەوەی قوربانی و قوربانیسووتاندن پێشکەش بکەین بۆ خوداوەند خودامان. بەڵکو ئاژەڵی ماڵیشمان لەگەڵمان دەڕۆن تەنها سمێکیش بەجێ نامێنێت، چونکە لەوان هەڵدەگرین بۆ پەرستنی خوداوەند خودامان، ئێمە نازانین بەچی خوداوەند بپەرستین تا نەگەینە ئەوێ.) بەڵام خوداوەند دڵی فیرعەونی ڕەق کرد و ڕێی نەدا بڕۆن. فیرعەونیش پێی وت: (لەلام بڕۆ، ئاگاداری خۆت بە نەیەیتەوە بەرچاوم، چونکە ئەو ڕۆژەی ڕووم ببینیت دەمریت.) موساش وتی: (هەروەک وتت! جارێکی دیکە ناتبینمەوە.)

دەرچوون ١١: ١-١٠ هەموو نۆبەرەیەک لە خاکی میسردا دەمرێت

خوداوەند بە موسای فەرموو: (بەڵایەکی دیکە بەسەر فیرعەون و میسردا دەهێنم، دوای ئەمە ڕێتان دەدات بڕۆن، کاتێک ڕێتان دەدات بڕۆن هەمووان لێرە بەدەرکردن دەردەکات. لە گوێی گەل بخوێنە با هەر پیاوێک لە برادەرەکەی و هەر ژنێک لە دەستە خوشکەکەی داوای خشڵی زێڕ و زیو بکەن.) خوداوەندیش نیعمەت و چاکەی بە گەل بەخشی لەبەرچاوی میسرییەکان، هەروەها موسا زۆر مەزن بوو لە خاکی میسردا لەبەرچاوی خزمەتکارانی فیرعەون و لەبەرچاوی گەل.

موسا وتی: (خوداوەند ئاوا دەڵێت، "من لە دەوروبەری نیوەشەودا دەردەچم بۆ ناو میسر. هەموو نۆبەرەیەک لە خاکی میسردا دەمرێت، لە نۆبەرەی فیرعەونەوە کە لەسەر تەختەکەی دانیشتووە تا نۆبەرەی ئەو کەنیزەیەی لەپشت دەستاڕە و نۆبەرەی هەموو ئاژەڵێکی ماڵیش.[٦] هاوارێکی مەزنیش لە هەموو خاکی میسردا دەبێت کەوا وەک ئەوە نەبووە و جارێکی دیکەیش نابێت. بەڵام بۆ هەموو نەوەی ئیسرائیل تەنانەت سەگیش لێیان ناوەڕێت، نە بە خەڵک و نە بە ئاژەڵ،" تا بزانن خوداوەند جیاوازی لەنێوان گەلی میسری و ئیسرائیلیدا دەکات. ئیتر هەموو خزمەتکارانت دێنە لام و کڕنۆشم بۆ دەبەن و دەڵێن "دەربچۆ خۆت و هەموو ئەو گەلەی لەدواتن،" ئیتر دوای ئەوە دەردەچم.) ئینجا موسا بە توورەییەوە لەلای فیرعەون دەرچوو. خوداوەند بە موسای فەرموو: (فیرعەون گوێتان لێ ناگرێت، بۆ ئەوەی کارە سەرسوڕهێنەرەکانم لە خاکی میسردا زیاد بێت.)

موسا و هارون هەموو ئەم کارە سەرسوڕهێنەرانەیان لەبەردەم فیرعەون کرد، بەڵام خوداوەند دڵی فیرعەونی ڕەق کرد و ڕێی نەدا بە نەوەی ئیسرائیل لە خاکەکەی بڕۆن.

خوداوەند لەگەڵ موسا و هارون لە خاکی میسردا دووا و فەرمووی: (ئەم مانگە بۆتان دەبێتە سەری مانگەکان، بۆ ئێوە یەکەمی مانگەکانی ساڵە. لەگەڵ هەموو کۆمەڵی ئیسرائیلدا بدووێن و بڵێن، لە دەی ئەم مانگەدا با هەریەکە کاریلەیەک بۆ خۆی ببات بەگوێرەی ماڵەباوان، کاریلەیەک بۆ هەر ماڵێک. ئەگەر ماڵێک بچووک بوو و توانای خواردنی کاریلەیەکی نەبوو، ئەوا ئەو لەگەڵ نزیکترین دراوسێی ماڵەکەی بەگوێرەی ژمارەی کەسەکان، هەریەکە و بەگوێرەی خواردنی حیسابی بۆ دەکەن لە کاریلەکەدا. دەبێت کاریلەی ساغ، نێر، یەک ساڵە دانێن بۆ خۆتان، لە بەرانەکان یان لە گیسکەکان هەڵیان دەگرن. لە ژێر پارێزگاریتان دەمێنێت تا ڕۆژی چواردەی ئەم مانگە، ئینجا هەموو کۆڕی کۆمەڵی ئیسرائیل لە کاتی خۆرئاوابووندا سەریدەبڕن.

لە خوێنەکەش هەڵدەگرن و لە هەردوو لای دەرگاکان و سەری دەرگاکانیشی ئەو ماڵانەی دەدەن کە تێیدا دەیخۆن. گۆشتەکەش لەو شەوەدا بە ئاگر دەبرژێندرێت و دەیخۆندەیخۆن لەگەڵ نانی فەتیرە و لەگەڵ گیای تاڵ. نەکەن بەخاوی یان لێنراو بە ئاو بیخۆن، بەڵکو بە ئاگر برژاو بێت، سەری و پێی و هەناوی. لێشی مەهێڵنەوە بۆ بەیانی، ئەوەی لێی دەمێنێتەوە تا بەیانی، بە ئاگر بیسووتێنن. ئاواش دەیخۆن، ناوقەدتان بەسترا بێت و سۆلەکانتان لە پێتاندا بێت و گۆچانەکانتان بە دەستتانەوە بێت، بە پەلە دەیخۆن، (پەسخە)یە بۆ خوداوەند. (من ئەم شەوە بە خاکی میسردا تێپەڕ دەبم و لە هەموو نۆبەرەیەک لە خاکی میسردا دەدەم، لە مرۆڤەوە تا ئاژەڵ، حوکمیش بەسەر هەموو خودایەکانی میسرییەکاندا دەدەم، من خوداوەندم. خوێنەکەش بۆتان دەبێت بە نیشانە لەسەر ئەو ماڵانەی ئێوە تێیدان، کاتێک خوێنەکە دەبینم، بەسەرتان تێدەپەڕم، ئیتر لێدانی لەناوچوون ئێوە ناگرێتەوە کاتێک لە خاکی میسر دەدەم.

(ئەو ڕۆژەش دەبێتە یادگاری بۆتان و دەیکەن بە جەژن بۆ خوداوەند، بۆ نەوەکانیشتان دەیکەن بە جەژن وەک فەرزێکی تاهەتایی. حەوت ڕۆژ نانی فەتیرە دەخۆن، لە ڕۆژی یەکەمەوە هەویرترش لە ماڵەکانتاندا ناهێڵن، هەر یەکێکیش شتێک بە هەویرترش بخوات لە ڕۆژی یەکەمەوە تا ڕۆژی حەوتەم، ئەوا ئەو کەسە لە ئیسرائیلدا دەبڕدرێتەوە. لە ڕۆژی یەکەمدا کۆبوونەوەیەکی پیرۆز بە ئەنجام بگەینن، هەروەها لە ڕۆژی حەوتەمیشدا. هیچ کارێک لەو ڕۆژانەدا مەکەن، تەنها خواردن ئامادەکردن نەبێت، بۆ هەر کەسێک دەیخوات. تەنها ئەوە دەکەن. (ئەم (جەژنی فەتیرە)ش دەپارێزن، چونکە لە هەمان ئەم ڕۆژەدا لەشکرەکانتانم لە خاکی میسردا دەرهێنا، لە نەوەکانیشتاندا ئەم ڕۆژە دەپارێزن وەک فەرزێکی تاهەتایی. لە مانگی یەکەمدا، لە ڕۆژی چواردەی مانگدا، لە ئێوارەدا نانی فەتیرە دەخۆن تا ئێوارەی ڕۆژی بیست و یەکی مانگ. حەوت ڕۆژ نابێت هەویرترش لە ماڵەکانتاندا هەبێت، چونکە هەر یەکێک شتێکی بە هەویرترش بخوات، ئەوا ئەو کەسە لە کۆمەڵی ئیسرائیلدا دەبڕدرێتەوە، ئەوانەی نامۆن و ئەوانەی هاوڵاتیشن. شتی بە هەویرترش مەخۆن، دەبێت لە هەموو جێنشینەکانتان نانی فەتیرە بخۆن.)

ئینجا موسا هەموو پیرانی ئیسرائیلی بانگکرد و پێی وتن: (بڕۆن بۆ خۆتان مەڕوماڵات ببەن بەگوێرەی هۆزەکانتان و بۆ پەسخەی سەرببڕن. دەسکێک زوفا هەڵبگرن و لەو خوێنەی وەربدەن کە لە تەشت دایە و سەری دەرگا و هەردوو لایەکەی پێ خوێناوی بکەن، ئێوەش کەستان لە دەرگای ماڵەکەی ناچێتە دەرەوە تا بەیانی. خوداوەند تێدەپەڕێت تا لە میسرییەکان بدات، کاتێک خوێنەکە دەبینێت کەوا لەسەر دەرگا و هەردوو لاکەی دراوە ئیتر خوداوەند بەسەر دەرگاکە تێدەپەڕێت و ناهێڵێت لەناوبەر بێتە ماڵەکانتان بۆ لێدانتان. (ئەم شتە بۆ تاهەتایە وەک فەرزێک بۆ خۆتان و نەوەکانتان دەپارێزن. ئینجا ئەوە دەبێت کاتێک دێنە ناو ئەو خاکەی خوداوەند دەتانداتێ هەروەک فەرمووی، ئەم خزمەتە دەپارێزن. ئیتر کاتێک منداڵانتان پێتان دەڵێن، "ئەم خزمەتە چییە بۆ ئێوە؟" ئێوەش دەڵێن، "ئەوە قوربانیپەسخەیە بۆ خوداوەند، کەوا لە میسر بەسەر ماڵەکانی نەوەی

ئیسرائیلدا تێپەڕی، کاتێک لە میسرییەکانی دا و فریای ماڵەکانی ئێمە کەوت.") ئیتر گەل دانەوین و کڕنۆشیان برد.

نەوەی ئیسرائیل ڕۆیشتن و وایان کرد وەک ئەوەی خوداوەند فەرمانی بە موسا و هارون کرد.

ئەوە بوو لە نیوەی شەودا خوداوەند لە هەموو نۆبەرەیەکی خاکی میسری دا، لە نۆبەرەی فیرعەونەوە کە لەسەر تەخت دانیشتووە تا نۆبەرەی ئەو دیلەی لە بەندیخانەیە و هەموو نۆبەرەکانی ئاژەڵی ماڵیش. جا فیرعەون شەو هەڵستا، خۆی و هەموو خزمەتکارەکانی و هەموو میسرییەکان، هاوارێکی مەزن لە میسر پەیدا بوو، چونکە هیچ ماڵێک نەبوو مردووی نەبێت.

دەرچوون ١٢: ٣١-٤٢ دەرچوون

ئینجا بەو شەوە فیرعەون موسا و هارونی بانگکرد و وتی: (هەستن لەنێوان گەلەکەم دەربچن، ئێوە و هەموو نەوەی ئیسرائیل، بڕۆن خوداوەند بپەرستن وەک خۆتان داواتان کرد. مەڕوماڵات و گاوگۆتاڵەکەشتان ببەن وەک وتتان، بڕۆن و هەروەها بۆ منیش داوای بەرەکەت بکەن.)

میسرییەکانیش زۆریان لە گەلەکە کرد تا پەلە بکەن لە ڕۆیشتنیان لە خاکەکە، چونکە وتیان، "ئەگینا ئێمە هەموومان دەمرین." گەلیش هەویرەکانیان هەڵگرت پێش ئەوەی هەویرترشی تێ بکەن، تەشتە هەویرە شێلراوەکانیان بە پێچراوی لە جلەکانیان لەسەر شانیان دانا. هەروەها نەوەی ئیسرائیل وایان کرد وەک ئەوەی موسا وتی، داوای خشڵی زیو و خشڵی زێڕ و جلوبەرگیان لە میسرییەکان کرد. خوداوەندیش ڕەزامەندی بە گەل بەخشی لەبەرچاوی میسرییەکان، جا ئەوەی داوایان کردبوو پێیان دان و ئەوانیش میسرییەکانیان تاڵان کرد.

نەوەی ئیسرائیل لە ڕەعمسێسەوە کۆچیان کرد بەرەو سوکۆت، نزیکەی شەش سەد هەزار پیادەی پیاو بێجگە لە ئافرەت و منداڵ. هەروەها کۆمەڵێکی زۆر لەگەڵیان سەرکەوت لەگەڵ ئاژەڵی ماڵی زۆریشدا، مەڕوماڵات و گاوگۆتاڵ. ئەو هەویرەی لە میسرەوە هێنابوویان کردیان بە کولێرەی فەتیرە، چونکە بێ هەویرترش بوو، لەبەر ئەوەی لە میسر دەرکران و نەیانتوانی دوا بکەون، هەروەها خواردنیان بۆ خۆیان دروست نەکرد.

ئەو نیشتەجێبوونەی نەوەی ئیسرائیلیش کە لە میسردا نیشتەجێ بوون چوار سەد و سی ساڵ بوو. ئەوە بوو لە کۆتایی چوار سەد و سی ساڵەکە، لە هەمان ئەو ڕۆژەدا، هەموو لەشکری خوداوەند لە خاکی میسر دەرچوون. لەبەر ئەوەی ئەم شەوە خوداوەند ئێشکی گرت بۆ دەرهێنانی گەلی ئیسرائیل لە خاکی میسر، ئەوا ئەمە ئەو شەوەیە کە بۆ خوداوەند ئێشک گیرا لەلایەن هەموو نەوەی ئیسرائیل بۆ نەوەکانیان.

دەرچوون ١٢: ٣٤-٥١ فەرزی پەسخە

خوداوەند بە موسا و هارونی فەرموو: (ئەمە فەرزی پەسخەیە، (هیچ بیانییەک لێی ناخوات. بەڵام هەر کۆیلەیەکی پیاوی بە زیو کڕاو دوای ئەوەی خەتەنە دەکرێت ئینجا لێی دەخوات. نیشتەجێی کاتی و بەکرێگرتە لێی ناخۆن. (لە یەک ماڵدا لە گۆشتەکە دەخورێت و لە ماڵەکە ناچێتە دەرەوە و هیچ ئێسکێکی لێ ناشکێندرێت. هەموو کۆمەڵی ئیسرائیل پێویستە یادی بکەنەوە. (ئەگەر نامۆیەک لەنێوتاندا بژییێت و بیەوێت پەسخە بۆ خوداوەند بکات، پێویستە هەموو نێرینەیەکی ماڵەکەی خەتەنە بکرێت. ئینجا وەک لەدایکبوویەکی خاکەکەی لێ دێت، بەڵام خەتەنەنەکراو لێی ناخوات. یەک یاسا پەیڕەو دەکرێت بۆ هاوڵاتی و بۆ ئەو نامۆیەی کە لەنێوتاندا دەژییێت.)

ئیتر هەموو نەوەی ئیسرائیل وایان کرد وەک ئەوەی خوداوەند فەرمانی بە موسا و هارون کرد. ئەوە بوو لە هەمان ئەو ڕۆژەدا خوداوەند نەوەی ئیسرائیلی لە خاکی میسردا هێنایە دەرەوە بەگوێرەی لەشکرەکانیان.

## دەرچوون ١٣: ١-١٦ — تەرخانکردنی نۆبەرە

خوداوەند لەگەڵ موسادا دووا و فەرمووی: (هەموو نۆبەرەیەکی یەکەم بەری سک، لە نەوەی ئیسرائیلدا لە مرۆڤ و لە ئاژەڵ بۆ منی تەرخان بکە، ئەوە بۆ منە.)

موسا بە گەلی وت: (یادی ئەم ڕۆژە بکەن کە لە میسر دەرچوون، لە خاکی کۆیلایەتی، کە بە دەستێکی بەهێز خوداوەند لێرە دەری‌هێنان، هیچ شتێکی بە هەویرترش مەخۆن. ئێوە ئەمڕۆ لە مانگی (ئاڤیف)دا دەرچوون. جا کاتێک خوداوەند دەتهێنێتە خاکی کەنعانییەکان و حیسییەکان و ئەمورییەکان و حیڤییەکان و یەبوسییەکان، ئەو خاکەی کەوا سوێندی بۆ باووباپیرانتان خوارد بتانداتێ شیر و هەنگوینی لێ دەڕژێت، ئەوا تۆ ئەو خزمەتە جێبەجێ دەکەیت لەو مانگەدا. حەوت ڕۆژ نانی فەتیرە دەخۆیت و لە ڕۆژی حەوتەمدا جەژنە بۆ خوداوەند. لەو حەوت ڕۆژەدا نانی فەتیرە دەخورێت و هیچ شتێکی بە هەویرترش لەلات نەبینرێت و هیچ هەویرترشێک لە هەموو سنوورەکانت نەبینرێت. لەو ڕۆژەدا بە کوڕەکەت ڕادەگەێنیت و دەڵێیت، "لەبەر ئەوەی خوداوەند ئەمەی بۆم کرد کاتێک لە میسر دەرچووم." بۆت دەبێت بە نیشانەیەک لەسەر دەستت و یادگارییەک لە نێوچەوانت، بۆ ئەوەی فێرکردنەکانی خوداوەند لە دەمت بێت، چونکە بە دەستێکی بەهێز خوداوەند لە میسر دەری‌هێنایت. ئەو فەرزەش ساڵ لەدوای ساڵ لە کاتی خۆیدا دەپارێزیت.

(کاتێک خوداوەند دەتهێنێتە خاکی کەنعانییەکان هەروەک سوێندی خوارد بۆ تۆ و بۆ باوکانت و بە تۆی دا، ئەوا تۆ هەموو بەری یەکەمی سک و هەموو نۆبەرەیەک لە بەری ئاژەڵی ماڵی کە بۆت دەبێت، دەبێت پێشکەشی خوداوەندی بکەیت، نێرینەکان بۆ خوداوەندن. هەموو نۆبەرەیەکی گوێدرێژیش بە بەرخێک دەکڕیتەوە، ئەگەر نەیکڕیتەوە، ملی دەشکێنیت، هەموو نۆبەرەیەکی مرۆڤیش لە کوڕانت دەکڕیتەوە.

(لە ڕۆژانی داهاتوودا کە کوڕەکەت لێت دەپرسێت و دەڵێت، "ئەمە چییە؟" پێی دەڵێیت، "بە دەستێکی بەهێز خوداوەند لە میسر دەری‌هێناین، لە خاکی کۆیلایەتی. ئەوە بوو کاتێک فیرعەون ڕکابەری کرد لە ڕێپێدانمان تا بڕۆین، خوداوەند هەموو نۆبەرەیەکی لە خاکی میسر کوشت، لە نۆبەرەی مرۆڤەوە تا نۆبەرەی ئاژەڵ. لەبەر ئەمەیە من هەموو نێرێکی نۆبەرەی سک بۆ خوداوەند سەردەبڕم و هەر نۆبەرەیەک لە منداڵەکانم دەکڕمەوە." ئەمەش دەبێتە نیشانە لەسەر دەستت و گوڵنگ لە نێوچەوانت، چونکە بە دەستێکی بەهێز خوداوەند لە میسر دەری‌هێناین.)

## دەرچوون ١٣ :١٧ — ١٤ :٣١ — ڕۆیشتن بەناو دەریاکەدا

ئەوە بوو کە فیرعەون ڕێی دا بە گەلەکە بڕۆن، خودا ڕێنمایی نەکردن بۆ ڕێگای خاکی فەلەستییەکان لەگەڵ ئەوەی نزیکیش بوو، چونکە خودا فەرمووی، "نەوەک گەل پەشیمان ببنەوە کاتێک شەڕ ببینن و بگەڕێنەوە بۆ میسر." ئیتر خودا گەلی سووڕاندەوە بۆ ڕێگای چۆڵەوانی دەریای سوف، جا نەوەی ئیسرائیل بە ڕیز چەکداربوون بۆ جەنگ و لە خاکی میسرەوە سەرکەوتن. موساش ئێسکەکانی یوسفی لەگەڵ خۆی برد، چونکە یوسف نەوەی ئیسرائیلی سوێند دابوو و وتبووی، "بێگومان خودا بەسەرتان دەکاتەوە، دەبێت ئێوەش لێرەوە ئێسقانەکانم لەگەڵ خۆتان بەرەوژوور بکەنەوە." جا لە سوکۆتەوە کۆچیان کرد و لە (ئێتام) لایان دا لە قەراغی چۆڵەوانی. خوداوەندیش لەپێشیانەوە دەڕۆیشت، بە ڕۆژ لە ستوونێکی هەوردا ڕێبەری دەکردن لە ڕێگادا و بە شەویش لە ستوونێکی ئاگردا تا ڕووناکییان بۆ ببێت، تا بە ڕۆژ و بە شەو بڕۆن. [٢٢]ستوونە هەورەکە بە ڕۆژ و ستوونە ئاگرەکە بە شەو لەبەردەم گەلدا لا نەدەچوون.

خوداوەند لەگەڵ موسادا دووا و فەرمووی: (بە نەوەی ئیسرائیل بڵێ، "با بگەڕێنەوە و بەرامبەر (پی‌هەحیرۆت) چادر هەڵبدەن لەنێوان (مگدۆل) و دەریا. لەلای دەریاوە چادر هەڵبدەن، بەرامبەر (بەعل چیفۆن). جا فیرعەون دەربارەی نەوەی

ئیسرائیل دەڵێت، "سەرلێشێواون لە خاکەکە، چۆڵەوانی داخراوە لەسەریان." دڵی فیرعەونیش ڕەق دەکەم تا بەدوایان بکەوێت، جا شکۆمەند دەبم بۆ فیرعەون و بۆ هەموو سوپاکەی، میسرییەکانیش دەزانن کە من خوداوەندم،) ئیتر وایان کرد.

کاتێک بە پاشای میسر ڕاگەیەنرا کە گەلەکە لە دەستی هەڵاتن، دڵی فیرعەون و خزمەتکارانی سەبارەت بە گەلی ئیسرائیل گۆڕا، وتیان (ئەمە چی بوو کردمان، کە ڕێمان دا بە نەوەی ئیسرائیل بڕۆن لە خزمەتکردنمان؟) ئیتر گالیسکەکەی پێ ئامادە کردن و سوپاکەیشی لەگەڵ خۆی برد، شەش سەد گالیسکەی هەڵبژێردراو و هەموو گالیسکەکانی میسر و هەموو ئەفسەرە سواربووەکانیانی برد. خوداوەند دڵی فیرعەونی پاشای میسری ڕەق کرد، ئیتر دوای نەوەی ئیسرائیل کەوت، نەوەی ئیسرائیلیش ئازایانە دەردەچوون. جا میسرییەکان دوایان کەوتن. هەموو ئەسپ و گالیسکەکانی فیرعەون و سوارەکانی و سوپایەکەی دوایان کەوتن و پێیان گەیشتن، کاتێک لەلای دەریا چادریان هەڵدابوو، لەلای پیهەحیرۆت بەرامبەر بەعل چیفۆن.

کاتێک فیرعەون نزیک بووەوە، نەوەی ئیسرائیل چاویان هەڵبڕی و بینییان میسرییەکان بەدوایانەوەن، جا زۆر ترسان و نەوەی ئیسرائیل هاواریان بۆ خوداوەند کرد. بە موسایان وت: (ئایا لەبەر ئەوەی لە میسر گۆڕ نییە بۆ مردن وا ئێمەت هێنا بۆ چۆڵەوانی؟ ئەمە چی بوو پێت کردین تا وامان لێ بکەیت لە میسر دەربچین؟ ئەمە ئەو قسەیە نییە کە لە میسر پێمان وتی، "لێمان گەڕێ با خزمەتی میسرییەکان بکەین،" چونکە بۆ ئێمە باشترە خزمەتی میسرییەکان بکەین وەک لەوەی لە چۆڵەوانی بمرین؟) موساش بە گەلی وت: (مەترسن، چەسپاو بن و بڕواننە ڕزگاری خوداوەند کە ئەمڕۆ بۆ ئێوەی دەکات، چونکە وەک ئەوەی ئەمڕۆ میسرییەکانتان بینی، ئیتر تاهەتایە نایانبیننەوە. خوداوەند بۆتان دەجەنگێت و ئێوەش بێدەنگ دەبن.)

خوداوەند بە موسای فەرموو: (چییە هاوارم بۆ دەکەیت؟ بە نەوەی ئیسرائیل بڵێ با کۆچ بکەن. تۆش گۆچانەکەت بەرز بکەوە و دەستت بۆسەر دەریاکە درێژ بکە و لێکی بکەوە، ئیتر نەوەی ئیسرائیل دێنە ناو دەریاکە لەسەر وشکایی. ئەوەتا منیش دڵی میسرییەکان ڕەق دەکەم، ئەوانیش بەدوایاندا دێن، منیش شکۆمەند دەبم بۆ فیرعەون و بۆ هەموو سوپاکەی و گالیسکە و سوارەکانی. میسرییەکانیش دەزانن کە من خوداوەندم، کاتێک شکۆمەند دەبم بۆ فیرعەون و گالیسکە و سوارەکانی.)

ئینجا فریشتەکەی خودا کەوا لەپێش سوپای ئیسرائیلییەکانەوە دەڕۆیشت شوێنەکەی گواستەوە و لە دوایانەوە ڕۆیشت، ستوونە هەورەکەش لەپێشیانەوە گواستییەوە و لە دواوەیان وەستا. هاتە نێوان لەشکری میسرییەکان و سوپای ئیسرائیلییەکان ئیتر هەورەکە بە درێژایی شەو تاریکی بۆ لایەک هێنا و ڕووناکی بۆ لایەکی دیکە. بۆیە بە درێژایی شەو هیچیان نزیکی یەکتر نەبوونەوە.

موساش دەستی بۆسەر دەریاکە درێژ کرد و خوداوەند بە درێژایی شەو بە بایەکی ڕۆژهەڵاتی توند دەریاکەی ڕاماڵی، دەریاکەی کرد بە زەوی وشک و ئاوەکان لێک جیا بوونەوە. ئیتر نەوەی ئیسرائیل هاتنە ناو دەریاکە بۆسەر وشکایی و ئاو بوو بە دیوار بۆیان لە ڕاست و چەپیانەوە.

میسرییەکانیش دوایان کەوتن، هەموو ئەسپەکانی فیرعەون و گالیسکە و سوارەکانی بەدوایانەوە هاتنە ناوەندی دەریاکە. ئەوە بوو لە چاوەڕوانی بەرەبەیاندا، خوداوەند لە ستوونی ئاگر و هەورەوە بەرەوخوار تەماشای لەشکری میسرییەکانی کرد و لەشکری میسرییەکانی بێزار کرد. چەرخەی گالیسکەکانیانی لێک ترازاند و بە قورسیەوە لێیان خوڕی، میسرییەکان وتیان، "با لەبەردەم نەوەی ئیسرائیل هەڵبێین، چونکە خوداوەند بۆیان دەجەنگێت دژ بە میسرییەکان."

خوداوەند بە موسای فەرموو: (دەستت بۆسەر دەریا درێژ بکە و ئاوەکە بۆسەر میسرییەکان و گالیسکە و سوارەکان دەگەڕێتەوە.) موساش دەستی بۆسەر دەریاکە درێژ کرد و دەمەو بەیان دەریاکە گەڕایەوە باری جاران، میسرییەکانیش لێی

هەڵدەهاتن، خوداوەند میسرییەکانی داتەکاندە ناو دەریاکە. ئیتر ئاوەکە گەڕایەوە بەسەر گالیسکە و سوارەکانی و هەموو سوپاکەی فیرعەون و دایپۆشین. ئەوانەی بەدوایاندا هاتبوونە ناو دەریاکەوە، کەسیان لێ نەما. نەوەی ئیسرائیلیش بەسەر وشکاییدا ڕۆیشتن بەناو دەریاکە و ئاویش دیوار بوو بۆیان لە ڕاست و چەپیانەوە.

خوداوەند لەو ڕۆژەدا ئیسرائیلی لە دەست میسرییەکان ڕزگار کرد، ئیسرائیلیش میسرییەکانیان بینی لە کەناری دەریاکە مردوون. ئیسرائیل ئەو دەستە مەزنەی بینی کە خوداوەند دژ بە میسرییەکان بەکاری هێنا، ئیتر گەل لە خوداوەند ترسان و باوەڕیان بە خوداوەند و بە موسای خزمەتکاری هێنا.

دەرچوون **١٥: ١-٢١** گۆرانیی موسا و مریەم

ئینجا موسا و نەوەی ئیسرائیل ئەم گۆرانییەیان بۆ خوداوەند وت، وتیان:

(گۆرانی بۆ خوداوەند دەڵێم، چونکە شکۆمەندانە سەرکەوت، ئەسپ و سوارەکەی فڕێ دایە ناو دەریا. هێز و سروودم خوداوەندە، بووە بە ڕزگاری بۆم. ئەمە خودامە و شکۆداری دەکەم، خودای باوکمە و بەرزی دەکەمەوە. خوداوەند پیاوی جەنگە، ناوی خوداوەندە. گالیسکەکانی فیرعەون و سوپاکەی فڕێ دایە ناو دەریا، هەڵبژاردەی ئەفسەرەکانی لە دەریای سوف نوقم بوون، قوڵایی دایپۆشین، کەوتنە بنەوە وەک بەرد. (دەستی ڕاستت ئەی خوداوەند بە توانایە بۆ شکۆمەندیت، دەستی ڕاستت ئەی خوداوەند دوژمن تێکدەشکێنێت. بە مەزنی و پایەبەرزیت بەرهەڵستەکانت پێشێل دەکەیت، ڕقت دەنێریت وەک پووش دەیانخوات. بە بای لووتت ئاوەکان گرد بوونەوە، ئاوەڕۆکان وەک گرد وەستان، قووڵاییەکان لەناو دەریا بەستیان. (دوژمن وتی: "دوای دەکەوم، پێی دەگەم، دەستکەوت بەش دەکەم، گیانم پڕ دەبێت لێیان، شمشێرەکەم ڕادەکێشم، دەستم لەناویان دەبات." بەڵام بە بای خۆت فووت کرد، دەریا دایپۆشین، ڕۆچوون وەک قورقۆشم، لە ئاوێکی مەزن. (خوداوەند، کێ وەک تۆیە لەنێو خوداکان، کێ وەک تۆ پایەبەرزە لە پیرۆزی، سامناک لە شکۆمەندی، دروستکەری کاری سەرسوڕهێنەر؟ دەستی ڕاستتت درێژ کرد، زەوی قووتیان دا. (ئەو گەلەی کڕیتەوە، بە خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت ڕابەری دەکەیت، بە هێزی خۆت ڕێنمایی دەکەیت، بۆ نشینگەی پیرۆزت. گەلان گوێیان لێ دەبێت و دەلەرزن، دانیشتووانی فەلەستیە ژان دەیانگرێت. ئینجا سەرکردەکانی ئەدۆم سەرسام دەبن، بەهێزەکانی مۆئاب لەرز دەیانگرێت، هەموو دانیشتووانی کەنعان دەتوێنەوە. سامناکی و تۆقین دەکەوێتە بەسەریان، بە مەزنی بازووت بێدەنگ دەبن وەک بەرد، تا گەلەکت دەپەڕێتەوە ئەی خوداوەند، تا ئەو گەلەی کڕیوتە دەپەڕێتەوە. دەیانهێنیت و دەیانچێنیت لە کێوی میراتت. ئەو شوێنەی بۆ نیشتەجێیی خۆت دروستتکرد ئەی خوداوەند، ئەی خوداوەند، ئەو پیرۆزگایەی کە دەستەکانت دایمەزراند. خوداوەند فەرمانڕەوایی دەکات بۆ تاهەتایە.)

چونکە ئەسپی فیرعەون هات بە گالیسکە و سوارەکانیەوە بۆ ناو دەریا، خوداوەندیش ئاوی دەریای هێنایەوە بەسەریان، نەوەی ئیسرائیلیش بەسەر وشکایدا ڕۆیشتن بە ناوەندی دەریا. ئینجا (مریەم)ی پێغەمبەر کەوا خوشکی هارون بوو، دەستی دا بە دەف و هەموو ئافرەتەکانیش بە دەف و سەماوە بەدوایەوە ڕۆیشتن. مریەمیش گۆرانی بۆ وتن: (گۆرانی بۆ خوداوەند بڵێ، چونکە شکۆمەندانە سەرکەوت، ئەسپ و سوارەکانی فڕێ دایە ناو دەریا.)

دەرچوون **١٥: ٢٢-٢٧** ئاوەکانی مارا و ئێلیم

ئینجا موسا کۆچی بە نەوەی ئیسرائیل کرد و لە دەریای سوفەوە دەرچوون بۆ (چۆڵەوانی شوور)، سێ ڕۆژ لە چۆڵەوانیدا ڕۆیشتن و ئاویان نەدۆزییەوە. ئینجا هاتنە (مارا)یە، بەڵام نەیانتوانی لە مارا ئاو بخۆنەوە چونکە تاڵ بوو، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە ناونراوە مارایە. جا گەل بۆڵەبۆڵیان لەسەر موسا کرد و وتیان: (چی بخۆینەوە؟) موساش هاواری بۆ خوداوەند کرد،

خوداوەندیش دارێکی پیشان دا و ئەویش فڕێیدایە ناو ئاوەکە، ئیتر ئاوەکە سازگار بوو. لەوێ خوداوەند فەرز و حوکمی بۆ دانان و لەوێش تاقی کردنەوە. فەرمووی: (ئەگەر گوێ لە دەنگی خوداوەند، خودای خۆت بگریت و ئەوەی ڕاستە لەبەرچاوی بیکەیت و گوێ بۆ فەرمانەکانی شل بکەیت و هەموو فەرزەکانی بپارێزیت، هیچ نەخۆشییەک لەوانەی خستمە سەر میسرییەکان ناخەمە سەرت، چونکە منم خوداوەند، ئەوەی چاکت دەکاتەوە.) ئینجا هاتن بۆ (ئێلیم)، لەوێ دوازدە کانی ئاو و حەفتا دارخورمای لێبوو، جا لەوێ لەلای ئاوەکان لایان دا.

دەرچوون ١٦: ١-٣٦ مەن و سوێسکە

دوای ئەوە لە ئێلیم کۆچیان کرد و هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل هاتن بۆ (چۆڵەوانی سین) کە لەنێوان ئێلیم و (سینا)یە، لە ڕۆژی پانزەی مانگی دووەم دوای دەرچوونیان لە خاکی میسر. هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل لە چۆڵەوانیدا بۆڵەبۆڵیان لەسەر موسا و هارون کرد. نەوەی ئیسرائیل پێیان وتن: (خۆزگە بە دەستی خوداوەند لە خاکی میسردا بمردبووینایە، بۆ خۆمان لای مەنجەڵی گۆشت دانیشتبووین و بە تێری نانمان دەخوارد، ئێمەتان دەرهێنا بۆ ئەم چۆڵەوانییە تا هەموو ئەم کۆمەڵە بە برسییەتی بکوژن.)

خوداوەندیش بە موسای فەرموو: (ئەوەتا من لە ئاسمانەوە نانتان بۆ دەبارێنم و گەل دەردەچن و هەر ڕۆژە و پێویستی ئەو ڕۆژە هەڵدەگرنەوە، تا تاقییان بکەمەوە ئاخۆ بەگوێرەی فێرکردنەکانم دەڕۆن یان نا. ئەوە دەبێت لە ڕۆژی شەشەم ئەوەی دەیهێنن ئامادەی بکەن، ئیتر دەبێتە دوو ئەوەندەی ئەوەی ڕۆژانە هەڵی دەگرنەوە.) جا موسا و هارون بە هەموو نەوەی ئیسرائیلیان وت: (ئێوارە دەزانن کە خوداوەند ئێوەی لە خاکی میسر دەرهێنا. بەیانیش شکۆی خوداوەند دەبینن لە گوێگرتنی لە بۆڵەبۆڵتان دژ بە خوداوەند، بەڵام ئێمە چین تا بۆڵەبۆڵمان لە دژ بکەن؟) موسا وتی: (بەوەی خوداوەند ئێوارە گۆشتتان دەداتێ بیخۆن و بەیانیان نان تا تێر بن، بە گوێگرتنی خوداوەند لە بۆڵەبۆڵەکەتان ئەوەی کە ئێوە دژی دەیکەن، بەڵام ئێمە چین؟ بۆڵەبۆڵتان دژی ئێمە نییە، بەڵکو دژی خوداوەندە.)

موسا بە هارونی وت: (بە هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل بڵێ، "نزیک ببنەوە بۆ بەردەم خوداوەند، چونکە گوێی لە بۆڵەبۆڵتان بوو.") ئەوە بوو لەو کاتەی هارون لەگەڵ هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل دەدووا، ئاوڕیان دایەوە بەرەو چۆڵەوانی و بینییان شکۆمەندی خوداوەند لەناو هەور دەبینرێت. خوداوەندیش لەگەڵ موسادا دووا و فەرمووی: (گوێم لە بۆڵەبۆڵی نەوەی ئیسرائیل بوو، لەگەڵیان بدووێ و بڵێ، "ئێواران گۆشت دەخۆن و بەیانی تێر نان دەبن و دەزانن کە من خوداوەندم، خودای ئێوە.")

ئەوە بوو لە ئێوارە سوێسکە بەرز بوونەوە و ئۆردوگاکەیان داپۆشی، بەیانیش شەونم لە دەوروبەری ئۆردوگا کەوتبوو. کاتێک شەونمە کەوتووەکەش بەرز بۆوە، بینییان ئەوەتا لەسەر ڕووی چۆڵەوانییەکە شتێکی وردی وەک توێکڵ، ورد وەک زوقم لەسەر زەوییەکەیە. کاتێک نەوەی ئیسرائیل ئەمەیان بینی بە یەکتریان وت: (ئەوە چییە؟) چونکە نەیاندەزانی چییە. موساش پێی وتن: (ئەوە ئەو نانەیە کە خوداوەند بە ئێوەی داوە تا بیخۆن. ئەمە ئەو شتەیە کە خوداوەند فەرمانی کردووە، "با هەریەکە و بەگوێرەی خواردنی لێی هەڵبگرێتەوە، (عومر)ێک بۆ هەر یەکێک بەگوێرەی ژمارەی کەسەکان هەریەکە بۆ ئەوانەی لە چادرەکەی ئەون دەیباتەوە.") نەوەی ئیسرائیلیش وایان کرد و زۆر و کەم هەڵیانگرتەوە. بەڵام کاتێک بە عومر پێوایان، نە زۆرەکە زیادی کرد و نە کەمەکە کەمی کرد، هەریەکە و بەگوێرەی خواردنی هەڵی گرتەوە. موسا پێی وتن: (هیچ کەس لێی نەمێنێتەوە بۆ بەیانی.) بەڵام گوێیان لە موسا نەگرت، بەڵکو هەندێک خەڵک لێیان هێشتەوە بۆ بەیانی، جا کرم لێی دا و کەڕووی کرد، موساش لێیان تووڕە بوو. ئیتر هەموو بەیانییەک هەڵیان دەگرتەوە، هەر کەسە بەگوێرەی خواردنی، کە خۆریش

گەرم دابهاتایە دەتوایەوە.

ئەوە بوو لە ڕۆژی شەشەمدا دوو ئەوەندە نانیان هەڵگرتەوە، دوو عومر بۆ هەر یەکێک، ئیتر هەموو سەرۆکی کۆمەڵەکان هاتن و بە موسایان ڕاگەیاند. ئەویش پێی وتن: (ئەمە ئەوەیە کە خوداوەند فەرموویەتی، "بەیانی پشوودانە، شەممەی پیرۆزە بۆ خوداوەند، ئەوەی دەیکەن بە نان بیکەن و ئەوەی لێی دەنێن لێی بنێن، هەرچی دەمێنێتەوەش لای خۆتانی دابنێن تا بۆ بەیانی هەڵبگیردرێت.") جا دایان نا بۆ بەیانی هەروەک موسا فەرمانی دا، ئیتر نەکەڕوی کرد و نەکرمی تێدا پەیدابوو. ئینجا موسا وتی: (ئەمڕۆ بیخۆن، چونکە ئەمڕۆ شەممەیە بۆ خوداوەند، لە دەشتودەر نایدۆزنەوە. شەش ڕۆژ هەڵی دەگرنەوە و لە ڕۆژی حەوتەمدا شەممەیە و تێیدا نییە.)

ئەوە بوو لە ڕۆژی حەوتەمدا هەندێک لە خەڵکەکە دەرچوون تا هەڵی بگرنەوە، بەڵام نەیاندۆزیەوە. خوداوەندیش بە موسای فەرموو: (تا کەی ئێوە ڕەتی دەکەنەوە فەرمان و فێرکردنەکانم بپارێزن؟ بڕوانن، خوداوەند شەممەی پێداون، بۆیە لە ڕۆژی شەشەمدا نانی دوو ڕۆژتان پێ دەدات، با هەریەکە لە شوێنی خۆی دابنیشێت، با کەس لە ڕۆژی حەوتەمدا لە شوێنی خۆی دەرنەچێت.) ئیتر گەل لە ڕۆژی حەوتەمدا پشوویان دا.

ماڵی ئیسرائیلیش ناویان لە نانەکە نا (مەن) و وەک تۆوی گژنیژ سپیە و تامیشی وەک ناوشکێنەی بە هەنگوینە. موسا وتی: (ئەمە ئەو شتەیە کە خوداوەند فەرمانی کردووە، "عومرێکی لێ پڕبکەن و با پارێزراو بێت بۆ نەوەکانتان، بۆ ئەوەی ئەو نانە ببینن کەوا لە چۆڵەوانی دەرخواردم دان کاتێک لە خاکی میسر دەرمهێنان.") ئینجا موسا بە هارونی وت: (گۆزە ببە و پڕ بە عومرێک مەنی تێبکە و لەبەردەم خوداوەندی دابنێ تا پارێزراو بێت بۆ نەوەکانتان.) هەروەک خوداوەند فەرمانی بە موسا دا، هارون مەنەکەی لەپێش (شایەتی)یەکە دانا بۆ پاراستن. نەوەی ئیسرائیل چل ساڵ مەنیان خوارد تا هاتنە خاکی ئاوەدانی، مەنیان خوارد تا هاتنە سنووری خاکی کەنعان. عومریش دەیەکی (ئێفە)یە.

دەرچوون ۱۷: ۱-۷ ئاو لە تاشەبەردەکە دەردەچێت

ئینجا هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل لە چۆڵەوانی (سین)ـەوە کۆچیان کرد بەگوێرەی کۆچەکانیان کاتێک خوداوەند فەرمانی پێ دەکردن، جا لە (ڕەفیدیم) لایان دا و ئاویش نەبوو بۆ خواردنەوە بۆ گەل. جا گەل کردیان بە دەمەقاڵێ لەگەڵ موسا و وتیان: (ئاومان بدەنێ بیخۆینەوە.) موساش پێی وتن: (بۆچی دەمەقاڵێم لەگەڵ دەکەن؟ بۆچی خوداوەند تاقی دەکەنەوە؟) گەل لەوێ تینووی بوو بۆ ئاو و کەوتە بۆڵەبۆڵ بەسەر موسادا و وتیان: (بۆچی ئێمەت لە میسرەوە سەرخست، تا خۆمان و منداڵ و ئاژەڵی ماڵیمان بە تینوێتی بکوژیت؟) ئیتر موسا هاواری بۆ خوداوەند کرد و وتی: (چی لەم گەلە بکەم؟ پاش کەمێکی دیکە بەردبارانم دەکەن.) خوداوەندیش بە موسای وت: (لەپێش گەلدا بڕۆ و لە پیرانی ئیسرائیل لەگەڵ خۆتدا ببە و ئەو گۆچانە کەوا لە نیلت دا پێی لەگەڵ دەست ببە و بڕۆ. ئەوەتا من لەپێشت لەوێ لەسەر ئەو تاشەبەردە لە حۆرێڤ وەستاوم، لە تاشەبەردەکە دەدەیت و ئاوی لێ دەردەچێت و گەل دەیخۆنەوە.) موساش وای کرد لەبەرچاوی پیرانی ئیسرائیل. ئەو شوێنەیان ناونا (مەسا) و (مەریبا)، لەبەر دەمەقاڵێی نەوەی ئیسرائیل و لەبەر ئەوەی خوداوەندیان تاقی کردەوە و وتیان (ئایا خوداوەند لەنێوانمانە یان نا؟)

دەرچوون ۱۷: ۸-۱٦ بەزاندنی عەمالێقییەکان

ئینجا عەمالێقییەکان هاتن و شەڕیان لەگەڵ ئیسرائیل کرد لە ڕەفیدیم. موساش بە (یەشوع)ی وت: (پیاوانمان بۆ هەڵبژێرە و بڕۆ لە دژی عەمالێقییەکان شەڕ بکە، من بەیانی لەسەر سەری گردەکە دەوەستم و گۆچانەکەی خوداش

بەدەستمەوە دەبێت.) یەشوعیش بە قسەی موسای کرد، دژ بە عەمالێقییەکان جەنگا، موسا و هارون و (حوور)یش سەرکەوتنە سەر گردەکە. ئەوە بوو کاتێک موسا دەستی بەرز بکردایەوە ئەوا نەوەی ئیسرائیل سەردەکەوتن و ئەگەر دەستی بهێنایە خوارەوە عەمالێقییەکان سەردەکەوتن. کاتێک دەستەکانی موسا قورس بوون بەردێکیان هێنا و لە ژێری دایان نا و لەسەری دانیشت. ئینجا هارون و حوور یەکێکیان لەم لاوە و ئەوی دیکە لەو لاوە دەستیان گرت، ئیتر تا ئاوابوونی خۆر دەستەکانی چەسپاو بوون. یەشوعیش بە شمشێر عەمالێق و لەشکرەکەی بەزاند.

<u>خوداوەند</u>یش بە موسای فەرموو: (ئەمە وەک یادگاری لە پەڕتووکێکدا بنووسە و بە گوێی یەشوعدا بیخوێنەرەوە، چونکە بە تەواوی یادگاری عەمالێق لە ژێر ئاسمان دەسڕمەوە.) موساش قوربانگەیەکی دروستکرد و ناوی نا (<u>خوداوەند</u> ئاڵای منە) و وتی: (دەست لەسەر ئاڵای <u>خوداوەند</u>ە، <u>خوداوەند</u> لە جەنگدا دەبێت دژ بە عەمالێق لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەک.)

دەرچوون ١٨: ١-٢٧ هاتنی یەترۆ بۆ لای موسا

یەترۆی خەزووری موسا کەوا کاهینی میدیان بوو، هەموو ئەو شتانەی بیستەوە کە خودا لەگەڵ موسا و ئیسرائیلی گەلەکەی کردبووی، کە <u>خوداوەند</u> ئیسرائیلی لە میسرەوە دەرهێناوە. جا یەترۆی خەزووری موسا چیپۆرەی ژنی موسای برد دوای ئەوەی موسا ناردبوویەوە. هەروەها دوو کوڕەکەی کە ناوی یەکێکیان گێرشۆمە، چونکە موسا وتی، "نامۆ بووم لە خاکی نامۆیم،" ناوی ئەوەی دیکەشیان ئەلیعەزەر بوو، چونکە وتی، "خودای باوکم یارمەتیدەرم بوو و فریام کەوت لە شمشێری فیرعەون." ئینجا یەترۆی خەزووری موسا و کوڕەکانی و ژنەکەی هاتنە لای موسا بۆ ئەو چۆڵەوانییەی ئەو لەوێ لەلای کێوی خودا لای دابوو. یەترۆی هەواڵی نارد بۆ موسا: (من یەترۆئم هاتووم بۆ لات لەگەڵ ژنەکەت و دوو کوڕەکەی.) موساش دەرچوو بۆ پێشوازی خەزووری و کڕنۆشی برد و ماچی کرد و چاک و چۆنیان لە یەکتری کرد و چوونە ناو چادرەکە. موساش هەموو ئەو شتانەی بۆ خەزووری گێڕایەوە کە <u>خوداوەند</u> بە فیرعەون و میسرییەکانی کرد لە پێناوی گەلی ئیسرائیل و هەموو ئەو ناخۆشیانەی لە ڕێگا توشیان هات و <u>خوداوەند</u> فریایان کەوت. یەترۆیش دڵخۆش بوو بەو هەموو چاکەیەی کە <u>خوداوەند</u> لەگەڵ نەوەی ئیسرائیلی کرد، کە فریایان کەوتبوو لە دەستی میسرییەکان.

یەترۆ وتی: (ستایش بۆ <u>خوداوەند</u> ئەوەی لە دەستی میسرییەکان و لە دەستی فیرعەون فریاتان کەوت، ئەوەی فریای گەل کەوت لە ژێر دەستی میسرییەکان. کاتێک بەو شتانە لووتبەرز بوون بەسەر ئیسرائیلییەکان، ئێستا زانیم کە <u>خوداوەند</u> لە هەموو خوداکان مەزنترە.) جا یەترۆی خەزووری موسا قوربانیسووتاو و قوربانی بۆ خودا هێنا و هارون و هەموو پیرانی ئیسرائیلیش هاتن تا لەگەڵ خەزووری موسا لە بەرامبەر خودا نان بخۆن.

ئەوە بوو بەیانی موسا دانیشت تا دادوەری بۆ گەل بکات، ئیتر گەل لە بەیانیەوە تا ئێوارە لەلای موسا ڕاوەستان. کاتێک خەزووری موسا هەموو ئەو شتانەی بینی کە موسا بۆ گەل دەیکات، وتی: (ئەم شتە چییە تۆ بۆ گەل دەکەیت؟ لەبەرچی بەتەنیا دانیشتوویت و هەموو گەل لەلات ڕاوەستاون لە بەیانیەوە تا ئێوارە؟) موساش بە خەزووری وت: (چونکە گەل دێتە لام بۆ ڕاوێژکردن بە خودا. [16] چونکە کاتێک شتێکیان هەبێت دێن بۆ لام، منیش دادوەری نێوان پیاو و برادەرەکەی دەکەم و فەرز و فێرکردنەکانی خودایان پێ دەناسێنم.)

خەزووری موساش پێی وت: (ئەوەی تۆ دەیکەیت باش نییە. لەبن دێیت خۆت و ئەم گەلەش کە لەگەڵتن، چونکە کارەکە لە تۆ مەزنترە، ناتوانیت بەتەنیا بیکەیت. ئێستاش گوێم لێبگرە و ئامۆژگاریت دەکەم، با خودات لەگەڵ بێت، تۆ نوێنەری گەل بە لە بەرامبەر خودا و داواکارییەکانیان پێشکەش بە خودا بکە. فێری فەرز و فێرکردنەکانیان بکە و ئەو ڕێگایەیان پێ بناسێنە کە دەیگرن و ئەو کارەی کە دەیکەن. تۆش لەناو هەموو گەلدا چاو دەبڕیتە سەر پیاوانی بە توانا و لەخواترس، پیاوانی دڵسۆز

کەوا ڕقیان لە بەرتیلە، دەیانکەیت بە سەرۆکی هەزاران و سەرۆکی سەدان و سەرۆکی پەنجایان و سەرۆکی دەیان بەسەریانەوە. هەموو کاتێک دادوەری بۆ گەل دەکەن و هەر داواکارییەکی گەورە هەبێت دەیهێننە لای تۆ، هەر داواکارییەکیش بچووک بێت خۆیان دادوەری تێدا دەکەن. ئیتر باری خۆت سووک بکەرەوە، ئەوان لەگەڵت هەڵدەگرن. ئەگەر ئەم کارەت کرد و خوداش فەرمانی پێ کردیت، ئەوا دەتوانیت خۆت ڕابگریت و هەروەها هەموو ئەم گەلەش بە سەلامەتی دەگەنە شوێنی خۆیان.)

موساش گوێی لە قسەکانی خەزووری گرت و هەموو ئەو شتانەشی کرد کە وتی. ئینجا موسا پیاوی بە توانای لە هەموو ئیسرائیلدا هەڵبژارد و کردنی بە سەرۆک بۆ گەل، سەرۆکی هەزاران و سەدان و پەنجایان و دەیان. ئیتر هەموو کات دادوەریان بۆ گەل دەکرد و داواکاری گرانیشیان دەهێنایە لای موسا. هەموو داواکارییەکی بچووکیش خۆیان دادوەریان تێدا دەکرد. ئینجا موسا خەزووری بەڕێ کرد و یەترۆیش ڕۆیشتەوە بۆ خاکی خۆی.

دەرچوون **١٩**: ١-٢٥ لە شاخی سینادا

لە مانگی سێیەم دوای دەرچوونی نەوەی ئیسرائیل لە خاکی میسرەوە، لەو ڕۆژەدا هاتنە (چۆڵەوانی سینا). لە ڕەفیدیمەوە کۆچیان کرد و هاتنە چۆڵەوانی سینا و لە چۆڵەوانی لایان دا، ئیسرائیلییەکان لەوێ بەرامبەر بە کێوەکە لایان دا. موساش سەرکەوت بۆ لای خودا، خوداوەند لە کێوەکەوە بانگی کرد و فەرمووی: (ئاوا بەماڵی یاقوب دەڵێیت و ئاوا بە نەوەی ئیسرائیل ڕادەگەیەنیت: "خۆتان ئەوەتان بینی کە بە میسرییەکانم کرد، ئێوەشم لەسەر باڵی هەڵۆکان هەڵگرت و ئێوەم بۆ لای خۆم هێنا. ئێستاش ئەگەر ئێوە بە تەواوی گوێ لە دەنگم بگرن و پەیمانەکەم بپارێزن، ئەوا گەنجینەیەکی تایبەت دەبن بۆ من لەنێو هەموو گەلان. چونکە هەموو زەوی بۆ منە، بەڵام ئێوەش بۆم دەبن بە پاشایەتی کاهینان و نەتەوەیەکی پیرۆز." ئەمانە ئەو وشانەن کە بە نەوەی ئیسرائیلی دەڵێیت.)

موساش هات و هەموو پیرانی گەلی بانگکرد و هەموو ئەو وشانەی لەبەردەمیان دانا کە خوداوەند فەرمانی پێ کردبوو. هەموو گەلیش پێکەوە وەڵامیان دایەوە و وتیان: (هەموو ئەوەی خوداوەند فەرموویەتی دەیکەین.) موساش قسەکانی گەلی بۆ خوداوەند گێڕایەوە. خوداوەندیش بە موسای فەرموو: (ئەوەتا من لە چڕی هەوردا دێم بۆ لات، بۆ ئەوەی گەل گوێی لێبێت کاتێک لەگەڵت دەدوێم و باوەڕت پێ بکەن تاهەتایە.) موساش وتەکانی گەلی بە خوداوەند ڕاگەیاند.

جا خوداوەند بە موسای فەرمووی: (بڕۆ لای گەل و ئەمڕۆ و بەیانی تەرخانیان بکە. با جلەکانیان بشۆن و ئامادە بن بۆ ڕۆژی سێیەم، چونکە لە ڕۆژی سێیەمدا خوداوەند لەبەرچاوی هەموو گەل دێتە خوارەوە بۆ سەر (شاخی سینا). بە چواردەوری کێوەکەدا سنوور بۆ گەل دادەنێیت و دەڵێیت، "ئاگاداری خۆتان بن بەسەر کێوەکە مەکەون و دەست لە لێوارەکەی مەدەن، چونکە هەر کەسێک دەست لە کێوەکە بدات بە ڕاستی دەکوژرێت. دەست پێی ناکەوێت، بەڵکو بە ڕاستی بەردباران یان تیرباران دەکرێت، ئاژەڵ بێت یان مرۆڤ، نابێت بژیێت." بەڵام لە کاتی فووکردنێکی بەهێز بە کەڕەنادا، ئەوان لە کێوەکە نزیک دەبنەوە.)

موساش لە کێوەکە هاتە خوارەوە بۆ لای گەل و ئەو گەلی تەرخانکرد و ئەوان جلەکانیان شوشت. بە گەلی وت: (ئامادە بن بۆ ڕۆژی سێیەم، لە ئافرەت نزیک مەکەونەوە.) ئەوە بوو سەر لە بەیانی ڕۆژی سێیەم، بووە هەورە تریشقە و بروسک و هەورێکی چڕ لەسەر کێوەکە، دەنگی کەڕەنا زۆر بەرز بوو، هەموو گەل ئەوانەی لە ئۆردوگاکە بوون کەوتنە لەرزین. ئینجا موسا گەلی لە ئۆردوگاکەوە دەرهێنا بۆ دیداری خودا، جا لە خوارەوەی کێوەکە وەستان. هەموو شاخی سیناش دووکەڵی دەکرد لەبەر ئەوەی خوداوەند بە ئاگرەوە هاتە خوارەوە بۆ سەری و دووکەڵیش وەک دووکەڵی کوورە بەرز بۆوە و هەموو کێوەکەش زۆر

لەرزی. دەنگی کەڕەناش جار لە جار بەرزتر دەبوو. جا موسا دەدووا و خوداش بە دەنگ وەڵامی دەدایەوە. خوداوەند هاتە خوارەوە بۆ سەر شاخی سینا و موسای بۆ سەری کێوەکە بانگ‌کرد و موساش سەرکەوت. خوداوەند بە موسای فەرموو: (بڕۆ خوارەوە و گەل ئاگادار بکەوە، نەوەک پێشێلی بکەن بۆ بینینی خوداوەند و زۆریان لەناوبچێت. هەروەها ئەو کاهینانەش کە لە خوداوەند نزیک دەبنەوە، با خۆیان تەرخان بکەن نەوەک خوداوەند بە ڕوویاندا هەڵبشاخێت.) موساش بە خوداوەندی وت: (گەل ناتوانێت بۆ شاخی سینا سەربکەوێت، چونکە تۆ ئاگادارت کردینەوە و فەرمووت، "سنوور بۆ کێو دابنێ و تەرخانی بکە.") خوداوەندیش پێی فەرموو: (بڕۆ خوارەوە، پاشان لەگەڵ هارون سەربکەوەوە، بەڵام کاهینەکان و گەل با پێشێلی نەکەن بۆ سەرکەوتن بۆ لای خوداوەند، نەوەک بە ڕوویاندا هەڵبشاخێت.) ئیتر موسا بۆ لای گەل چووە خوارەوە و پێی وتن.

دەرچوون ۲۰: ۱-۲۱ ده ڕاسپاردەکە

ئینجا خودا بە هەموو ئەو وتانە دووا و فەرمووی: (من خوداوەندم، خودای تۆ، کە لە خاکی میسرەوە دەرمهێنایت، لە خاکی کۆیلایەتییەوە.

(لە بەرامبەر من خودای دیکەت نابێت.

(پەیکەر بۆ خۆت دروست ناکەیت، نە لە هیچ شێوەیەکی ئەوانەی لە ئاسمانن لەسەرەوە، نە ئەوانەی لەسەر زەوین لە خوارەوە، نە ئەوانەی لەناو ئاون لە ژێر زەوییەوە. کڕنۆشیان بۆ نەبەیت و نەیانپەرستیت، چونکە من خوداوەند خوداتم خودایەکی ئیرەدارم، سزای منداڵان دەدەم، لە بری گوناهی باوکان تا نەوەی سێیەم و چوارەم لە ناحەزەکانم، بەڵام خۆشەویستی نەگۆڕ بەدەردەخەم بۆ هەزاران لە خۆشەویستانم و ئەوانەی ڕاسپاردەکانم دەپارێزن.

(ناوی خوداوەند خودات بۆ شتی پوچەڵ مەهێنە، چونکە خوداوەند ئەو کەسە بێ‌خەتا ناکات کەوا بۆ شتی پوچەڵ ناوی دەهێنێت.

(یادی ڕۆژی شەممە بکەرەوە تا پیرۆزی بکەیت. شەش ڕۆژ ئیش دەکەیت و هەموو کارەکەت دەکەیت. ڕۆژی حەوتەمیش شەممەیە بۆ خوداوەند خودات، هیچ کارێک ناکەیت، خۆت و کوڕەکەت و کچەکەت و خزمەتکارەکەت و کارەکەرەکەت و ئاژەڵەکانت و ئەو نامۆیەی لەناو دەروازەکەتە هیچ کارێک ناکەن، چونکە خوداوەند لە شەش ڕۆژدا ئاسمان و زەوی و دەریا و هەموو ئەو شتانەی تێیدایە دروستکرد و لە ڕۆژی حەوتەمدا پشووی دا، لەبەر ئەمە خوداوەند ڕۆژی شەممەی بەرەکەتدار و پیرۆز کرد.

(ڕێزی دایک و باوکت بگرە، بۆ ئەوەی ڕۆژگاری ژیانت درێژ بێت لەو خاکەی خوداوەند خودات پێت دەدات.

(مەکوژە.

(داوێنپیسی مەکە.

(مەدزە.

(بە درۆ شایەتی لەسەر نزیکەکەت مەدە.

(چاو مەبڕە ماڵی نزیکەکەت. هەوەست لە ژنی نزیکەکەت نەبێت و چاو مەبڕە خزمەتکارەکەی و گاکەی و مانگاکەی و گوێدرێژەکەی و هەر شتێک کەوا هی نزیکەکەت بێت.)

هەموو گەلیش هەورە تریشقە و بروسک و دەنگی کەڕەنا و کێوەکەیان بینی دووکەڵی دەکرد، گەل بینییان و لەرزین و لە دوورەوە وەستان. بە موساشیان وت: (تۆ لەگەڵمان بدوێ و گوێ دەگرین. با خودا لەگەڵمان نەدوێ نەوەک بمرین.) موساش بە گەلی وت: (مەترسن، چونکە خودا هاتووە بۆ ئەوەی تاقیتان بکاتەوە، تاکو ترسی ئەوتان لەبەرچاو بێت و گوناه نەکەن.) جا

گەل لە دوورەوە وەستان و موساش نزیک بووەوە لە تەمەکە، ئەوەی خودا لەوێ بوو.

دەرچوون ٢٣: ٢٠-٣٣ فریشتەی خودا ڕێگاکە ئامادە دەکات

(ئەوەتا من فریشتەیەک لەپێشتەوە دەنێرم تا لە ڕێگا بتپارێزێت و بتهێنێتە ئەو شوێنەی ئامادەم کردووە. ئاگاداربە لێی و گوێ لە دەنگی بگرە و توورەی مەکە، چونکە لە یاخیبوونتان نابوورێت، چونکە ناوی منی تێدایە.

(بەڵام ئەگەر گوێت لە دەنگی گرت و هەموو ئەوانەی دەیڵێم جێبەجێی بکەیت، ئەوا دژایەتی دوژمنەکانت دەکەم و تەنگ هەڵدەچنم بە تەنگ پێهەڵچنانتان.

(کە فریشتەکەم لەپێشتەوە دەڕوات و دەتهێنێتە لای ئەمورییەکان و حیسییەکان و پریزییەکان و کەنعانییەکان و حیڤییەکان و یەبوسییەکان و لەناویان دەبەم، بۆ خوداکانیان کڕنۆش مەبە و مەیانپەرستە و وەک کردەوەکانی ئەوان مەکە، بەڵکو بە تەواوی وردوخاشیان دەکەیت و ئەوانەی قیتیان کردۆتەوە بە تەواوی دەیانشکێنیت. <u>خوداوەند</u> خوداتان دەپەرستن، جا نان و ئاوت بەرەکەتدار دەکات. دەرد لەنێوتان ناهێڵم. لەبارچوو و نەزۆک نابێت لە زەوییەکەت و جوانەمەرگت ناکەم. سامناکی خۆم لەپێشتەوە دەنێرم و هەموو ئەو نەتەوانەی دەچیتە سەریان بێزاریان دەکەم و وا دەکەم هەموو دوژمنەکانت هەڵبێن. زەردەواڵەش لەپێشتەوە دەنێرم و حیڤییەکان و کەنعانییەکان و حیسییەکان لەپێشتەوە ڕابماڵن. لە ماوەی یەک ساڵدا لەپێشت ڕایان ناماڵم، نەوەک زەوییەکە ببێت بە وێرانە و ئاژەڵی کێوی بەسەرتەوە زیاد بکات. کەمە کەمە لەپێشت ڕایان دەماڵم، تا بەردار دەبیت و خاوەنداریەتی زەوییەکە دەکەیت. سنوورەکەشت دادەنێم لە دەریای سوفەوە تا (دەریای سپی ناوەڕاست) و لە چۆڵەوانییەوە تا ڕووبارەکە، چونکە دانیشتووانی خاکەکە دەدەمە دەستتان و ئێوەش لەپێش خۆتان ڕایان دەماڵن. نە لەگەڵ ئەوان نە لەگەڵ خوداکانیان پەیمان مەبەستن. با لە خاکەکەتدا نیشتەجێ نەبن، نەوەک وات لێبکەن گوناه سەبارەت بە من بکەیت. چونکە خودای ئەوان بپەرستیت ئەوا دەبێتە تەڵە بۆت.)

دەرچوون ٢٤: ١-١٨ دووپاتکردنەوەی پەیمانەکە

ئینجا بە موسای فەرموو: (سەربکەوە بۆ لای <u>خوداوەند</u>، خۆت و هارون و ناداب و ئەبیهو و حەفتا لە پیرانی ئیسرائیل و لە دوورەوە کڕنۆشی بۆ ببەن. تەنها موسا لە <u>خوداوەند</u> نزیک دەبێتەوە و ئەوانی دیکە نزیک ناکەونەوە، خەڵکەکەش لەگەڵی سەر ناکەون.)

موساش هات و هەموو وشەکانی <u>خوداوەند</u> و هەموو یاساکانی بۆ خەڵکەکە گێڕایەوە، هەموو گەلیش بەیەک دەنگ وەڵامیان دایەوە و وتیان: (هەموو ئەو وشانەی <u>خوداوەند</u> فەرموویەتی دەیکەین.) موساش هەموو وشەکانی <u>خوداوەندی</u> نووسی. بەیانی زوو هەڵستا و قوربانگەیەکی لەبن کێوەکە بنیاد نا لەگەڵ دوازدە ستوون بۆ دوازدە هۆزەکەی ئیسرائیل. لاوانی نەوەی ئیسرائیلیشی نارد و قوربانیسووتاندن و قوربانیهاوبەشییان لە جوانەگاکان بۆ <u>خوداوەند</u> پێشکەش‌کرد. موسا نیوەی خوێنەکەی کردە چەند جامێک و نیوەکەی دیکەشی بەسەر قوربانگاکەدا پرژاند. ئینجا پەڕتووکی پەیمانی هەڵگرت و بۆ گەلی خوێندەوە، ئەوانیش وتیان: (هەموو ئەوەی <u>خوداوەند</u> فەرموویەتی دەیکەین و گوێی لێ دەگرین.) ئینجا موسا خوێنەکەی هەڵگرت و بەسەر گەلدا پرژاندی و وتی: (ئەوەتا خوێنی پەیمان کەوا <u>خوداوەند</u> لەگەڵتانی بەستووە لەسەر هەموو ئەم وشانە.)

دواتر موسا و هارون و ناداب و ئەبیهو و حەفتا لە پیرانی ئیسرائیل سەرکەوتن و خودای ئیسرائیلیان بینی، لە ژێر پێیەکانی شتێکی وەک بەردڕێژکراو بە بەردی یاقووتی شین و وەک ئاسمانی ساماڵ لە بێگەردی. بەڵام دەستی بۆ پیاو ماقوڵانی نەوەی ئیسرائیل درێژ نەکرد، ئیتر خودایان بینی و خواردیان و خواردیانەوە.

خوداوەند بە موسای فەرموو: (سەربکەوە بۆ لام بۆ کێوەکە و لەوێ بە، دوو تەختە بەردت دەدەمێ، فێکردنەکان و فەرمانەکانی تێدایە کەوا نووسیوومن بۆ فێرکردنیان.) جا موسا و یەشوعی خزمەتکاری هەڵستان، ئینجا موسا بۆ کێوی خودا سەرکەوت. بە پیرانیشی وت: (لێرە چاوەڕێمان بکەن تا دەگەڕێینەوە لاتان، ئەوەتا هارون و حووریش لەگەڵتانن، ئەگەر یەکێک داواکاری یاخود ناکۆکی هەبوو با بچێتە لایان.)

ئیتر موسا بەسەر کێوەکە کەوت و هەور کێوەکەی داپۆشی. شکۆمەندی خوداوەندیش لەسەر شاخی سینا نیشتەوە و بۆ ماوەی شەش ڕۆژ هەور کێوەکەی داپۆشی، لە ڕۆژی حەوتەمدا لەنێو هەورەوە موسای بانگکرد. دیمەنی شکۆمەندی خوداوەندیش وەک ئاگرێکی بڵێسەداری بەتین بوو لەسەر کێو لەبەرچاوی نەوەی ئیسرائیل. [١٨] ئینجا موسا هاتە ناو هەورەکەوە و بۆ سەر کێوەکە سەرکەوت. جا موسا چل ڕۆژ و چل شەوی پێچوو لە کێوەکە.

دەرچوون **٢٥**: ١٠-٢٢ سندوقی پەیمان

(سندوقێکیش لە داری چنار دروست دەکەن، درێژییەکەی دوو باڵ و نیو و پانییەکەی باڵ و نیوێک و بەرزییەکەی باڵ و نیوێک بێت، بە تەواوی ڕووکەشی دەکەیت بە زێڕی بێگەرد، لەناوەوە و لە دەرەوەش، بەهەر چواردەوریشیدا چوارچێوەی زێڕی بۆ دروست دەکەیت. چوار بازنەی زێڕیشی بۆ دادەڕێژیت و لەسەر چوار پایەکەی دایدەنێیت، دوو بازنە لەلایەک و دوو بازنەش لەلایەکەی دیکەی. دوو داریش لە داری چنار دروست دەکەیت و بەزێڕ ڕووکەشیان دەکەیت. دارەکانیش دەخەیتە ناو بازنەکانی سەر هەردوو لای سندوقەکە، بۆ هەڵگرتنی سندوقەکە پێیان. دارەکان لەناو بازنەکانی سندوقەکە دەبن، لێیان دەرناهێنرێن. لەناو سندوقەکەش ئەو شایەتییە دادەنێیت کە پێت دەدەم.

(ڕووکەشی کەفارەتیش لە زێڕی بێگەرد دروست دەکەیت کەوا دوو باڵ و نیو درێژییەکەی و باڵ و نیوێک پانییەکەی بێت. دوو کەڕوبی زێڕینیش دروست دەکەیت، دەستکردی کوتراو دەیانکەیت لە هەردوو لای کۆتایی قەپاغی کەفارەتەکە. جا کەڕوبێک لەم لاوە دروست دەکەیت و کەڕوبەکەی دیکەش لەلایەکەی دیکە، کەڕوبەکان لە هەردوو لاوە دروست دەکەیت و لەگەڵ قەپاغی کەفارەتەکە یەک پارچە دەبن. دەبێت کەڕوبەکانیش باڵیان بۆ سەرەوە لێک کردبێتەوە و بە باڵەکانیان سێبەریان بەسەر قەپاغی کەفارەتەکەوە کردبێت و کەڕوبەکان ڕووبەڕوو بن و ڕوویان لە قەپاغی کەفارەتەکە بێت. قەپاغی کەفارەتەکە لەسەر سندوقەکە دادەنێیت لەلای سەرەوە، لەناو سندوقەکەش ئەو شایەتییە دادەنێیت کە من پێت دەدەم. لەوێ لەگەڵت کۆ دەبمەوە و لەگەڵت دەدوێم، لەسەر قەپاغی کەفارەتەکە لەنێوان دوو کەڕوبەکەی سەر سندوقی شایەتی، سەبارەت بە هەموو ئەو شتانەی فەرمانت پێ دەدەم بۆ نەوەی ئیسرائیل.

دەرچوون **٣١**: ١٢-١٨ ڕۆژی حەسانەوە (شەبات)

هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسادا دووا و فەرمووی: (تۆ لەگەڵ نەوەی ئیسرائیلدا دەدوێیت و دەڵێیت، "دەبێت شەممەکانم بپارێزن، چونکە نیشانەیە لەنێوان من و ئێوەدا بۆ نەوەکانتان تا بزانن من خوداوەندم کە پیرۆزتان دەکەم. ("جا شەممە دەپارێزن، چونکە پیرۆزە بۆتان، ئەوەی گڵاوی بکات بە کوشتن دەکوژرێت، چونکە هەر کەسێک لەو پشووەدا کارێک بکات ئەوا لەنێو گەلەکەیدا دەبڕدرێتەوە. شەش ڕۆژ کار دەکرێت و لە ڕۆژی حەوتەمدا پشوودانی شەممەیە، پیرۆزە بۆ خوداوەند، هەر کەسێک لە ڕۆژی شەممەدا کار بکات بە کوشتن دەکوژرێت. جا نەوەی ئیسرائیل شەممە دەپارێزن، تا نەوەکانیان پەیوەست بن بە شەممەوە وەک پەیمانێکی تاهەتایی، لەنێوان من و نەوەی ئیسرائیلدا نیشانەیەکە بۆ تاهەتایە، چونکە لە شەش ڕۆژدا خوداوەند ئاسمان و زەوی دروستکرد و لە ڕۆژی حەوتەمدا لە کارکردن وەستا و پشووی دا.")

ئینجا کە لە قسەکانی بۆوە لەگەڵ موسادا لە شاخی سینا، دوو تەختەکەی شایەتی دا بە موسا، تەختەی بەرد بوون و بە پەنجەی خودا نووسرا بوون.

دەرچوون ٣٢: ١-٣٥ گوێرەکەیەکی لە قاڵبدراو

کاتێک گەل بینی موسا دوا کەوت لە هاتنەخوارەوە لە کێوەکە، جا لەسەر هارون کۆبوونەوە و پێیان وت: (وەرە! چەند خودایەکمان بۆ دروست بکە لەپێشمانەوە بڕۆن، چونکە ئەم موسایە، ئەو پیاوەی لە خاکی میسرەوە سەری خستین نازانین چی لێهات.) هارونیش پێی وتن: (ئەو گوارە زێڕانەی لە گوێی ژنەکانتان و کوڕەکانتان و کچەکانتاندان لێی بکەنەوە و بۆمی بهێنن.) جا هەموو گەل ئەو گوارانەی لە گوێیان بوون لێیان کردنەوە و بۆ هارونیان هێنا. ئەویش لە دەستیانی وەرگرت و بە سومبە وێنەی کێشا و کردی بە گوێرەکەیەکی لە قاڵبدراو، جا وتیان: (ئەمە خوداکەتە ئەی ئیسرائیل، ئەوەی لە خاکی میسرەوە تۆی دەرهێنا.) کاتێک هارون بینی، قوربانگەیەکی لەپێش گوێرەکەکە دروستکرد و بانگەوازی دا و وتی: (بەیانی جەژنە بۆ خوداوەند.) ئینجا بەیانی زوو هەڵستان و قوربانیسووتاندنیان سەرخست و قوربانیهاوبەشییان پێشکەش‌کرد، ئینجا گەل بۆ خواردن و خواردنەوە دانیشتن، پاشان هەڵستان بۆ ڕابواردن.

جا خوداوەند بە موسای فەرموو: (بڕۆ خوارەوە، چونکە گەلەکەت گەندەڵ بوو، ئەوەی لە خاکی میسرەوە سەرت خست. زوو لایان دا لەو ڕێگایەی کە فەرمانم پێکردن، گوێرەکەیەکی لەقاڵبدراویان بۆ خۆیان دروستکردووە و کڕنۆشی بۆ دەبەن و قوربانی بۆ سەر دەبڕن و دەڵێن، "ئەمە خوداتە ئەی ئیسرائیل، ئەوەی لە خاکی میسرەوە سەری خستیت.") هەروەها خوداوەند بە موسای فەرموو: (تەماشای ئەم گەلەم کرد و ئەوەتا گەلێکی کەللەڕەقن. [١٠] ئێستاش لێم گەڕێ با تووڕەییم بەسەریاند بێتە جۆش و کۆتاییان پێ بهێنم، تۆش دەکەم بە گەلێکی مەزن.)

موساش لە خوداوەند خودای پاڕایەوە و وتی: (خوداوەند، بۆچی تووڕەییت بەسەر گەلەکەت دێتە جۆش، کە لە خاکی میسرەوە بە توانایەکی مەزن و دەستێکی بەهێزەوە دەرتهێنا؟ بۆچی میسرییەکان بڵێن، "بە نیاز خراپی دەری‌هێنان تا لە کێوەکان بیانکوژێت و لەسەر ڕووی زەوی نەیانهێڵێت؟" لە جۆشی تووڕەییت بگەڕێوە و پەشیمان بەوە لەوەی خراپە بە گەلەکەت بکەیت. ئیبراهیم و ئیسحاق و ئیسرائیلی خزمەتکارانت بەبیر بێتەوە کە بە گیانی خۆت سوێندت بۆیان خوارد و پێیانت فەرموو، نەوەکانتان زۆر دەکەم وەک ئەستێرەکانی ئاسمان و هەموو ئەم خاکەش کە باسم کرد، دەیدەم بە نەوەکانتان و دەبێتە موڵکیان بۆ تاهەتایە.") جا خوداوەند پەشیمان بۆوە لەو کارەساتەی فەرمووی، کە ویستی بە گەلەکەی بکات.

جا موسا ڕووی وەرگێڕا و لە کێوەکە هاتە خوارەوە و هەردوو تەختەی شایەتییەکەش بە دەستیەوە بوو، ئەو تەختانەی لە هەردوو ڕووەکەی نووسرابوون، لەم لاو لەو لاوە نووسرابوون. تەختەکان دەستکردی خودان و نووسینەکەش نووسینی خودایە لەسەر تەختەکان نەخشێندراوە. کاتێک یەشوع گوێی لە دەنگی گەل بوو کە هاواریان دەکرد، بە موسای وت: (دەنگی جەنگە لە ئۆردوگاکە!) ئەویش وتی: (نە دەنگی هاواری سەرکەوتنە، نە دەنگی هاواری دۆڕاندنە، بەڵکو دەنگی گۆرانییە، ئەوەی گوێم لێیە.) ئەوە بوو کاتێک لە ئۆردوگاکە نزیک کەوتەوە، چاوی بە گوێرەکە و سەما کەوت، جا تووڕەیی موسا جۆشا و هەردوو تەختەکەی لە دەستییەوە فڕێدا و لە خوار کێوەکە شکاندنی. ئینجا ئەو گوێرەکەیەی دروستیان‌کردبوو بردی و بە ئاگر سووتاندی و هاڕی تا بوو بە تۆز و بەسەر ئاوەکەدا بەبای کرد و ئاوەکەی بە نەوەی ئیسرائیل خواردەوە.

موسا بە هارونی وت: (ئەم گەلە چییان لێ‌کردوویت تا ئەو گوناهە گەورەیەیان بەسەر بهێنیت؟) هارونیش وتی: (با تووڕەیی گەورەم نەجۆشێت، خۆت ئەم گەلە دەناسیت کەوا لە خراپە دایە. پێیان وتم، "چەند خودایەکمان بۆ دروست بکە لەپێشمانەوە بڕۆن، چونکە ئەم موسایە، ئەو پیاوەی لە خاکی میسرەوە سەری خستین، نازانین چی لێهات." [٢٤] منیش پێم وتن،

"کێ زێڕی هەیە با لێی بکاتەوە و بمداتێ،" جا فڕێم دایە ناو ئاگرەوە و ئەم گوێرەکەیەی لێ دەرچوو!)

موسا بینی گەل بەڕەڵا کراوە، چونکە هارون بەڕەڵای کردبوون تا ببن بە گاڵتەجاڕ لەنێو بەرهەڵستکارانیان‌دا. ئینجا موسا لە دەروازەی ئۆردوگاکە وەستا و وتی: (کێ بۆ خوداوەندە با بێتە لام.) جا هەموو نەوەی لێڤی لێی کۆبوونەوە. ئەویش پێی وتن: (خوداوەند خودای ئیسرائیل ئاوای وت، "با هەریەکە شمشێرەکەی بکات بە لاڕانییەوە، دەروازە بە دەروازە بە ئۆردوگاکەدا تێبپەڕن و بگەڕێنەوە، با هەریەکە بکوژێت، جا برای بێت یان هاوڕێ یان هاوسێ.) نەوەی لێڤیش وایان کرد، وەک موسا وتی و ئەو ڕۆژە نزیکەی سێ هەزار پیاو لە گەل کەوتن. موسا وتی: (ئەمڕۆ ئێوە تەرخان کراون بۆ خوداوەند، لەبەر ئەوەی ئێوە دژی کوڕ و براکانتان بوون، جا ئەمڕۆ بەرەکەتتان بەسەردا دەدات.)

ئەوە بوو بۆ بەیانی موسا بە گەلی وت: (ئێوە گوناهێکی گەورەتان کردووە، بەڵام ئێستا سەردەکەوم بۆ لای خوداوەند، بەڵکو کەفارەتی گوناهەکەتان بکەم.) جا موسا گەڕایەوە لای خوداوەند و وتی: (ئای کە ئەم گەلە گوناهێکی گەورەی کرد و خودای زێڕیان بۆ خۆیان دروستکرد، ئێستاش لە گوناهیان خۆش بە، ئەگەر نا، بمسڕەوە لە کتێبەکەی خۆت کە نووسیووتە.) خوداوەندیش بە موسای فەرموو: (ئەوەی گوناهی سەبارەت بە من کردبێت لە کتێبی خۆم دەیسڕمەوە. ئێستاش بڕۆ ڕێبەری گەل بکە بۆ ئەو شوێنەی پێم وتیت، ئەوەتا فریشتەکەم لەپێشتەوە دەڕوات، بەڵام لە ڕۆژی بەسەر کردنەوەم گوناهەکانیان بەسەر دەکەمەوە.)

ئیتر خوداوەند بە دەرد لە گەلی دا لەسەر ئەوەی لەگەڵ گوێرەکەکە کردیان کە هارون دروستی کردبوو.

دەرچوون ٣٣: ١-٦

خوداوەند بە موسای فەرموو: (بڕۆ لێرە بەرەوژوور بەوە، خۆت و ئەو گەلەی لە خاکی میسرەوە سەرت خستن بۆ ئەو خاکەی سوێندم بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب خوارد و فەرمووم، "بە نەوەکەتی دەدەم." فریشتەیەکیش لەپێشتەوە دەنێرم و کەنعانییەکان و ئەمورییەکان و حیسییەکان و پریزییەکان و حیڤییەکان و یەبوسییەکان ڕادەماڵم. بۆ خاکێک شیر و هەنگوینی لێ دەڕژێت، بەڵام من لەناوەندت سەر ناکەوم، چونکە تۆ گەلێکی کەللەڕەقیت و نەوەک لە ڕێگا کۆتایت پێ بهێنم.)

کاتێک گەل گوێیان لەم هەواڵە ناخۆشانە بوو، شینیان گێڕا و کەس خۆی نەڕازاندەوە. خوداوەندیش بە موسای فەرمووبوو: (بە نەوەی ئیسرائیل بڵێ، "ئێوە گەلێکی کەللەڕەقن، بۆ یەک خولەک سەرکەومە ناوتان کۆتاییتان پێ دەهێنم، ئێستاش جوانکاریەکەت داکەنە و بزانە چیت پێ دەکەم.") جا نەوەی ئیسرائیل جوانکارییەکانیان لە کێوی حۆرێڤ داکەند.

دەرچوون ٣٣: ٧-١١ چادری چاوپێکەوتن

موساش چادرەکەی هێنا و لە دەرەوەی ئۆردوگاکە، دوور لە ئۆردوگاکە هەڵی دا و ناوی لێنا (چادری چاوپێکەوتن،) جا هەموو ئەوانەی داوای خوداوەندیان دەکرد، دەچوون بۆ چادری چاوپێکەوتن، ئەوەی لە دەرەوەی ئۆردوگاکە بوو. ئەوە بوو کاتێک موسا بۆ چادرەکە دەربچوایە هەموو گەل هەڵدەستان و هەریەکە لە دەروازەی چادرەکەی خۆی دەوەستا و دەیڕوانییە دوای موسا تا دەچووە ناو چادرەکەوە. ئەوە بوو کە موسا دەچووە ناو چادرەکەوە ستوونێکی هەور دادەبەزی و لەبەر دەروازەی چادرەکە دەوەستا و لەگەڵ موسادا دەدووا. گەلیش هەموو ستوونی هەورەکەیان دەبینی لەبەر دەروازەی چادرەکە وەستاوە، جا هەموو گەل هەڵدەستان و کڕنۆشیان دەبرد هەریەکە و لەبەر دەروازەی چادرەکەی خۆی. خوداوەندیش ڕووبەڕوو لەگەڵ موسادا دەدووا، هەروەک یەکێک لەگەڵ برادەرەکەی‌دا بدووێت. کاتێکیش دەگەڕایەوە بۆ ئۆردوگاکە، یەشوعی کوڕی (نون)، خزمەتکارەکەی لەناو چادرەکە دەرنەدەچوو.

دەرچوون ٣٣: ١٢-٢٣ موسا و شکۆمەندی خوداوەند

موسا بە خوداوەندی وت: (بڕوانە، تۆ بە منت فەرموو، "ئەم گەلە سەربخە" و تۆش پێت نەناساندم کێ لەگەڵم دەنێریت، هەروەها تۆ فەرمووت، "دەتناسم و ناویشت دەزانم و پەسەندیت لەچاوانم." ئێستاش ئەگەر پەسەندم لە چاوانت، ڕێگای خۆتم فێر بکە، تا بتناسم، بۆ ئەوەی پەسەند بم لە چاوانت، هەروەها ببینە چونکە ئەم نەتەوەیە گەلی خۆتە.) خوداوەند فەرمووی: (لەلاتەوە ئامادە دەبم و لەگەڵت دەڕۆم و دەتحەسێنمەوە.) موساش پێی وت: (ئەگەر ئامادەبوونت لەگەڵمان نەڕوات، لێرەوە سەرمان مەخە. بەچیش دەزانرێت کە پەسەندم لە چاوانت من و گەلەکەت، ئایا بە ڕۆیشتنت نییە لەگەڵمان؟ جا بەمە جیا دەکرێینەوە لە هەموو گەلانی سەر ڕووی زەوی.)

خوداوەندیش بە موسای فەرموو: (هەروەها ئەم شتەش کە باست کرد دەیکەم، چونکە پەسەند بوویت لەچاوانم و بە ناوت تۆم ناسی.) ئینجا وتی: (شکۆمەندی خۆتم پیشان بدە.) ئەویش فەرمووی: (هەموو چاکیم لەپێشت تێپەڕ دەکەم و لەبەردەمت ناوی خۆم (خوداوەند) ڕادەگەینم و میهرەبان دەبم لەگەڵ ئەوەی میهرەبان دەبم و بە بەزەیی دەبم لەگەڵ ئەوەی بەزەییم پێیدا دێتەوە. ئینجا فەرمووی: (ناتوانیت ڕووم ببینیت، چونکە کەس نییە بمبینێت و بژیێت.) هەروەها خوداوەند فەرمووی: (ئەوەتا شوێنێکم هەیە و لەسەر ئەو تاشەبەردە بوەستە. کاتێک شکۆمەندیم تێدەپەڕێت، ئەوا دەتخەمە کەلێنێکی بەردەکە و بە دەستم داتدەپۆشم تا تێپەڕ دەبم، دواتر دەستم هەڵدەگرم و تۆ لە دواوە دەمبینیت، بەڵام ڕووم نابینرێت.)

دەرچوون ٣٤: ١-٢٨ دوو تەختە بەردی تازە

ئینجا خوداوەند بە موسای فەرموو: (دوو تەختە بەردی وەک ئەوانەی یەکەم بۆ خۆت بتاشە، منیش لەسەر دوو تەختەکە ئەو وشانە دەنووسمەوە کەوا لەسەر دوو تەختەکەی یەکەم بوون و تۆ شکاندت. بۆ بەیانیش ئامادە بە و لە بەیانیدا سەربکەوە بۆ سەر شاخی سینا و لەوێدا لەسەر لووتکەی کێوەکە بۆم بوەستە. کەس لەگەڵت سەر نەکەوێت و لە هەموو کێوەکە کەس نەبینرێت و هەروەها مەڕ و مانگاش لەلای کێوەکەوە نەلەوەڕێنرێت.) جا موساش دوو تەختە بەردی وەک ئەوانەی یەکەمی تاشی و بەیانی زوو هەڵستا و سەرکەوتە سەر شاخی سینا، هەروەک خوداوەند فەرمانی پێ کرد و لەگەڵ دەستیشی دوو تەختە بەردەکەی هەڵگرت. خوداوەند لە هەورەوە دابەزی و لەوێ لەلای وەستا و ناوی (خوداوەند)ی ڕاگەیاند. ئینجا خوداوەند لەبەردەمیەوە تێپەڕی و ڕایگەیاند: (خوداوەند، خوداوەند، خودایەکی بە بەزەیی و میهرەبانە، درەنگ تووڕە دەبێت و خۆشەویستی نەگۆڕ و دڵسۆزیی زۆرە. خۆشەویستی نەگۆڕ دەپارێزێت بۆ هەزاران، لە تاوان و یاخیبوون و گوناه خۆش دەبێت، بەڵام چاو لە گوناه ناپۆشێت و تاوانی باوکان لە کوڕان و کوڕی کوڕان بەسەر دەکاتەوە تا نەوەی سێیەم و چوارەم.) جا موسا خێرا بەرەو زەوی دانوییەوە و کڕنۆشی برد و وتی: (ئای خوداوەند، ئەگەر پەسەندم لە چاوانت، با خوداوەند لەگەڵمان بڕوات، چونکە گەلێکی کەللەڕەقە، تۆش لە تاوان و گوناهمان خۆش بە و بمانکە بە موڵکی خۆت.)

ئەویش فەرمووی: (ئەوەتا پەیمانێک دەبەستم لە بەرامبەر هەموو گەلەکەت، کاری سەرسوڕهێنەری وا دەکەم کە لە هەموو زەویدا و لەناو هەموو میلەتاندا بەدی نەهێنرابێت، هەموو ئەو گەلەش کە تۆ لەنێویاندایت کرداری خوداوەند دەبینن، چونکە ئەوەی من لەگەڵ تۆدا دەیکەم سامناکە.

(ئەوەی ئەمڕۆ فەرمانت پێ دەدەم بیپارێزە، ئەوەتا من ئەمۆرییەکان و کەنعانییەکان و حیسییەکان و پریزییەکان و حیڤییەکان و یەبوسییەکان لەپێشت دەردەکەم. ئاگاداربە هیچ پەیمانێک نەبەستیت لەگەڵ دانیشتووانی ئەو خاکەی دێیتە سەری، نەوەک ببنە تەڵە لەناوەندت. بەڵکو ئێوە قوربانگەکانیان دەڕوخێنن و ستوونە بەردینەکانیان دەشکێنن و ستوونە (ئەشێرا)کانیان دەبڕنەوە. بۆ خودایەکی دیکە کڕنۆش نابەیت، چونکە خوداوەند ناوی ئیرەدارە، خودایەکی ئیرەدارە. نەوەک

پەیمان لەگەڵ دانیشتووانی خاکەکە ببەستیت، کاتێک لەشفرۆشی دەکەن بەدوای خوداکانیان و قوربانی بۆ خوداکانیان سەردەبڕن و داوەتت دەکەن و تۆش لە قوربانییەکەیان دەخۆیت. کچانیان بۆ کوڕانت دەخوازیت و کچانیان لەشفرۆشی دەکەن بەدوای خوداکانیان، وا دەکەن کوڕانی تۆش لەشفرۆشی بکەن بەدوای خوداکانیان.

(خودای لەقاڵبدراو بۆ خۆت دروست مەکە.

(جەژنی فەتیرە دەپارێزیت، حەوت ڕۆژ نانی فەتیرە دەخۆیت، وەک فەرمانم پێکردیت لە کاتی مانگی ئاڤیڤ، چونکە لە مانگی ئاڤیڤدا لە میسر دەرچوویت. هەموو نۆبەرەی سکێک بۆ منە، هەروەها هەر نۆبەرەیەکی نێر لە ئاژەڵە ماڵییەکەشت لە گا و بەران، نۆبەرەی گوێدرێژ بە بەرانێک دەکڕیتەوە، بەڵام ئەگەر نەیکڕیتەوە، دەبێت ملی بشکێنیت، هەموو نۆبەرەیەک لە کوڕەکانت دەکڕیتەوە، بە بەتاڵی لەبەردەمم دەرنەکەون.

(شەش ڕۆژ کار دەکەیت و لە ڕۆژی حەوتەمدا شەممەیە، لە کاتی وەرزی کێڵان و لە کاتی دروێنەش پشوو دەدەیت. (جەژنی هەفتەکان) بۆ خۆت دەکەیت، یەکەم بەری دروێنەی گەنم و جەژنی کۆکردنەوە لە کۆتایی ساڵدا. لە ساڵێکدا سێ جار هەموو نێرینەکانت لەبەردەم خوداوەندی باڵادەست، خودای ئیسرائیل دەردەکەون. چونکە گەلان لەبەردەمت دەردەکەم و سنوورەکانت فراوان دەکەم، کەسیش چاونابڕێتە خاکەکەت، کاتێک دەردەچیت تا لەبەردەم خوداوەند خودات سێ جار لە ساڵێکدا دەربکەویت.

(خوێنی قوربانیم لەگەڵ شتی بە هەویرترش پێشکەش مەکەن، قوربانی جەژنی پەسخە بۆ بەیانی نەمێنێتەوە. باشترین نۆبەرەی بەری زەوییەکەت بۆ ماڵی خوداوەند خودات دەهێنیت. هیچ کاریلەیەک بە شیری دایکی لێمەنێ.)

هەروەها خوداوەند بە موسای فەرموو: (ئەم وتانە بنووسەرەوە، چونکە بەگوێرەی ئەو وتانە پەیمانم لەگەڵ تۆ و لەگەڵ نەوەی ئیسرائیلدا بەستووە.) جا چل ڕۆژ و چل شەو لەوێ بوو لەلای خوداوەند، نانی نەخوارد و ئاوی نەخواردەوە، لەسەر دوو تەختەکەش وتەکانی پەیمانی نووسی، دە ڕاسپاردەکە.

دەرچوون ٣٤: ٢٩-٣٤ دەموچاوی موسا دەدرەوشێتەوە

ئەوە بوو لە هاتنەخوارەوەی موسا لە شاخی سینا، هەردوو تەختەکەی شایەتی بە دەست موساوە بوو، لە هاتنەخوارەوەی لە کێوەکە موسا نەیزانی کە پێستی دەموچاوی دەدرەوشێتەوە، لەبەر قسەکردنی لەگەڵ خوداوەند. جا هارون و هەموو نەوەی ئیسرائیل بینییان ئەوەتا موسا دەموچاوی دەدرەوشایەوە، ئیتر ترسان لێی نزیک ببنەوە. موساش بانگی کردن، ئیتر هارون و هەموو سەرکردەکانی ناو کۆمەڵ گەڕانەوە لای و موساش لەگەڵیاندا دووا. دواتر هەموو نەوەی ئیسرائیل نزیک کەوتنەوە، ئەویش فەرمانی پێدان بە هەموو ئەوەی کە خوداوەند لەگەڵیدا دووا لە شاخی سینا.

کاتێک موسا لە قسەکانی بۆوە لەگەڵیان، ڕووپۆشێکی لەسەر دەموچاوی دانا. ئیتر موسا لە چوونەژوورەوەی بۆ بەردەم خوداوەند بۆ قسەکردن لەگەڵی ڕووپۆشەکەی لا دەدا تا دەچووە دەرەوە، ئینجا دەچووە دەرەوە و لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل دەدووا سەبارەت بەوەی فەرمانی پێکرابوو. جا نەوەی ئیسرائیل هەر کاتێک دەموچاوی موسایان ببینایە کەوا پێستی دەموچاوی دەدرەوشێتەوە، موسا ڕووپۆشەکەی دەگەڕاندەوە سەر دەموچاوی تا دەچووە ژوورەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ خوداوەند بدووێت.

ئامارەکان ١١: ١-٣ ئاگر لە خوداوەندەوە

گەل دەربارەی ناخۆشییان بۆڵەبۆڵیان کرد، خوداوەند کە ئەمەی بیست پێی خراپ بوو، کاتێک خوداوەند گوێی لێبوو تووڕەیی جۆشا، جا ئاگری خوداوەند تێیاندا گڕی گرت و قەراغی ئۆردوگاکەی سووتاند، بۆیە گەل هاواریان بۆ موسا کرد و

موساش نوێژی بۆ خوداوەند کرد و ئاگرەکە کوژایەوە. ئەو شوێنەش ناونرا (تەبعیرە)، چونکە ئاگری خوداوەند تێیان‌دا گڕی گرت.

ئامارەکان ١١: ٤-٣٥ سوێسکە لە خوداوەندەوە

ئەو ئاژاوەچیانەی لەنێویان دەژیان نەوسیان هەڵستا، جا نەوەی ئیسرائیلیش گەڕانەوە و گریان و وتیان: (کێ گۆشتمان دەرخوارد دەدات. ئەو ماسیەی لە میسر بە خۆڕایی دەمانخوارد بە بیرمان هاتەوە، لەگەڵ خەیار و شووتی و سەوزە و پیاز و سیر. ئێستاش وا گیانمان وشک بووە، هیچ شتێک نییە و هەر چاومان لەسەر ئەو مەنەیە!)

مەنیش وەک تۆوی گژنیژ وابوو، دیمەنی وەک دیمەنی سرێشی دار درەوشاوە بوو. گەلیش دەسووڕانەوە تا هەڵی بگرنەوە، ئینجا بە دەستاڕ دەیانهاڕی یا لە دەسکەوان دەیانکوتایەوە و لە مەنجەڵ لێیان دەنا و دەیانکرد بە کولێرە و تامەکەشی وەک تامی کولێرە برژاوی بە زەیت بوو. هەر کاتێک بە شەو شەونم بەسەر ئۆردوگاکەدا بهاتبووایە خوارەوە، ئەوا مەنیش لەگەڵی‌دا دەهاتە خوارەوە.

کاتێک موسا گوێی لە گەل بوو بە خێڵەکانیانەوە هەریەکە لەبەر دەروازەی چادرەکەی خۆی دەگرین و تووڕەیی خوداوەندیش زۆر زیادی کرد، موسا بەمە دڵگران بوو. جا موسا بە خوداوەندی وت: (بۆچی لەگەڵ خزمەتکارەکەت خراپ بوویت؟ بۆچی لەلات پەسەند نەبووم، تەنانەت باری هەموو ئەم گەلەت خستە سەر من؟ لەوە دەچێت ئایا سکم بەم هەموو خەڵکە کردووە یان لە منەوە لەدایک بووبن؟ تا پێم بڵێی لە باوەشتا بۆ ئەو خاکەی سوێندت بۆ باوکانیان خوارد هەڵبگرە، هەروەک دایەن منداڵی ساوا هەڵدەگرێت، گۆشتم لەکوێ بوو تا بە هەموو ئەم گەلەی بدەم؟ چونکە بەسەرمەوە دەگرین، دەڵێن: "گۆشتمان بدەرێ بیخۆین!" من بە تەنیا ناتوانم هەموو ئەم گەلە هەڵبگرم، چونکە بۆ من گرانە. جا ئەگەر وام پێ دەکەیت، بمکوژە ئەگەر لەلات پەسەندم، با تووشی بەڵای خۆم نەبم.)

خوداوەندیش بە موسای فەرموو: (لە پیرانی ئیسرائیل حەفتا پیاوم بۆ کۆبکەوە، ئەوانەی دەزانیت کە ڕیش سپی و کوێخای گەلن و بیانهێنە لای چادری چاوپێکەوتن و با لەوێ لەگەڵتدا ڕاوەستن. جا من دێمە خوارەوە و لەوێ لەگەڵتدا دەدوێم و لەو ڕۆحەی بەسەرتەوەیە دەبەم و دیخەمە سەریان، جا لەگەڵتدا بارگرانی گەلەکە هەڵدەگرن، ئیتر تۆ بە تەنیا هەڵی ناگریت. بە گەلیش دەڵێیت: "بۆ بەیانی خۆتان تەرخان بکەن ئینجا گۆشت دەخۆن، چونکە ئێوە لە گوێی خوداوەندا گریان و وتتان، (کێ گۆشتمان دەرخوارد دەدات؟ لە میسر حاڵمان خۆشتر بوو!) ئێستا خوداوەند گۆشتتان دەداتێ و دەیخۆن. نە ڕۆژێک و نە دوو ڕۆژ و نە پێنج ڕۆژ و نە دە ڕۆژ و نە بیست ڕۆژ دەیخۆن، بەڵکو ماوەی مانگێک تا لە لووتتان دێتە دەرەوە و ڕقتان لێی دەبێتەوە، چونکە ئەو خوداوەندەتان ڕەتکردەوە کە لەنێوتان دایە و لەبەردەمی‌دا گریان و وتتان، (بۆچی لە میسر دەرچووین؟)") بەڵام موسا وتی: (شەش سەد هەزار پیادەیە ئەو گەلەی من لەنێویاندام، تۆش فەرمووت، "گۆشتیان دەدەمێ لێی بخۆن بۆ ماوەی مانگێک!" ئایا مەڕ و مانگایان بۆ سەر دەبڕدرێت تا بەشیان بکات، یان هەموو ماسی دەریایان بۆ کۆ دەکرێتەوە تا بەشیان بکات؟) خوداوەندیش بە موسای فەرموو: (ئایا دەستی خوداوەند کورتە؟ ئێستا دەبینیت ئاخۆ قسەکانم دێتە دی یان نا.)

موساش دەرچوو و بە فەرموودەی خوداوەند لەگەڵ گەل‌دا دووا و حەفتا پیاوی لە پیرانی گەل کۆکردەوە، لە دەوروبەری چادرەکە ڕای‌گرتن. خوداوەندیش لە هەوردا هاتە خوارەوە و لەگەڵی‌دا دووا و لەو ڕۆحەی لەسەری بوو بردی و خستییە سەر حەفتا ڕیش سپییەکە. کاتێک ڕۆحەکە هاتە سەریان ئیتر بە وشەی خودا دووان، بەڵام یەکجار و زیاتر نا.

دوو پیاویش لە ئۆردوگاکە مانەوە ناوی یەکێکیان (ئەلداد) و ناوی ئەوەی دیکە (میداد) بوو، ڕۆح لەسەریان نیشتەوە، ئەوانیش لە ناونووسراوەکان بوون، بەڵام بۆ لای چادرەکە دەرنەچووبوون، جا لە ئۆردوگاکە بە وشەی خودا دووان، لاوێکیش

ڕای کرد و هەواڵی دا بە موسا و وتی: (ئەلداد و میداد لە ئۆردوگاکە بە وشەی خودا دەدوێن.) یەشوعی کوڕی نونیش کەوا لە گەنجێتییەوە خزمەتکاری موسا بوو وەڵامی دایەوە و وتی: (موسای گەورەم ڕێیان لێ بگرە!) موساش پێی وت: (ئایا تۆ بە پەرۆشیت لە پێناومدا؟ خۆزگە هەموو گەلی خوداوەند بە وشەی خودا دەدووان، کە خوداوەند ڕۆحی خۆی دەخستە سەریان!) ئینجا موسا و پیرانی ئیسرائیل گەڕانەوە بۆ ئۆردوگاکە.

بایەکیش لەلایەن خوداوەندەوە هەڵیکرد و سوێسکەی لە دەریاوە هێنا بۆ ئۆردوگاکە، بۆ ماوەی ڕۆژە ڕێیەک لەم لا و ڕۆژە ڕێیەک لەو لا لە چواردەوری ئۆردوگاکە و بە بەرزی دوو باڵ لەسەر ڕووی زەوییەوە دەفڕین، گەلیش هەڵستان و بە درێژایی ئەو ڕۆژە و بە درێژایی شەو و ڕۆژی دواتریش سوێسکەیان کۆکردەوە، کەمترینیان دە حۆمەری کۆکردەوە و بۆ خۆیان بە چواردەوری ئۆردوگاکە ڕایان خست. لەو کاتەش‌دا کە هێشتا گۆشت لە ژێر ددانەکانیان بوو پێش ئەوەی بیچرێت، تووڕەیی خوداوەند بەسەر گەل جۆشا و خوداوەند لێدانێکی دەردی مەزنی لە گەل دا، جا ئەو شوێنە ناونرا (قیبرۆت هەتەڤا)، چونکە لەوێ ئەو خەڵکانەیان ناشت کەوا نەوسیان هەڵستا. لە قیبرۆت هەتەڤاشەوە گەل بۆ (حەچێرۆت) بەڕێ کەوتن، جا لەوێ چادریان هەڵدا.

ئامارەکان ١٢: ١-١٦ مریەم و هارون دژ بە موسا قسە دەکەن

مریەم و هارون دژ بە موسا قسەیان کرد، لەبەر ئەو ژنە کوشییەی کە خواستی، چونکە ژنێکی کوشی خواستبوو. جا وتیان: (ئایا خوداوەند تەنها لەگەڵ موسادا دووا، باشە لەگەڵ ئێمەش قسەی نەکرد؟) خوداوەندیش گوێی لێبوو. موساش لە هەموو خەڵکی سەر ڕووی زەوی بێ‌فیزتر بوو. جا خوداوەند یەکسەر بە موسا و هارون و مریەمی فەرموو: (ئەو سێیەتان بۆ لای چادری چاوپێکەوتن دەربچن.) جا هەر سێکیان دەرچوون. خوداوەندیش لە ستوونی هەوردا دابەزی و لە دەروازەی چادرەکە وەستا و بانگی هارون و مریەمی کرد و هەردووکیان بەرەو پێشەوە چوون. جا فەرمووی: (باش گوێ لە قسەم بگرن: (کاتێک پێغەمبەری خوداوەند لەنێوتانە، ئەوا بە بینین خۆمی بۆ دەردەخەم و لە خەون‌دا لەگەڵی دەدوێم. بەڵام موسای خزمەتکارم ئاوا نییە، بەڵکو بە وەفایە لە هەموو ماڵەکەم، ڕوو بە ڕوو لەگەڵی دەدوێم، بە ڕوونی نەک بە مەتەڵ، شێوەی خوداوەند دەبینێت. ئیتر بۆچی ناترسن کە دژ بە موسای خزمەتکارم دەدوێن؟) جا تووڕەیی خوداوەند لێیان جۆشا و ڕۆیشت.

کاتێک هەورەکە لەسەر چادرەکە بەرز بۆوە مریەم وەک بەفر گەڕوگوول ببوو، جا هارون ئاوڕی لە مریەم دایەوە و بینی گەڕوگوول بووە. هارون بە موسای وت: (گەورەم داوات لێ دەکەم ئەو سزایەمان نەخەیتە سەر کە گێلایەتیمان کرد و گوناهمان پێی کرد، تکایە با وەک ئەو مردووە نەبێت کە لە کاتی دەرچوونی لە سکی دایکییەوە نیوەی گۆشتەکەی خوراوەتەوە.) موساش هاواری بۆ خوداوەند کرد و وتی: (تکایە خودایە چاکی بکەوە، تکایە.) خوداوەندیش بە موسای فەرموو: (ئەگەر باوکی تفی لە ڕووی بکردایە، ئایا حەوت ڕۆژ شەرمەزار نەدەبوو؟ با حەوت ڕۆژ لە دەرەوەی ئۆردوگاکە دەستبەسەر بێت و ئینجا بێتەوە.) جا مریەم حەوت ڕۆژ لە دەرەوەی ئۆردوگاکە دەستبەسەر بوو و گەلیش بەڕێ نەکەوتن تا مریەم نەهاتەوە. دوای ئەمە گەل لە حەچێرۆتەوە بەڕێ کەوتن و لە چۆڵەوانی پاران چادریان هەڵدا.

ئامارەکان ١٣: ١-٣و ١٦-٢٥ سیخوڕیی خاکی کەنعان

ئینجا خوداوەند لەگەڵ موسادا دووا و فەرمووی: (چەند پیاوێک بنێرە بۆ سیخوڕیی خاکی کەنعان کە من بە نەوەی ئیسرائیلم داوە، لە هەر هۆزێک لە باوکانیان پیاوێک دەنێرن، هەر یەکێکیان سەرکردە بێت لەناویان‌دا.) موساش لە چۆڵەوانی پارانەوە بەپێی فەرمانی خوداوەند ناردنی، هەموویان سەرۆک بوون لە نەوەی ئیسرائیل‌دا.

ئەمە ناوی ئەو پیاوانە بوو کە موسا ناردنی بۆ سیخوڕیی خاکەکە - - موساش هۆشێیەعی کوڕی نونی بە (یەشوع) ناونا. جا موسا بۆ سیخوڕیی خاکی کەنعان ناردنی و پێی وتن: (لێرەوە بەناو نەگەڤدا بڕۆن و بۆ سەر ناوچەی شاخاوییەکە سەربکەون و بڕوانن خاکەکە چۆنە و ئەو گەلەش تێیدا دەژیێت بە هێزە یان لاوازە؟ کەمن یان زۆرن؟ ئەو خاکەی تێیدا نیشتەجێن چۆنە، باشە یان خراپە؟ ئەو شارانە چین کە تێیدا نیشتەجێن، خێوەتگان یان قەڵابەندن؟ هەروەها ئەو خاکە چۆنە، بەپیتە یان بێپیتە؟ داری لێیە یان نا؟ چاونەترس بن و هەندێک لە بەروبوومی خاکەکە بهێنن.) ئەو ڕۆژانەش ڕۆژانی یەکەم بەری ترێ بوو. ئەوانیش سەرکەوتن و سیخوڕیی خاکەکەیان کرد، لە (چۆڵەوانی چن)ـەوە تا (ڕەحۆڤ) کە لە (دەروازەی حەمات). بەناو نەگەڤ سەرکەوتن و هاتنە حەبرۆن. لەوێش (ئەحیمەن) و (شێشەی) و (تەلمەی) نەوەی (عەناق)ی لێبوو، حەبرۆنیش پێش (چۆعەن)ی میسر بە حەوت ساڵ بنیاد نرا. ئیتر هاتنە (دۆڵی ئەشکۆل) و لەوێ لقێکیان بە هێشوەکەیەوە لێکردەوە و بە دارێک هەڵیان‌گرت لەنێوان دووانیان و لەگەڵ هەندێک هەنار و هەنجیر. جا ئەو شوێنە ناونرا دۆڵی ئەشکۆل بەهۆی ئەو هێشوەی نەوەی ئیسرائیل لەوێ لێیان کردەوە. ئینجا دوای چل ڕۆژ لە سیخوڕیەتی خاکەکە هاتنەوە.

ئامارەکان **١٣: ٢٦-٣٣** هەواڵ هێنانەوە

هاتنە لای موسا و هارون و هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل لە چۆڵەوانی پاران، لە قادێش، هەواڵیان بۆ ئەوان و بۆ هەموو کۆمەڵ هێنایەوە و بەروبوومی خاکەکەیان پیشاندان. هەواڵیان پێی دا و وتیان: (بۆ ئەو خاکە چووین کە تۆ ئێمەت بۆی نارد و بە ڕاستی شیر و هەنگوینی لێ دەڕژێت! ئەمەش بەرەکەیەتی. بەڵام ئەو گەلەی لە خاکەکەدا نیشتەجێیە بە هێزن و شارەکان قەڵابەند و زۆر مەزنن، هەروەها نەوەی عەناقیشمان لەوێ بینی. عەمالێقییەکان لە خاکی نەگەڤدا نیشتەجێن و حیسییەکان و یەبوسییەکان و ئەمورییەکان لە ناوچە شاخاوییەکەدا نیشتەجێن و کەنعانییەکانیش لەلای دەریا و لەسەر کەناری ڕووباری ئوردون نیشتەجێن.)

بەڵام کالێب گەلی بۆ موسا بێدەنگ‌کرد و وتی: (با سەربکەوین و دەستی بەسەردا بگرین، چونکە توانامان بەسەری‌دا هەیە.) بەڵام ئەو پیاوانەی لەگەڵی‌دا چووبوون وتیان: (ناتوانین سەربکەوین و دژایەتی ئەو گەلە بکەین چونکە لە ئێمە بەهێزترن.) جا ڕاپۆرتێکی خراپیان لەنێو نەوەی ئیسرائیلدا بڵاوکردەوە سەبارەت بەو خاکەی سیخوڕیان تێدا کردبوو، وتیان: (ئەو خاکەی پێیدا چووین تا سیخوڕیی بکەین، خاکێکە دانیشتووانەکەی دەخوات و هەموو ئەو گەلەی تێیدا بینیمان باڵا بەرز بوون. هەروەها لەوێ ستەمکارانی زەبەلاحمان بینی، نەوەی عەناق کەوا لە ستەمکارانی زەبەلاحن، لە چاوی خۆماندا وەک کوللە وابووین، بە هەمان شێوەش لەچاو ئەوان.)

ئامارەکان **١٤: ١-٤٥** یاخیبوونی گەلەکە

جا کۆمەڵ هەموو دەنگیان بەرز کردەوە و هاواریان کرد و ئەو شەوە گەل گریا و هەموو نەوەی ئیسرائیل دەستیان کردە بۆڵەبۆڵ بەسەر موسا و هارون و هەموو کۆمەڵ پێیان وتن: (خۆزگە لە میسر نەک لەم چۆڵەوانییەدا بمردبووینایە! بۆچی <u>خوداوەند</u> ئێمە دەهێنێتە ئەم خاکە تا بە شمشێر بکەوین و ژن و منداڵمان ببنە نێچیر، ئایا باشتر نییە بگەڕێینەوە میسر؟) جا بە یەکتریان وت، (سەرۆکێک بۆ خۆمان دادەنێین و دەگەڕێینەوە میسر.)

ئینجا موسا و هارون بەسەر ڕوویاندا کەوتن لەبەردەم هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیلدا کە لەوێ کۆببوونەوە و یەشوعی کوڕی نون و کالێبی کوڕی یەفونەش لەوانە بوون کە سیخوڕیی خاکەکەیان کردبوو، جلەکانی خۆیان دڕاند و لەگەڵ هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیلدا دووان و وتیان: (ئەو خاکەی پێیدا چووین تا سیخوڕیی بکەین خاکێکی زۆر زۆر باشە، ئەگەر

خوداوەند پێمان دڵشاد بێت ئەوا دەمانباتە ناو ئەو خاکەی پێمان دەدات، خاکێک کەوا شیر و هەنگوینی لێ دەڕژێت. بەڵام لە خوداوەند یاخی مەبن و لە گەلی ئەو خاکە مەترسن، چونکە خواردنی ئێمەن، ئەوەتا سێبەریان نەماوە و خوداوەند لەگەڵمانە، لێیان مەترسن.) بەڵام هەموو کۆمەڵ وتیان، با ئەو دووانە بەردباران بکرێن، ئینجا شکۆمەندی خوداوەند لە چادری چاوپێکەوتن‌دا بۆ هەموو نەوەی ئیسرائیل دەرکەوت.

خوداوەندیش بە موسای فەرموو: (تا کەی ئەم گەلە سووکایەتیم پێ دەکەن و تا کەی باوەڕم پێ ناکەن، سەرباری ئەو هەموو نیشانانەی لەنێوانیان‌دا کردم؟ من بە دەرد لێیان دەدەم و لەناویان دەبەم و تۆش دەکەم بە گەلێکی گەورەتر و مەزنتر لەوان.)

موساش بە خوداوەندی وت: (جا میسرییەکان کە تۆ بە دەسەڵاتی خۆت ئەم گەلەت لەنێویان دەرهێنا گوێیان لێ دەبێت و بە دانیشتووانی ئەم خاکە دەڵێن، ئەی خوداوەند ئەوانەی گوێیان لێ‌بووە تۆ لەنێو ئەم گەلەدایت، ئەی خوداوەند تۆ ڕوو بە ڕوو بۆیان دەرکەوتیت و هەورەکەت لەسەریان وەستاوە و تۆش بە ستوونی هەور بە ڕۆژ و بە ستوونی ئاگر بە شەو پێشیان دەکەویت. ئەگەر ئەم گەلە لە هەمان کات‌دا بکوژیت ئەوا نەتەوەکان کە گوێیان لە هەواڵت بووە، دەڵێن، "چونکە خوداوەند نەیتوانی بیانباتە ئەو خاکەی کە سوێندی بۆیان خواردبوو، ئیتر لە چۆڵەوانی کوشتنی." (ئێستاش با توانای خوداوەندم مەزن بێت هەروەک فەرمووت، "خوداوەند درەنگ تووڕە دەبێت و خۆشەویستی نەگۆڕی مەزنە، لە گوناه و یاخیبوون خۆش دەبێت، بەڵام چاو لە تاوانبار ناپۆشێت و تاوانی باوکان لە کوڕان بەسەر دەکاتەوە تا نەوەی سێیەم و چوارەم." تکایە لە گوناهی ئەم گەلە خۆش بە بە ئەوەندەی مەزنی خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت، وەک چۆن لەم گەلە خۆش بوویت لە میسرەوە تا ئێرە.)

خوداوەندیش فەرمووی: (لەسەر داواکەت لێیان خۆش بووم، بەڵام بە گیانی خۆم، شکۆمەندی خوداوەندیش هەموو زەوی پڕ دەکاتەوە. تەنها یەکێکیش لەو پیاوانەی شکۆمەندی من و ئەو نیشانانەی لە میسر و لە چۆڵەوانی کردم بینییان و تا ئێستا دە جار تاقییان کردمەوە و گوێیان لە قسەکانم نەگرت - - ئەو خاکە نابینن کە سوێندم بۆ باوکانیان خوارد، هەموو ئەوانەی سووکایەتییان پێکردووم نایبینن. بەڵام کالێبی خزمەتکارم لەبەر ئەوەی ڕۆحێکی دیکەی لەگەڵ‌دا بوو و بە تەواوی دوام کەوت، ئەوا دەیبەمە ناو ئەو خاکەی بۆی چوو و دەبێت بە میرات بۆ نەوەکەی. لەبەر ئەوەی عەمالێقییەکان و کەنعانییەکان لە دۆڵەکە نیشتەجێن، ئێوە بەیانی بڕۆن بەڕێ بکەون بەرەو چۆڵەوانی لە ڕێگای دەریای سوفەوە.)

هەروەها خوداوەند لەگەڵ موسا و هارون‌دا دووا و فەرمووی: (تا کەی ئەم کۆمەڵە بەدکارە بۆڵەبۆڵەکەرە دژم دەوەستن؟ من گوێم لە بۆڵەبۆڵی نەوەی ئیسرائیل بوو کە لەسەر من دەیکەن. پێیان بڵێ، "خوداوەند دەفەرموویێت، بە گیانی خۆم، وەک ئەوەی لە گوێی من وتتان، ئاواتان لێ دەکەم. لەم چۆڵەوانییە لاشەکانتان دەکەوێت، هەموو تۆمارکراوەکانتان بەگوێرەی سەرژمێریتان لە کوڕی بیست ساڵ بەرەو سەرەوە ئەوانەی بۆڵەبۆڵیان دژم کرد، ناچنە ناو ئەو خاکەی کەوا سوێندم خوارد تێیدا نیشتەجێتان بکەم، تەنها کالێبی کوڕی یەفونە و یەشوعی کوڕی نون نەبێت، بەڵام منداڵەکانتان کەوا وتتان دەبنە نێچیر، ئەوا من دەیانبەمە ناوی و شارەزای ئەو خاکە دەبن کەوا ئێوە ڕەتتان کردەوە. جا لاشەکانی ئێوە لەم چۆڵەوانییە دەکەوێت. منداڵەکانیشتان بۆ ماوەی چل ساڵ لە چۆڵەوانی دەبنە شوان و ئازار دەچێژن بۆ بێوەفاییتان تا دواهەمین لاشەکانتان لە چۆڵەوانی‌دا کۆتایی پێ‌دێت. وەک ژمارەی ئەو ڕۆژانەی سیخوڕیی خاکەکەتان کرد کەوا چل ڕۆژ بوو، بۆ هەر ڕۆژێک ساڵێک، چل ساڵ گوناهەکانتان هەڵدەگرن و دژایەتیم دەزانن." من خوداوەندم و فەرمانم کرد، دەبێت وا لە هەموو ئەم کۆمەڵە بەدکارە ڕێککەوتووەی دژ بە خۆم بکەم، لەم چۆڵەوانییە لەناودەچن و دەمرن.)

بەڵام ئەو پیاوانەی موسا ناردنی بۆ سیخوڕیی خاکەکە و هاتنەوە و هەموو کۆمەڵیان لێ هاندا بەوەی ڕاپۆرتی خراپیان

لەسەر خاکەکە بڵاو کردەوە، ئەو پیاوانە لەبەردەم خوداوەند بە دەرد مردن، لەبەر بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی خراپ لەسەر خاکەکە، بەڵام یەشوعی کوڕی نون و کالێبی کوڕی یەفونە لەو پیاوانە بوون کەوا بۆ سیخوڕیی خاکە چووبوون و ژیان.

کاتێک موسا باسی ئەم قسانەی بۆ هەموو نەوەی ئیسرائیل کرد، گەل دەستیان کرد بە شیوەن. ئینجا بەیانی زوو هەڵستان و چوونە سەرەوە بەرەو بەرزاییەکانی ناوچە شاخاوییەکە و وتیان: (ئەوەتا ئێمە دەچینە ئەو شوێنەی خوداوەند بەڵێنی داوە، چونکە ئێمە گوناهمان کرد.) موساش وتی: (بۆچی لە فەرمانی خوداوەند دەردەچن، ئەمە سەر ناگرێت! مەڕۆن، چونکە خوداوەند لەنێوتاندا نییە نەوەک لەبەردەم دوژمنتان ببەزن، چونکە عەمالێقییەکان و کەنعانییەکان لەوێن، لەپێشتانن و بە شمشێر دەکەون، ئێوە لە خوداوەند هەڵگەڕانەوە و خوداوەند لەگەڵتاندا نابێت.) بەڵام ئەوان خۆیان هەڵکێشا و بەرەو بەرزاییەکانی ناوچە شاخاوییەکە سەرکەوتن، نە سندوقی پەیمان و نە موساش لەناوەندی ئۆردوگاکە دەرنەچوون. جا عەمالێقییەکان و کەنعانییەکانی نیشتەجێی ئەو ناوچە شاخاوییانە هاتنە خوارەوە و لێیان دان و شکاندنیان، تا (حۆرما).

ئاو لە تاشەبەردەکەوە — ئامارەکان ٢٠: ١- ١٣

ئینجا نەوەی ئیسرائیل، هەموو کۆمەڵەکە هاتنە چۆڵەوانی چن لە مانگی یەکەمدا و گەل لە قادێش چادریان هەڵدا و لەوێدا مریەم مرد و لەوێش نێژرا.

ئاو نەبوو بۆ کۆمەڵ، جا دژ بە موسا و هارون کۆبوونەوە و گەل کردیان بە دەمەقاڵێ لەگەڵ موسادا و لەگەڵیدا دووان و وتیان: (خۆزگە وەک براکانمان لەبەردەم خوداوەند لەناو بچووینایە، بۆچی کۆمەڵی خوداوەندتان هێنایە ئەم چۆڵەوانییە تا تێیدا خۆمان و ئاژەڵە ماڵییەکانمان بمرین؟ هەروەها بۆچی ئێمەتان لە میسر دەرهێنا؟ تا بمانهێنن بۆ ئەم شوێنە خراپە! ئێرە شوێنی دانەوێڵە و هەنجیر و مێو و هەنار نییە و ئاوی خواردنەوەشی لێ نییە.) جا موسا و هارون لەبەردەم کۆمەڵەوە هاتنە لای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن و بەسەر ڕوویاندا کەوتن و شکۆمەندی خوداوەندیان بۆ دەرکەوت. خوداوەندیش لەگەڵ موسادا دووا و فەرمووی: (گۆچانەکە ببە و کۆمەڵ کۆبکەوە، تۆ و هارونی برات لەبەرچاویاندا بە تاشەبەردەکە بڵێن تا ئاوەکەی بدات، جا لە تاشەبەردەکەوە ئاویان بۆ دەردەچێت و کۆمەڵ و ئاژەڵە ماڵییەکانیان ئاو دەدەیت.) موساش گۆچانەکەی لەبەردەم خوداوەندەوە برد وەک فەرمانی پێ کرد.

موسا و هارون جەماوەریان لەپێش تاشەبەردەکە کۆکردەوە و پێی وتن: (گوێ بگرن ئەی هەڵگەڕاوەکان، ئایا لەم بەردەوە ئاوتان بۆ دەربهێنین؟) موسا دەستی بڵندکرد و بە گۆچانەکەی دوو جار لە تاشەبەردەکەی دا، جا ئاوێکی زۆر دەرچوو و کۆمەڵ و ئاژەڵە ماڵییەکانیشیان لێیان خواردەوە. بەڵام خوداوەند بە موسا و هارونی فەرموو: (لەبەر ئەوەی باوەڕتان بە من نەکرد تا پیرۆزیم نیشان بدەن لەبەرچاوی نەوەی ئیسرائیل، بۆیە ئەم کۆمەڵە نابەنە ناو ئەو خاکەی پێم داون.) ئەمە ئاوی مەریبایە کەوا نەوەی ئیسرائیل لەگەڵ خوداوەنددا دەمەقاڵێیان کرد و ئەویش لە نێویاندا پیرۆزی خۆی نیشان دان.

ئەدۆم ڕێگا بە ئیسرائیل نادات — ئامارەکان ٢٠: ١٤-٢١

ئینجا موسا لە قادێشەوە چەند نێردراوێکی بۆ لای پاشای ئەدۆم نارد: (ئیسرائیلی برات ئاوا دەڵێت، تۆ بە هەموو ناخۆشیەکانت زانی کە تووشمان هات، باوکانمان چوونە میسر و ڕۆژانێکی زۆر لە میسر ماینەوە و میسرییەکان ئێمە و باوکانی ئێمەیان زەلیل کرد، جا هاوارمان بۆ خوداوەند کرد و گوێی لە دەنگمان بوو و فریشتەیەکی نارد و لە میسر دەری‌هێناین. (ئێستا ئێمە لە قادێشین کە شارێکە لە سنووری خاکەکەت، ڕێمان بدە بە خاکەکەتدا تێپەڕین، نە بە کێڵگەیەکدا دەڕۆین و نە بە ڕەزێکدا و نە ئاوی بیرێک دەخۆینەوە، لە ڕێگای پاشا دەڕۆین و نە بەلای ڕاست لا دەدەین و نە بەلای چەپ تا لە

خاکەکەت دەردەچین.) بەڵام ئەدۆم پێی وت: (بە خاکەکەماندا ناڕۆیت، ئەگینا بە شمشێرەوە دژت دەردەچم.) نەوەی ئیسرائیلیش پێیان وت: (بە ڕاستە ڕێدا دەڕۆین و ئەگەر خۆمان و ئاژەڵەماڵییەکانمان لە ئاوی تۆمان خواردەوە ئەوا نرخەکەی دەدەم، هیچی دیکە ناکەین تەنها بە پێیەکانم تێ دەپەڕم.) ئەوانیش وتیان: (تێپەڕ نابیت.) ئینجا ئەدۆم بە سوپایەکی گەورە و دەستێکی توندەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەرچوو. ئەدۆم ڕازی نەبوو ئیسرائیل بە خاکی ئەو تێپەڕ بێت، ئیسرائیلیش لای دا لێی.

ئامارەکان **٢٠: ٢٢-٢٨** مردنی هارون

جا نەوەی ئیسرائیل هەموو کۆمەڵ لە قادێشەوە کۆچیان کرد و هاتنە (کێوی هۆر)، خوداوەندیش لە کێوی هۆر لەسەر سنووری خاکی ئەدۆمدا لەگەڵ موسا و هاروندا دووا و فەرمووی: (هارون دەچێتە پاڵ گەلەکەی، چونکە ناچێتە ناو ئەو خاکەی بە نەوەی ئیسرائیلم داوە، چونکە ئێوە لەلای ئاوی مەریبا لە فەرمانم یاخی بوون. هارون و ئێلیعازەری کوڕی ببە سەر کێوی هۆر و جلەکانی هارون لەبەری دابکەنەوە و لەبەر ئێلیعازەری کوڕی بکە، جا هارونیش دەچێتە پاڵ گەلەکەی و لەوێ دەمرێت.) موساش ئاوای کرد وەک خوداوەند فەرمانی دا و لەبەرچاوی هەموو کۆمەڵ بەسەر کێوی هۆر کەوتن. ئینجا موسا جلەکانی لەبەر هارون داکەند و لەبەر ئێلیعازەری کوڕی کرد، هارونیش لەوێ لەسەر لووتکەی کێوەکە مرد، ئینجا موسا و ئێلیعازەر لە کێوەکە هاتنە خوارەوە. کاتێک هەموو کۆمەڵ بینییان هارون مرد، هەموو ماڵی ئیسرائیل سی ڕۆژ بۆ هارون گریان.

ئامارەکان **٢١: ٤-٩** موسا مارێک لە مس دروست دەکات

ئینجا لە کێوی هۆرەوە بە ڕێگای دەریای سوف کۆچیان کرد تا بە خاکی ئەدۆمدا بسوڕێنەوە، جا گەل لە ڕێگادا سەبریان بڕا. گەل دژ بە خودا و بە موسا قسەیان کرد و وتیان: (بۆچی لە میسر دەرتانهێناین تا لە چۆڵەوانی بمرین؟ چونکە نە نان هەیە و نە ئاو! و ئەم خواردنە بێ تامەمان لەبەرچاو کەوتووە.) خوداوەندیش ماری ژەهراوی بۆ سەر گەل نارد و بە گەلیانەوە دا و خەڵکێکی زۆر لە ئیسرائیل مردن. ئینجا گەل هاتنە لای موسا و وتیان: (گوناهمان کرد کە دژ بە خوداوەند و بە تۆ قسەمان کرد، جا بۆ خوداوەند نوێژ بکە تا ئەو مارانەمان لەسەر هەڵبگرێت.) موساش لە پێناوی گەل نوێژی کرد. خوداوەندیش بە موسای فەرموو: (مارێکی ژەهراوی دروست بکە و لەسەر دارێک دای بنێ، جا هەر یەکێک پێیەوەدرا و تەماشای کرد دەژیێت.) موساش مارێکی لە مس دروستکرد و لەسەر داری دانا، ئەوە بوو هەر کاتێک یەکێک مار پێوەی دا و تەماشای مارە مسەکەی دەکرد دەژیا.

ئامارەکان **٢٥: ١-٩** مۆئاب کوڕانی ئیسرائیل هەڵدەخەڵەتێنێت

ئینجا ئیسرائیل لە (شەتیم) چادریان هەڵدا و گەل دەستیان کرد بە بەدڕەوشتیجنسکردن لەگەڵ کچانی مۆئاب، ئەوانیش گەلیان بانگکرد بۆ قوربانییە سەربڕاوەکانی خوداکانیان و گەلیش خواردی و کڕنۆشی بۆ خوداکانیان برد و ئیسرائیل بە (بەعل پەعۆر)ەوە جووت بوو، جا تووڕەیی خوداوەندیش بەسەر ئیسرائیلدا جۆشا. ئینجا خوداوەند بە موسای فەرموو: (هەموو ڕابەرانی گەل ببە و بۆ خوداوەند بەرامبەر بە خۆر ڕایان بگرە، ئەوسا کوڵی تووڕەیی خوداوەند لەسەر ئیسرائیل دەگەڕێتەوە.) موساش بە دادوەرانی ئیسرائیلی وت: (هەریەکە لە پیاوەکانی خۆی ئەوانە بکوژێت کەوا بە بەعل پەعۆرەوە جووت بوون.)

لەو کاتەدا پیاوێک هات کە لە نەوەی ئیسرائیل بوو و ژنێکی میدیانی هێنایە ناو کەسوکارەکەی، لەبەرچاوی موسا و هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل کە لەلای دەروازەی چادری چاوپێکەوتن دەگریان. کاتێک فینەحاسی کوڕی ئێلیعازەری کوڕی هارونی کاهین ئەمەی بینی، لەنێو کۆمەڵەکە هەڵستا و دەستی دایە ڕمێک و بەدوای پیاوە ئیسرائیلییەکەدا چووە ژووری ناوەوە و کردی بە هەردووکیاندا، پیاوە ئیسرائیلییەکە و بەناو سکی ژنەکەش، ئینجا دەردەکە لە نەوەی ئیسرائیل بڕایەوە. جا ئەوانەی

به دەردەکە مردن بیست و چوار هەزار بوون.

ئامارەکان **٢٧: ١٢-٢٣** موسا دەست لەسەر یەشوع دادەنێت

ئینجا خوداوەند بە موسای فەرموو: (بڕۆ سەر ئەم چیایە لە (زنجیرە چیای عەڤاریم)دا و تەماشای ئەو زەوییە بکە کەوا بە نەوەی ئیسرائیلم داوە. کاتێک تەماشایت کرد تۆش دەچیتە ڕیزی گەلەکەت، وەک هارونی برات چووە ڕیزەوە، چونکە لە چۆڵەوانی چن کاتێک کۆمەڵەکە یاخی بوون، ئێوە قسەتان شکاندم کە لەبەرچاویان پیرۆزم بکەن لە شوێنی ئاوەکە) - - کەوا ئەمەش ئاوی (مەریبای قادێش)ـە لە چۆڵەوانی چن. جا موسا لەگەڵ خوداوەنددا دووا و وتی: (کەواتە با خوداوەند خودای ڕۆحی هەموو مرۆڤەکان پیاوێک بەسەر کۆمەڵەکەوە دانێت، لەبەردەمیان بچێتە دەرەوە و بێتە ژوورەوە و بیانباتە دەرەوە و بیانهێنێتە ژوورەوە، تا کۆمەڵی خوداوەند وەک مەڕی بێ شوانیان لێ نەیێت.) خوداوەندیش بە موسای فەرموو: (یەشوعی کوڕی نون ببە، پیاوێکە ڕۆحی تێدایە و دەستی لەسەر دابنێ و لەبەردەم ئێلیعازەری کاهین و هەموو کۆمەڵەکە ڕای بگرە و لەبەرچاویان ئەرکی پێ بسپێرە، هەندێک لە دەسەڵاتی خۆتی بدەرێ تا هەموو کۆمەڵی ئیسرائیل گوێڕایەڵی ببێت، جا لەبەردەم ئێلیعازەری کاهین ڕادەوەستێت و ئەو لەبەردەم خوداوەند بەپێی حوکمی ئوریم بۆی دەپرسێت. بە قسەی ئەو دەردەچن و بە قسەی ئەو دێنە ژوورەوە، ئەو و هەموو نەوەی ئیسرائیل لەگەڵی.) جا موسا وەک خوداوەند فەرمانی پێ کرد، ئاوای کرد، یەشوعی برد و لەبەردەم ئێلیعازەری کاهین و لەبەردەم هەموو کۆمەڵەکە ڕای گرت و دەستی لەسەر دانا و ئەرکی پێ سپارد وەک خوداوەند فەرمانی دا بەهۆی موساوە.

ئامارەکان **٣٣: ٥٠-٥٦**

خوداوەند لە دەشتی مۆئاب لەسەر کەناری ڕووباری ئوردون بەرامبەر ئەریحا لەگەڵ موسادا دووا و فەرمووی: (لەگەڵ نەوەی ئیسرائیلدا بدوێ و پێیان بڵێ، "کاتێک ئێوە لە ڕووباری ئوردون دەپەڕنەوە بۆ خاکی کەنعان، ئینجا هەموو دانیشتووانی خاکەکە لەپێش خۆتان دەردەکەن و هەموو بتەکانیان لەناودەبەن و هەموو بتە دارژاوەکانیان لەناودەبەن و هەموو بەرزاییەکانیان تێکدەدەن. خاوەنێتی خاکەکە دەکەن و تێیدا نیشتەجێ دەبن، چونکە من خاکەکەم پێداون تا ببنە خاوەنی و میراتگری خاکەکە دەکەن بە تیروپشک بەگوێرەی خێڵەکانتان، زۆرەکان میراتیان زۆر دەکەن و کەمەکان میراتیان کەم دەکەن، لەکوێ تیروپشکی بۆ دەرچوو ئەوێ بۆ ئەوە، بەگوێرەی هۆزەکانی باوکانتان میراتگری دەکەن. ("ئەگەر دانیشتووانی خاکەکەش لەپێش خۆتان دەرنەکەن، ئەوا ئەوانەی دەیانهێڵنەوە دەبنە چقڵ لە چاوتان و دڕک لە کەلەکەتان و لەو خاکەی تێیدا نیشتەجێن تەنگتان پێ هەڵدەچنن، جا بە ئێوەی دەکەم، ئەوەی بەتەمام بەوانی بکەم.")

وتەکان **٣١: ١-٨** یەشوع جێگەی موسا دەگرێتەوە

جا موسا ڕۆیشت و بەم وشانە لەگەڵ هەموو نەوەیئیسرائیلدا قسەی کرد و پێی وتن: (من ئەمڕۆ تەمەن سەد و بیست ساڵانم، ئیتر توانای چوونەدەرێ و هاتنەژوورێم نەماوە و خوداوەندیش پێی فەرمووم، "لەم ڕووباری ئوردونە مەپەڕەوە." خوداوەند خوداتان لەپێشتانەوە دەپەڕێتەوە، خۆی ئەو نەتەوانە لەپێشتانەوە لەناودەبات و ئێوەش دەبنە میراتگریان. یەشوع لەپێشتانەوە دەپەڕێتەوە وەک خوداوەند فەرمووی. هەروەها خوداوەند چی بە سیحۆن و عۆگ و بە خاکەکەیان کرد، دوو پاشاکەی ئەمورییەکان، کە لەناوی بردن ئاواش بەوان دەکات. جا کاتێک خوداوەند ئەوانی خستە دەستتان بەگوێرەی هەموو ئەو فەرمانانەی فەرمانم پێتان کرد، ئاوایان لێ دەکەن. بەهێز بن و ئازا بن، لێیان مەترسن و مەتۆقێن، چونکە خوداوەند خوداتان لەگەڵتان دەڕوات، پشتگوێتان ناخات و وازتان لێ ناهێنێت.)

جا موسا یەشوعی بانگ‌کرد و لەبەرچاوی هەموو ئیسرائیلدا پێی وت: (بەهێزبە و ئازابە، چونکە تۆ لەگەڵ ئەم گەلە دەچیتە ناو ئەو خاکەی خوداوەند سوێندی بۆ باووباپیرانیان خوارد کەوا بیانداتێ و تۆش بۆیانی دابەش دەکەیت وەک میراتیان، خوداوەندیش خۆی لەپێشتەوە دەڕوات، ئەو لەگەڵت دەبێت، پشتگوێت ناخات و وازت لێ ناهێنێت، مەترسە و ورە بەر مەدە.)

وتەکان ۳۱: ۹-۱۳ خوێندنەوەی شەریعەت

ئینجا موسا ئەم فێرکردنەی نووسی و دایە دەستی کاهینەکان، کەوا نەوەی لێڤین و هەڵگری سندوقی پەیمانی خوداوەندن، لەگەڵ هەموو پیرانی ئیسرائیلدا. موسا فەرمانیشی پێکردن و وتی: (لە کۆتایی حەوت ساڵەکە، لە کاتی ساڵی بەتاڵکردنەوەی قەرزەکان، لە جەژنی کەپرەشینەدا، کاتێک هەموو ئیسرائیل دێن تا لەبەردەم خوداوەند خودات دەربکەون لەو شوێنەی کەوا هەڵی دەبژێرێت، ئەم فێرکردنە لە بەرامبەر هەموو ئیسرائیلدا لە گوێیان دەخوێنەوە. گەل کۆبکەنەوە، پیاو و ئافرەت و منداڵ و ئەو نامۆیانەش کە لە شارەکانتانە تا گوێ بگرن و فێر بن لە خوداوەند خوداتان بترسن و هەموو وشەکانی ئەم فێرکردنە بپارێزن و کاری پێ بکەن. هەروەها منداڵەکانیشیان کەوا ئەم فێرکردنەیان نەزانیوە، گوێ دەگرن و فێر دەبن لە خوداوەند خوداتان بترسن، بە درێژایی ئەو ڕۆژانەی لەسەر ئەو زەوییە دەژین کەوا ئێوە لە ڕووباری ئوردون بۆی دەپەڕنەوە تا دەستی بەسەردا بگرن.)

وتەکان ۳۱: ١٤-۲۹ پێشبینی یاخیبوونی ئیسرائیل

خوداوەند بە موسای فەرموو: (ئەوەتا ڕۆژانت لە مردن نزیک بۆتەوە، یەشوع بانگ بکە و لەناو چادری چاوپێکەوتندا بوەستن تا ئەرکی پێ بسپێرم.) جا موسا و یەشوع چوون و لەناو چادری چاوپێکەوتندا وەستان. ئینجا خوداوەند لە ستوونی هەورێک دەرکەوت و ستوونی هەورەکە لە دەروازەی چادرەکە وەستا.

خوداوەند بە موسای فەرموو: (ئەوەتا تۆ لەگەڵ باووباپیرانت سەر دەنێیتەوە، جا ئەم گەلە هەڵدەستن و لەشفرۆشی دەکەن لەگەڵ خودا بیانییەکان لەو خاکەی ئەوان دەچنە ناوی لەنێویان و وازم لێ دەهێنن و ئەو پەیمانەم دەشکێنن کە لەگەڵیان بەستوومە. جا لەو ڕۆژەدا تووڕەییم بەسەریاندا گڕ دەگرێت و وازیان لێ دەهێنم و ڕووی خۆمیان لێ دەشارمەوە و دەبنە خۆراک و خراپەی زۆر و ناخۆشییان تووش دەبێت، تا لەو ڕۆژەدا دەڵێن، "ئایا لەبەر ئەوە نییە کەوا خودامان لە نێوماندا نییە ئەم خراپانەمان تووش دەبێت؟" منیش لەو ڕۆژەدا ڕووی خۆم دەشارمەوە لەبەر هەموو ئەو خراپەیەی کەوا کردیان و کە دوای خودای دیکە کەوتن.

(ئێستاش ئەم گۆرانییە بۆ خۆتان بنووسن و نەوەی ئیسرائیلیشی پێ فێر بکەن، بیخەنە دەمیانەوە تا ئەم گۆرانییە ببێتە شایەت بەسەر نەوەی ئیسرائیلەوە، چونکە من دەیانبەمە ناو ئەو خاکەی سوێندم بۆ باووباپیرانیان خوارد، ئەوەی شیر و هەنگوینی لێ دەڕژێت، جا دەخۆن و تێر دەبن و قەڵەو دەبن و ئینجا دوای خودای دیکە دەکەون و دەیپەرستن و پشتم لێ دەکەن و پەیمانەکەم دەشکێنن. جا کاتێک تووشی خراپەی زۆر و ناخۆشی هاتن، ئەم گۆرانییە وەک شایەت وەڵامیان دەداتەوە، چونکە لە دەمی نەوەکەیان لەبیر ناکرێت، من دەزانم ئەوان ئەمڕۆ بیر لە چی دەکەنەوە، بەر لەوەی بیانبەمە ناو ئەو خاکەوە وەک سوێندم خوارد.) جا موسا لەو ڕۆژەدا ئەم گۆرانییەی نووسی و نەوەی ئیسرائیلیشی پێ فێرکرد.

ئینجا فەرمانی بە یەشوعی کوڕی نون کرد و فەرمووی: (بەهێزبە و ئازابە، چونکە تۆ نەوەی ئیسرائیل دەبەیتە ناو ئەو خاکەی لەسەری سوێندم بۆیان خوارد و منیش لەگەڵت دەبم.)

جا کاتێک موسا لە نووسینی وشەکانی ئەم فێرکردنە لە پەڕتووکێکدا بە تەواوی تەواو بوو، موسا فەرمانی بە لێڤییەکانی

هەڵگرانی سندوقی پەیمانی خوداوەند کرد و وتی: (ئەم پەڕتووکی تەوراتە ببەن و لە تەنیشت سندوقی پەیمانی خوداوەند خوداتان دایبنێن، تا لەوێ بێت وەک شایەتی بەسەرتانەوە، چونکە من یاخیبوون و کەللەڕەقیتان دەزانم، ئەوەتا من ئەمڕۆ هێشتا زیندووم لەگەڵتان‌دا و ئێوەش بەربەرەکانی خوداوەند دەکەن، جا باشە دوای مردنم چی دەکەن! هەموو پیرانی هۆزەکانتان و کوێخاکانتانم بۆ کۆبکەنەوە، تا ئەم وشانەیان بخەمە گوێ و ئاسمان و زەوی بکەم بە شایەتی بەسەریانەوە، چونکە دەزانم ئێوە دوای مردنم بە تەواوی گەندەڵ دەبن و لادەدەن لەو ڕێگایەی فەرمانم پێکردوون و لە ڕۆژانی کۆتایی‌دا تووشی خراپە دەبن، چونکە لە بەرامبەر خوداوەند خراپە دەکەن، تا بە کردارەکانی دەستتان پەستی بکەن.)

وتەکان ٣١: ٣٠ — ٣٢: ٤٧ گۆرانی موسا

جا موسا تەواوی وشەکانی ئەم گۆرانییەی خستە گوێی هەموو کۆمەڵی ئیسرائیل: (گوێ شل‌کە ئەی ئاسمان، وا قسە دەکەم، با زەویش گوێ بگرێت لە وشەی دەمم. فێرکردنم وەک باران دەبارێت، وشەم وەک شەونم دەتکێت، وەک نمە باران بەسەر سەوزایی وەک ڕەهێڵ بەسەر گیا. چونکە ناوی خوداوەند ڕادەگەێنم، مەزنی بە خودامان ببەخشن.

(تاشەبەردە، کردارەکانی تەواوە، چونکە هەموو ڕێگاکانی دادپەروەرییە، خودایەکی دڵسۆزە، ستەمکاری تێدا نییە، ئەو ڕاستگۆ و ڕاستە. لە ڕەفتاردا گەندەڵ بوون لەگەڵ ئەو چونکە لەکەدارن، کچ و کوڕی ئەو نین، کەموکوڕییان ئەوەیە، نەوەیەکی چەوت و خوارن. ئایا بەم شێوەیە پاداشتی خوداوەند دەدەنەوە، ئەی گەلی گێل و نادانا؟ ئایا ئەو باوک و دروستکەرتان نییە، کێ دروستی کردن و پێکی هێنان؟ یادی ڕۆژی کۆن بکەنەوە، لە ساڵانی نەوەکانی پێشوو ورد بنەوە، لە باوکتان بپرسن پێتان ڕادەگەیەنێت، لە پیرانتان بپرسن پێتان دەڵێن. کاتێک هەرەبەرز نەتەوەکانی بەش بەش کرد، کاتێک نەوەی ئادەمی دابەش کرد، سنووری بۆ گەلان دانا، بەگوێرەی ژمارەی نەوەی ئیسرائیل. بەشی خوداوەند گەلەکەیەتی، یاقوب بەشی میراتییەتی.

(لە خاکێکی چۆڵ دۆزییەوە، لە چۆڵەوانییەکی ترسناک و وێران‌دا، دەوری دا و بایەخی پێی دا، وەک گلێنەی چاوی پاراستی. وەک هەڵۆ هێلانەی خۆی دەهەژێنێت، لەسەر بێچووەکانی باڵەفڕکێ دەکات، باڵەکانی لێک دەکاتەوە و دەیبات، لەسەر شاپەڕەکانی هەڵی دەگرێت. ئاوا خوداوەند بە تەنها ڕابەری کرد، هیچ خودایەکی بێگانەی لەگەڵ نەبوو. سواری بەرزاییەکانی زەوی کرد، بەروبوومی دەشتودەری خوارد، لە تاشەبەردەوە هەنگوینی دەرخوارد دا، زەیتیش لە بەردە ئەستێوە. ماستی مانگا و شیری مەڕ، لەگەڵ دوگی بەرخ و بەرانی باشان و تەگە، لەگەڵ چەوری ناوکی گەنم. تۆ لە خوێنی ترێشەوە شەرابت خواردەوە.

(جا (یەشوروون) قەڵەو بوو و جووتەی وەشاند، قەڵەو بوویت و پڕ بوویت و بە پیو داپۆشرایت. جا پشتی کردە ئەو خودایەی کەوا دروستی کردبوو و تاشە بەردی ڕزگارییەکەی ڕەت کردەوە. ئیرەییان وروژاند بە پەرستنی خودا بێگانەکانیان و بە بتە قێزەوەنەکان پەستیان کرد. بۆ ڕۆحە پیسەکان کەوا خودا نین قوربانییان سەربڕی، خودایانێک نەیانناسیون، تازەن و بەم زووانە دەرکەوتوون، باوکانتان لێیان نەترساون. ئەو تاشەبەردەی تۆی خستەوە، وازت لێهێنا، ئەو خودایەی لەدایکبوونی پێ دایت، لەبیرت کرد.

(جا خوداوەند بینیی و ڕەتی کردنەوە، لەبەر ئەوە تووڕە بوو بەهۆی کچەکانی و کوڕەکانی. فەرمووی، (ڕووی خۆم لێیان دەشارمەوە، سەیر دەکەم کۆتاییان چی دەبێت، ئەوانە نەوەیەکی هەڵگەڕاوەن، کوڕانێکن دەست پاکیان تێدا نییە. ئەوان بەوانەی خودا نین ئیرەییان وروژاندم، بە بتە پووچەکانیان پەستیان کردم، جا منیش ئیرەییان هەڵدەستێنم بەوانەی گەل نین، بە نەتەوەیەکی گێل پەستیان دەکەم. چونکە بە تووڕەییم ئاگرێک داگیرساوە، گڕ دەگرێت تا جیهانی مردووانی ژێرەوە، زەوی و خەرمانەکەی دەخوات، بناغەکانی چیاکان دەسووتێنێت.

((کارەساتیان بەسەردا کۆ دەکەمەوە، تیرەکانم لەوان‌دا دەچەقێنم. کاتێک لە برسا کەوتوون، پەکیان‌کەوتووە لەبەر درمی

فەوتێنەر و وێرانی تاڵ، ددانی دڕندە دەنێرمە سەریان، لەگەڵ ژەهری مارە خشۆکەکان. لە دەرەوە شمشێر جەرگیان دەسووتێنێت و لەناو ماڵەوەشیان تۆقین، کوڕی گەنج و پاکیزە لەناودەچن، منداڵی شیرەخۆر لەگەڵ پیاوی پیر. وتم، پەرش و بڵاویان دەکەم، یادیان لەناو خەڵکی فەرامۆش دەکەم. بەڵام لەوە ترسام کەوا دوژمن تووڕەم بکات، کەوا دوژمنانیان لەوانەیە تێنەگەن، نەوەک بڵێن، "خۆمان باڵادەست بووین،
<u>خوداوەند</u> هەموو ئەمەی نەکردووە.")

(چونکە نەتەوەیەکن ڕاوێژ لێ بڕاو، کوا تێگەیشتنیش لەناویان؟ خۆزگە دانا بوونایە و درکیان بەمە بکردبووایە، کۆتاییەکەیان لەبەرچاو دەگرت. چۆن یەکێک هەزار ڕاو دەنێت و دووان دە هەزار تێکدەشکێنن، ئەگەر تاشەبەردەکەیان نەیفرۆشتبن، <u>خوداوەند</u> بەدەستەوەی نەدابن. چونکە تاشەبەردیان وەک تاشەبەردی ئێمە نییە، تەنانەت دوژمنانیشمان دانی پێدا دەنێن. چونکە مێویان لە مێوی سەدومە و ترێیان هی باخەکانی عەمۆرایە، ترێکەیان ژەهرە و هێشووی تاڵیان هەیە. شەرابەکەیان ژەهری مارەکان و تاڵاوی ماری کۆبرا کوشندەکانە.

((ئایا ئەمە لەلای من هەڵنەگیراوە، لەناو گەنجینەکانم مۆری لێ نەدراوە؟ تۆڵەسەندنەوە هی منە، منم سزا دەدەم، لە کاتێکدا پێیان دەخلیسکێت. چونکە ڕۆژی بەڵایان نزیک بۆتەوە و چارەنوسیان بۆیان خێرایە.) چونکە <u>خوداوەند</u> حوکم بەسەر گەلی خۆیدا دەدات و لەگەڵ خزمەتکارەکانی میهرەبان دەبێت، کە دەبینێت هێزیان بەسەر چووە و نە کۆیلە و نە ئازاد کەس نەماوە. خودا دەڵێت، (کوا خوداکانیان، ئەو شاخەی پەنایان بۆ برد، ئەو خوداکانە کەوا پیوی قوربانییەکانی دەخواردن، شەرابی خواردنەوە پێشکەشکراوەکانی دەخواردنەوە؟ با هەڵبستێن و یارمەتیتان بدەن، با پارێزگاریتان بکەن!

((ئێستا ببینن، من، من ئەوم، هیچ خودایەکی دیکە نییە لەپاڵم. من دەمرێنم و دەژیێنم، بریندار دەکەم و من چاک دەکەمەوە، کەسی ناتاوانێت لە دەستم دەرباز بێت؟ من بۆ ئاسمان دەستم بەرز دەکەمەوە و دەڵێم، بە دڵنیاییەوە من زیندووم تاهەتایە، کاتێک شمشێرە درەوشاوەکەم تیژ بکەم و بۆ حوکمدان بە دەستەوەی بگرم، تۆڵە لە دوژمنانم دەکەمەوە و پاداشتی ناحەزانم دەدەمەوە. تیرەکانم بە خوێن مەست دەکەم و شمشێرەکەم گۆشت دەخوات، لە خوێنی کوژراوان و بەدیلکراوان، لە کەللەسەری ڕابەرانی دوژمن.)

(ئەی نەتەوەکان، گەلی ئەو، دڵخۆش بن، چونکە تۆڵەی خوێنی خزمەتکارانی دەکاتەوە، لە دوژمنانی تۆڵە دەکاتەوە، کەفارەتی خاک و گەلەکەی خۆی دەکات.)

جا موسا هات و هەموو وشەکانی ئەم گۆرانییەی بە گوێی گەلدا خوێند، خۆی و یەشوعی کوڕی نون. کاتێک موسا لە قسەکردن بە هەموو ئەم وشانە، بۆ هەموو ئیسرائیل تەواو بوو، پێی وتن: (دڵتان ئاڕاستەی هەموو ئەو وشانە بکەن کەوا من ئەمڕۆ شایەتی پێ دەدەم لەسەرتان، تا فەرمان بە منداڵەکانتان بکەن کە ئاگاداربن کار بە هەموو وشەکانی ئەم فێرکردنە بکەن. تەنها وشەی بێنرخ نییە بۆتان، بەڵکو ژیانتانە، بەهۆی ئەمانەوە تەمەن درێژ دەبن لەسەر ئەو خاکەی لە ڕووباری ئوردون بۆی دەپەڕنەوە تا دەستی بەسەردا بگرن.)

وتەکان **٣٢: ٤٨-٥٢** موسا لەسەر چیای نەبۆ دەمرێت

<u>خوداوەندیش</u> لە هەمان ڕۆژدا لەگەڵ موسادا دووا و فەرمووی: (سەربکەوە بۆ ناو زنجیرە چیای عەڤاریم، بۆ (چیای نەبۆ)وە کە لە خاکی مۆئابە و بەرامبەر بە ئەریحایە و لەوێوە تەماشای خاکی کەنعان بکە کە من وەک موڵک بە نەوەی ئیسرائیلی دەدەم. لەو کێوەدا کەوا بۆی سەردەکەویت بمرە و برۆ پاڵ گەلەکەتەوە، وەک چۆن هارونی برات لە کێوی هۆردا مرد و چووە پاڵ گەلەکەی، لەبەر ئەوەی ئێوە ناپاک بوون لەگەڵم لەنێو نەوەی ئیسرائیلدا لەلای ئاوی مەریبای قادێش لە چۆڵەوانی چن،

چونکە پیرۆزی منتان لەنێو نەوەی ئیسرائیلدا ڕانەگرت. جا تۆ لە بەرامبەریەوە خاکەکە دەبینیت، بەڵام ناچیتە ناو ئەوێ بۆ ئەو خاکەی بە نەوەی ئیسرائیلی دەدەم.

وتەکان **٣٣: ١-٢٩** موسا داوای بەرەکەت دەکات بۆ هۆزەکان

ئەوەش ئەو بەرەکەتەیە کەوا موسا پیاوی خودا نەوەی ئیسرائیلی پێ بەرەکەتدار کرد، بەر لە مردنی، وتی: (خوداوەند لە سیناوە هات و لە سێعیرەوە بەسەریاندا هەڵهات، لە (کێوی پاران)ـەوە درەوشایەوە و هەزاران هەزار پیرۆزی لەگەڵ بوو، لە دەستە ڕاستیشی ئاگرێگی گڕدار. هەروەها ئەی ئەوەی گەلانت خۆش دەوێت، هەموو پیرۆزەکانی لە دەستی تۆن، ئەوان لەلای پێت کڕنووش دەبەن، ڕێنمایی لە تۆ وەردەگرن. موسا فەرمانی فێرکردنی پێداین، میراتە بۆ کۆمەڵی یاقوب. لە یەشوروون بوو بە پاشا، بە کۆبوونەوەی سەرکردەکانی گەل، هۆزەکانی ئیسرائیل پێکەوە.

(با ڕەئوبێن بژییێت و نەمرێت، با پیاوەکانی کەم نەبن.)

ئەمەش بۆ یەهودا و وتی، (ئەی خوداوەند گوێ لە دەنگی یەهودا بگرە و بۆ لای گەلەکەی بیهێنە، دەستەکانی بەسە بۆی، ببە بە یارمەتیدەر دژ بە دوژمنانی!)

سەبارەت بە لێڤیش وتی: (تومیمت و ئوریمت بۆ پیاوە خۆشەویستەکەت، ئەوەی لە مەسا تاقیت کردەوە و لە ئاوی مەریبا خەباتت لەگەڵدا کرد. ئەوەی سەبارەت بە دایک و باوکی وتی، "ڕەچاوم نەکردوون،" دانی بە براکانیشی نەنا و منداڵەکانیشی نەناسی، بەڵام چاودێری وتەکانی تۆیان کرد و پەیمانەکەی تۆیان پاراست. نەوەی یاقوب، فێری حوکمەکانت و نەوەی ئیسرائیلیش فێری فێرکردنەکانت دەکەن،

بۆنی بخوور دەخەنە بەردەمت و قوربانیسووتاندنی تەواو دەخەنە سەر قوربانگاکەت. ئەی خوداوەند توانای شارەزایی بەرەکەتدار بکە و بە کرداری دەستی ڕازی بە، لە ناوقەدی بەرهەڵستکارانی بدە، هەروەها ناحەزانی، تا هەڵنەستنەوە.)

بۆ بنیامینیش وتی: (ئەو خۆشەویستی خوداوەندە، بە دڵنیایی لەلای نیشتەجێ دەبێت. بە درێژایی ڕۆژ داڵدەی دەدات و لەنێو هەردوو شانیدا نیشتەجێ دەبێت.)

بۆ یوسفیش وتی: (با خاکەکەی لەلای خوداوەندەوە بەرەکەتدار بێت، بە شتە گرانبەهاکانی ئاسمان، بە شەونم، بە ئاوە قەتیس کراوەکانی خوارەوە، بە بەنرخترین بەرهەمی خۆر و بەنرخترین بەروبوومی مانگ، بە باشترین بەرهەمی چیا دێرینەکان، بە بەسوودترین گردە تاهەتاییەکان، بە بەنرخترین دیارییەکانی زەوی و پڕییەکەی، لەگەڵ ڕەزامەندی نیشتەجێی ناو دەوەنەکە، با بەسەر سەری یوسفەوە بن، بەسەر تەپڵی سەری جیاکراوە لەنێو براکانی. نۆبەرەی گایەکەی شکۆمەندییە بۆی، قۆچەکانی قۆچی کەڵە کێوین، بەوان قۆچ لە گەلان دەدات، پێکەوە تا ئەوپەڕی زەوی، ئەوان هەزاران هەزاری ئەفرایم و هەزارانی مەنەسان.)

بۆ زەبولونیش وتی: (ئەی زەبولون بە دەرچوونت دڵخۆش بە و تۆش ئەی یەساکر بە چادرەکانت، گەلان بۆ چیا بانگ دەکەن،

لەوێ قوربانی ڕاستودروستی سەردەبڕن، تا لە پڕی دەریا بمژن و لەو گەنجینەیەی لە ژێر لم شاردراوەتەوە.)

سەبارەت بە گادیش وتی: (بەرەکەتدارە ئەوەی سنووری خاکی گادی فراوان کرد! وەک شێرە مێ نیشتەجێ بوو، قۆڵی پارچەپارچە کرد لەگەڵ تەپڵی سەر، باشترین خاکی بۆ خۆی دانا، بەشی فەرماندەی بۆ خۆی هەڵگرت، کاتێک سەرانی گەل کۆبوونەوە، دادوەری خوداوەندی جێبەجێ کرد و حوکمەکانیشی لەگەڵ ئیسرائیلدا.)

بۆ دانیش وتی: (دان بەچکە شێرە، لە باشان قەڵەمباز بەرەو پێش دەدات.)

بۆ نەفتالیش وتی: (ئەی نەفتالی تێر بە لە ڕەزامەندی و پڕ بە لە بەرەکەتی خوداوەند، دەست بەسەر ڕۆژئاوا و باشووری خاکەکەت بگرە.)

بۆ ئەشیریش وتی: (ئەشیر لەنێو کوڕان خۆزگەی پێ دەخوازرێت، با لەلای براکانی پەسەند بێت، با پێی بکاتە ناو زەیت، دەروازەکانت لە ئاسن و مسن، هەموو ڕۆژانت هەنگاوەکانت ئاسوودە دەبێت.)

(خودای یەشوروون هاوتای نییە، سواری ئاسمان دەبێت بۆ یارمەتیدانت، هەروەها هەورەکان لە شکۆیی خۆیدا. خودای تاهەتایی پەناگەتە و باڵە هەمیشەییەکانیشی لە ژێرەوە. دوژمنی لەبەردەمت دەرکرد و فەرمووی، "لەناو ببە!" جا ئیسرائیل بە تەنیا و بە ئاسوودەیی نیشتەجێ دەبێت، کانی یاقوب گیروگرفتی نابێت بەرەو خاکی دانەوێڵە و شەرابی تازە دەبێت و ئاسمانەکەشی شەونم دەتکێنێت، ئەی ئیسرائیل خۆزگەت پێ دەخوازرێت، کێ وەک تۆیە، گەلێکی ڕزگار بوو لەلایەن خوداوەندەوە؟ قەڵغانی یارمەتی و شمشێری شکۆمەندیتە، جا دوژمنانت مەرایت دەکەن، تۆش بەرزاییەکانیان پێشێل دەکەیت.)

وتەکان ٣٤: ١-١٢ مردنی موسا

ئینجا موسا لە دەشتەکانی مۆئابەوە بۆ چیای نەبۆ سەرکەوت بۆ سەری پسگە، کەوا بەرامبەر ئەریحایە، جا خوداوەند هەموو خاکەکەی پیشان دا، لە گلعادەوە تا دان و هەموو نەفتالی و خاکی ئەفرایم و مەنەسا و هەموو خاکی یەهودا تا دەریای ڕۆژئاوا و نەگەڤ و چواردەوری پارچە زەوی ئەریحا، (شاری دارخورما) تا چۆعەر، خوداوەند پێی فەرموو: (ئەوە ئەو خاکەیە کە سوێندم بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب خوارد و فەرمووم، "دەیدەمە نەوەکەت." ئەوەتا بە چاوەکانی خۆت پێم پیشان دایت، بەڵام تۆ بۆ ئەوێ ناپەڕیتەوە.) جا موسای خزمەتکاری خوداوەند لەوێ مرد، لە خاکی مۆئاب بەپێی بەڵێنی خوداوەند، ئینجا لە خاکی مۆئاب لە دۆڵەکە بەرامبەر بێتپەعۆر ناشترا، و تا ئەمڕۆش کەس گۆڕەکەی پێ نازانێت. موسا تەمەنی سەد و بیست ساڵان بوو کاتێک مرد، هێشتا چاوەکانی کز نەببوون و هێزی لەبەر نەبڕابوو. جا نەوەی ئیسرائیل لە دەشتەکانی مۆئاب سی ڕۆژ بۆی گریان و ڕۆژانی گریان و شیوەنی موسا تەواو بوو.

یەشوعی کوڕی نونیش پڕ ببوو لە ڕۆحی دانایی، چونکە موسا دەستی لەسەر دانابوو و نەوەی ئیسرائیل گوێیان لێ گرت و ئاوایان کرد وەک خوداوەند فەرمانی بە موسا کرد. جا لە ئیسرائیلدا هیچ پێغەمبەرێک پەیدا نەبوو وەک موسا کەوا خوداوەند ڕوو بە ڕوو ناسی، لە هەموو ئەو نیشانە و کارە سەرسوڕهێنەرانەی خوداوەند ناردی تا لە خاکی میسر بە فیرعەون و هەموو خزمەتکارەکانی و هەموو خاکەکەی بکات، هەروەها لە هەموو ئەو دەستە بەهێزە و هەموو ئەو کارە تۆقێنەرانەی موسا لەبەرچاوی هەموو ئیسرائیل کردی.

**ئازیزانی خۆشەویست، ئەگەر هەر پرسیارێك یان سەرنجێكتان هەیە دەربارى ئەم چیرۆكی، تكایە بۆمان (كۆمەلەی ڕێگای ڕاستودروستی) بنوسن بەم ئیمەیلە:** rrd2011@yahoo.com

# کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودرووستی

The Life of Moses

Sorani Old Testament (Draft)
Biblica 2011